# چاپکراوی نوێ

(دیوانی تاهیر فوئاد کەرکووکی زادە) کە بە بەرگێکیی قەشەنگ و دیزاینێکی ناوازەوە کەوتووەتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، بریتییە لە کۆکراوەی شیعرەکانی تاهیر فوئاد کەرکووکی زادە کە بە کردو کۆششی دەستەیەك لە رۆشنبیرانی کەرکووك چاپکراوەتەوە، ئەم دیوانە هەروەك لە بەراییەکەشدا هاتووە لە ساڵی **١٩٦٩** مامۆستا گیوی موکریانی یەکەم کەس بووە کە لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، بیرۆکەو کۆپی کردنی دیوانەکەی چاپی ساڵی **١٩٦٩** لەلایەن نووسەر ستار جەبارییەوەیە، تاریق کارێزی ئەرکی تایپ و هێنانە سەر رێنووسی کوردی لە ئەستۆ گرتووە، هەروەها نیگاری شاعیرو خەرجیی چاپکردن لەلایەن هونەرمەند گرفتار کاکەییەوە بووە، لە سەرەتادا کتێبەکە ئاماژە بۆ ژیاننامەی شاعیر دەکات و دواتر بە چەند لاپەڕەیەکیش باس لە شیعرەکانی دەکات لە رووی ناوەرۆك و رووخسار و وەسف و شیعری کراوە (ئیرۆتیك)و کوردایەتییەوە. لە کۆتاییدا شیعرەکانی تاهیر فوئاد کەرکووکی زادە بە گوێرەی زنجیرەی بڵاوکردنەوەیان لە (دیوانی تاهیر فوئاد) چاپی **١٩٦٩**ی چاپخانەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە رۆشنبیرانی کەرکووك دەکەین بۆ چاپکردنی ئەم کتێبە و هیواداریـن کونجێکی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردبێتەوە..



# مانگی ڕەمەزان بۆنەیەکی تایبەت و فەرزێکی ئایینیی گەورەیە

دەرچوونی ئەم ژمارەییەی گۆڤاری گوڵان هاوکاتە لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، بۆیە بەم بۆنەیەوە پر بەدڵ پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرجەم موسڵمان بەگشتی و خەڵکی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەکەین، بەو هیوایەی کە هاتنی ئەو مانگە ببێتە دەروازەی خێر و خۆشی بۆ هەموو لایەك ...

وەك ئاشکرایە کە مانگی ڕەمەزان بۆنەیەکی تایبەت و فەرزێکی ئایینی گەورەیە، پێشوازیکردن لە گەورەیی ئەم مانگە ئەرکێکی پیرۆزە و دەرفەتێکی گرنگە.. خوداپەرستی و بەرۆژووبوون و ڕووکردنە مزگەوت و ئەنجامدانی خوداپەرستیی جۆراوجۆر و گەڕانەوە بەرەو لای خودای گەورە و دەربڕینی هەستی ئیمانی و زیندووکردنەوەی ویژدان و ژیاندنەوەی چەمکە ئینسانی و ئیمانییەکان بەشێکی گرنگی ئەرکی موسڵمانانە لەو مانگە پیرۆزەدا.. بۆیە خوازیارین لە هەموو لایەك بەوپەڕی ورە و ئیمانبەرزی و ڕێزەوە لەو مانگە بڕوانن و بیکەنە وێستگە و دەرفەتێکی زێڕین بۆ بەخۆداچوونەوە و تاعەت و کۆکردنەوەی زەخیرەی قیامەت ...

لێرەشەوە داوا لە لایەنی پەیوەندار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، لە ڕێی ڕێنمایی و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ چاودێریکردنی بازاڕ و ڕێگەگرتن لە بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل و کاڵا و خواردنەمەنییەکان، چونکە قۆرغکردنی بازاڕ و گرانکردنی لەگەڵ بەهای بەرزی شەریعەت و پەیامی جوانی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز پێچەوانەیە...

دەخوازین خوداپێداوان و سەرمایەداران هەوڵی دەستگرتن و یارمەتیدانی هەژاران بدەن، بەتایبەت لە نەخۆش و خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان و لێقەوماوان، با هەمووان لەو مانگە پیرۆزەدا بە ڕووحی ئایینپەروەری و هەستی بەرزی





د. عەبدوڵلا مەلا سەعید

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

موسڵمانێتی و نەتەوەییەوە خەمی گشتی لە بەر چاو بگرین و یەکڕیزی و تەبایی و برایەتی بکەینە هەوێنی هەنگاوەکانمان، دڵنیاشین کەوا مامۆستایانی ئاینی لە شرۆڤەی مانا و واتا و گەورەیی و وانە روحی و پەروەردەییەکانی رەمەزان درێغی ناکەن و خزمەتێکی شایستە بە رۆژوگران دەکەن ...

لە رووی سیاسییەوە دەسپێکی رەمەزان دەسپێکێکی خێر و خۆشی بوو، رۆژێك پێش رەمەزان پارتی و یەکێتی رێکەوتننامەیان واژۆ کرد، کە کۆبونەوەی پەرلەمان و پەسندکردنی پرۆژە یاسایی سەرۆکایەتیی هەرێمی بەدوای خۆیدا هێنا، ئومێدمان وایە کەوا بتوانرێت بە زووترین کات کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕابگەیەندرێت، کە ماوەیەکی زۆرە خەڵکی هەرێمی کوردستان بەو پەڕی پەرۆشییەوە و بە ئارامیەکی زۆرەوە چاوەڕوانی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتن، بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بدرێت و باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بکرێت .. رەمەزان مانگی پەروەردەییە بۆ پەروەردەکردنی ناخی مرۆڤەکان بە گیانی برایەتی و تەبایی و یەکتر قەبوڵکردن، بەتایبەتی لە رۆژگاری ئیمڕۆی کوردستاندا کە بە شێوەیەکی کردارەکی بۆمان روون بووەوە کە تەنیا و تەنیا بە برایەتی و یەکترقەبوڵکردن و یەکڕیزیی حزب و لایەنە سیاسییەکان دەتواندرێت ئایندەیەکی باشتر بۆ کوردستان و ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ کوردستانیان مسۆگەر بکرێت...

جارێکی دیکە پیرۆزبایی لەگشت لایەك دەکەین و ئومێدەوارین مانگی رەمەزان ببێتە مایەی خێر و بەختەوەری بۆ تێکڕای موسڵمانان بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی.




## شەوکەتی مەلا سمایل

له دیدارێكی تایبەتدا بۆ گوڵان:

# من پارتی نەبووم بەڵام مستەفا بارزانیم بە رێبەری شۆرشی کوردستان دەزانی

## له سەرەتای ساڵی (١٩٦٢)ەوە باڵی مەكتەبی سیاسی خەریكی نانەوەی دووبەرەكی و جیاكردنەوەی بادینان و سۆران بوون له یەكتری

شەوكەتی مەلا سمایل، ناوێكی دیاری شۆڕشی ئەیلوول و بزاڤی رزگاریخوازیی كورده بە رێبەرایەتیی مستەفا بارزانی، لە نزیكەوە ئاگاداری چۆنیەتیی ئیدارەكردنی خەبات و رابەرایەتیی شۆڕش و بڕیارەكانی بارزانیی نەمر بووە. ساڵی ١٩٦٠ كاتێك لە كۆلێژی پۆلیس بووە لە بەغدا، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە كردووە، دوای دەرچوونی بە پلەی یەكەم لە كۆلێژی پۆلیس، كاندید بووە بۆ تەواوكردنی خوێندن لە دەرەوەی وڵات، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەفسەرێكی كورد بووە، رێگرییان لێ كردووە، دواتر پۆستی بریكاری بەڕێوەبەری پۆلیسی وەرگرتووە. هەر بە هۆی هۆگریی بۆ خەباتی نەتەوەیی و رێبازی بارزانی دەستبەسەر كراوە و لەكاتی گواستنەوەی بۆ دادگای مووسڵ، لە لایەن هێزێكی پێشمەرگەوە رزگار كراوە. دواتر خۆی و هەموو ئەزموونی تەكنەلۆژیای سەربازیی خۆی خستووەتە خزمەت شۆڕش و رۆڵی بەرچاوی لە پووچەڵكردنەوەی تاكتیك و پیلان و هێرشەكانی سەربازیی حكومەتەكانی عێراق لە دژی شۆڕشی ئەیلوول هەبووە، لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، راشكاوانە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە كە مێژوویەكی درەوشاوەیان بۆ پارتی و گەلی كوردستان دروست كردووە، هاوكات پەنجە لەسەر كەموكورتییەكانی قۆناغە جیاوازەكانی شۆڕش دادەنێت.



*** لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٠ کۆلێژی پۆلیست لە بەغدا تەواو کرد و، پاشان بە پلەی بریکاری بەڕێوەبەری پۆلیس لە هێزی پیادەی گەڕۆك بوویتە فەرمانەدەی فەسیل، تا چەند لەو پۆستەدا مایتەوە و، کەی و چۆن پەیوەندیت بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کرد؟**

- پێش ئەوەی باس لەوە بکەم چۆن دوای دەرچوونم لە کۆلێژی پۆلیس پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کرد، دەخوازم ئەوە بڵێم: من لەو سەردەمەی کە قوتابی بووم لە کۆلێژی پۆلیس، ئەندامی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیی عێراق بووم، لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم، ئێمە بە ئاشکرا کارمان دەکردو بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆلێژی پۆلیس و قوتابخانەکانی پۆلیس بووم و پشتگیریمان لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دەکرد، ڕاشکاوانەتر ئەوکات حزبی شیوعی پێی وابوو کە حزب خۆی لە حکومەتدایە و پێویست ناکات هەوڵی ئەنجامدانی کودەتا بدات. ئەوکات من پەیوەندیی ڕێکخستنی سیاسیم لەگەڵ عەبدوللەتیف حاج (برای عەزیز حاج) بوو. هەروەها پەیوەندیی ڕێکخستنی سەربازیشم لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسدا بوو، لەهەمانکاتیشدا خۆشەویستییەکی زۆریشم بۆ مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، کە لەو کاتەدا تازە لە یەکێتیی سۆڤیەت گەڕابووەوە. ئەوکات وەك لاوێك من بەو شێوەیە سەیری مەلا مستەفام دەکرد لەبەر ئەوەی چووە بۆ سۆڤیەت، ئەوا حەتمەن بۆتە شیوعی، بەڵام لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو کاتێك عەبدولکەریم قاسم بە ئاراستەیەکی ناڕاست بەرامبەر کوردستان ڕەفتاری کردو سەرەتای جووڵانەوەیەك لە کوردستان دەستی پێکرد، دەنگۆیەك لەناو حزبی شیوعیدا دروست بوو، بەوەی گوایە جووڵانەوەیەك پەیدابووە و سەر بە ئینگلیزە و هەموویان فیوداڵن و دژی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵین. من لە ناخی دڵەوە بێتاقەت و نیگەران دەبووم، لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوایەتیم لە هەستە ئایدیۆلۆژییەکەم بەرزتر بوو، ئەمە وایکرد زیاتر هەوڵبدەم کە لەو جووڵانەوەیە نزیك ببمەوە کە مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکرد، ئەمەش بەو مانایەی هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ـەوە ئیدی کێشمەکێش لەنێوان حکومەتی قاسم و مەلا مستەفا بارزانی دروست بوو، هەر بۆیە دوای ئەوەی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٠ کۆلێژی پۆلیسم لە بەغدا تەواوکرد، لەبەر ئەوەی بە پلەیەکی بەرز سەرکەوتوو بووم، کاندید بووم بۆ ئەوەی بمنێرن بۆ خولی سکۆتلاندیار و لەوێ خوێندن تەواو بکەم، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە تەممووزی هەمان ساڵدا تاقیکردنەوەی لێهاتوویيم لە زمانی ئینگلیزی ئەنجام دا و لەم تاقیکردنەوەیەشدا دەرچووم، بەڵام لەبەر ئەوەی من ئەفسەرێکی کورد بووم، نەیانویست بمنێرن بۆ تەواوکردنی خوێندن، لەبەر ئەوەشی یەکەم بووم و نەیاندەتوانی کەسی دیکە بنێرن، ئەوا ئەو ناردنەیان هەر ڕەتکردەوە، پاش ئەوە ئیدی وەك هەر دەرچوویەکی دیکەی کۆلێژی پۆلیس، منیش بە پلەی معاونی بەڕێوەربەری پۆلیس لە هێزی گەڕۆك بوومە ئەفسەر، ئەو کات فەوجەکەمان لە بەغدا بوو، بەڵام پاش ماوەیەك فەوجەکەمان گواسترایەوە بۆ مووسڵ، لەوێشەوە خۆم و فەسیلەکەم نێردراین بۆ (هەرن) لە نزیك ناحیەی (بیرە کەپرە) لەسەر ڕووباری شین (زێی گەورە)، ئەوجا بە گوێرەی ئەو ڕێنماییە سەربازییانەی بە ئێمە درابوو، دەبوو ڕووی سەنگەرەکانمان بەرەو (بارزان) بوایە، بەڵام بە شێوەیەکی تەکتیکی ئەو فەرمانەم وەك خۆی جێبەجێ نەکرد و لە ڕۆژئاوای گوندی (هەرن) سەنگەرەکانم بە جۆرێك دروستکرد، کە پشتی سەنگەرەکانم کردبووە ناوچەی بارزان، لەمەش زیاتر بە ڕێگەی مەلای گوندی (هەرن) کە جارجار سەردانی بارزانی دەکرد، نامەیەکی زارەکیم بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان نارد و پێم ڕاگەیاند کە من کوردم و خەڵکی سلێمانیم، هەتا من لەو شوێنە بم، دەبێت ئەو وەك هێزێکی دۆست سەیری ئەو هێزەی (هەرن) بکات، نەك هێزێکی سەر بە حکومەت. لەو ماوەیەی کە هێزەکەمان لە گوندی (هەرن) بوو، هەتا کۆتایی مانگی ١١ی ساڵی ١٩٦١ کە جارێکی دیکە فەوجەکەمان گواسترایەوە بۆ (زاویتە)ی سەر بە پارێزگای دهۆکی ئێستا، من بە ڕێگەی برادەرێکی خۆشەویستم کە ئەندازیار بوو و ناوی مستەفا سلێمان بوو، داوام لێکرد، هەر چۆنێك بێت نامەیەکم بۆ پەیدا بکات، بۆ ئەوەی کاتێك دەچمە ناو شۆڕشەوە متمانەم هەبێت، ئەویش

**تێگەیشتن و دووربینیی مەلا مستەفا بارزانی بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش و بیرکردنەوەی بۆ پاراستنی میللەت، تەنیا بیرکردنەوەی فەرماندەیەکی سەربازی نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی ڕێبەرێکە کە دەتوانێت ئایندەی نەتەوەکەی بە گەشی دیاری بکات**

**بە گوێرەی ئەو ڕێنماییە سەربازییانەی بە ئێمە درابوو، دەبوو ڕووی سەنگەرەکانمان بەرەو (بارزان) بوایە، بەڵام بە شێوەیەکی تەکتیکی ئەو فەرمانەم وەک خۆی جێبەجێ نەکرد و لە ڕۆژئاوای گوندی (هەرن) سەنگەرەکانم بە جۆرێک دروستکرد، کە پشتی سەنگەرەکانم لە ناوچەی بارزان کردبوو**

**شەوی ٦ لەسەر ٧ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٦١ پەیوەندیم بە شۆڕشی کوردستانەوە کردو پاشان لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە چووین بۆ سەر چیای (کەمەکە) لە بەرواری باڵا، کە بێجگە لە عەلی عەسکەری، هەر یەکە لە تۆفیق بەگی بەرواری و ئەشرەف ئامێدی لەوێ بوون**

زۆر مەردانە خۆی گەیاندبووە بەغدا و چووە لای خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە ئەو کات لە بەغدا خۆی لە میری شاردبووەوە، نامەیەکی بۆ لێ وەرگرتبووم کە نامەکە ڕاستەوخۆ ئاراستەی عەلی عەسکەری کرابوو، ئەوکات عەلی عەسکەری لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بوو، هەروەها ناوە نهێنییەکەشی (شاڵاو) بوو. ئەوکات نامە نهێنییەکان لەسەر کاغەزێکی زۆر تەنك و نەرم دەنووسراون و دەتوانرا بە شێوەیەك بچووك بکرێنەوە، کە لە شخارتەیەکدا جێگەی ببێتەوە، منیش لەگەڵ ئەوەی جگەرەخۆریش نەبووم بەڵام نامەکەم خستبووە ناو شخارتەیەك و بەردەوام ئەو شخارتەیەم پێ بوو. بۆیە کە لە گوندی (هەرن)ـەوە گواسترامەوە بۆ (زاویتە)، من نامەکەم پێ بوو، بۆ دەرفەتێك دەگەڕام کە بۆم هەڵبکەوێت و خۆم بگەیەنمە هێزی پێشمەرگە کە ئەوکات پێیان دەگوت لەشکر. پاش ئەوەی هێزەکەمان جووڵەی کرد، لە ناخی خۆمدا بڕیاری خۆم یەکلاکردبووەوە کە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەم، بۆیە کاتێك کۆشکی مەلیك فەیسەڵی دووەم کرا بە بارەگای فەوج، پاش ئەوەی تەقە دەستی پێکرد، منیان لەگەڵ ٤٠ پۆلیسدا نارد بۆ سەر چیای (سەنام)، بەڵام من چۆن پێشتریش لە گوندی (هەرن) پشتی سەنگەرەکانم کردبووە بارزان، بە هەمان شێوە فەرمانم بە پۆلیسەکانم دا، کە تەقە لە لەشکری شۆڕشی کوردستان نەکەن، ئەمانەیان هەموو بۆ من کردبووە ڕاپۆرت و ڕاوانەی بەغدا و مووسڵ دەکران، بۆیە کاتێك لەسەر چیای (سەنام) هاتمە خوارەوە بۆ ئەوەی پێداویستیی خۆراك و چەك بەرم بۆ سەرشاخ، لەو کاتەدا فەرماندەی فەوجەکەی خۆمم بینی و پێی وتم: چی دەکەی؟ وتم: ئەم پێداویستییانە دەبمە سەر شاخ، بەڵام ئەو وتی: تۆ بڕۆ، من خۆم ئەو پێداویستییانەت بۆ دەنێرم، منیش پێداگریم کرد کە هەر خۆم دەیانبەم، بۆیە دەستبەسەری کردم و بە هەڵگەڕاوە و یاخیبوو لە فەرمانی سەربازی تۆمەتباری کردم و فەرمانی گرتنم بۆ دەرچوو، بۆیە منیان خستە پێشی لۆرییەك و پاسەوانێك لای ڕاستم و شۆفێرەکە لەلای چەپم و سێ پاسەوانی دیکە لە پشتەوە سەرکەوتن، بۆ ئەوەی من بگوازنەوە بۆ مووسڵ و لەوێ وەك خائین دادگاییم بکەن. لەم ساتەوەختەدا من هەر بیرم لەوە دەکردەوە، بەڵکو ئەمە خوایە لەشکری کوردستان بێنە ڕێمان و لەوێ من لەگەڵیان بڕۆم، ئەم مەزندەی من هاتەدی لە نزیك گوندی (بادێ) هێزەکانی لەشکری کوردستان هاتنە سەر ڕێگامان، لەم کاتەدا ئەو پۆلیسانەی وەك پاسەوان لەگەڵ من بوون، دەستیان دایە چەکەکانیان بۆ ئەوەی تەقە بکەن، بەڵام من پێمگوتن: لەمانیش ڕزگارتان بێت، لەولاوەتر دەکەوێنە ناو هێزێکی دیکە و دەشتانکوژن، بۆیە باشترە بێ چەك دابەزنە خوارەوە، من بەڵێنیتان پێ دەدەم، ناتانکوژن و دەچنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆتان، ئەوە بوو بە قسەیان کردم و هەموومان دابەزین و بانگی پێشمەرگەکانم کرد کە زانییان کوردم، دلێرانە هاتنە پێشەوە، ئەو دوو پێشمەرگەیەش ئێستا لە یادمە کە یەکێکیان (حەسەن ستێ بامەڕنێ) بوو، ئەوی دیکەشیان (عەبدولڕەحمان بادێ) بوو، ئەوجا خۆمم پێ ناساندن کە من ئەفسەری پۆلیسم و نامەیەکم پێیە بۆ عەلی عەسکەری، ئەوانیش گوتیان کەواتە تۆ پارتیت، وتم نەخێر، لە ڕێگەی برادەرانی پارتییەوە ئەو نامەیەم وەرگرتووە، ئەو شەوەش ٦ لەسەر ٧ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٦١ بوو، من پەیوەندیم بە شۆڕشی کوردستانەوە کردو پاشان لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە چووین بۆ سەر چیای (کەمەکە) لە بەرواری باڵا، کە بێجگە لە عەلی عەسکەری، هەر یەکە لە تۆفیق بەگی بەرواری و ئەشرەف ئامێدی لەوێ بوون، هەر لەوێ نامەکەم دایە عەلی عەسکەری.

*** دیارە لەگەڵ تۆدا ئەو پێنج پۆلیسەش وەك دیل کەوتنە دەست لەشکر، چارەنووسی ئەو دیلانە بە کوێ گەیشت؟ ئایا پەیمانی خۆت بردە سەر و گیانت پاراستن؟**

- دوای ئەوەی هەندێك دانیشتین، لەوێ برادەران پێمیان گوت، ئەم پۆلیسانە چی لێ بکەین، منیش گوتم یەکێکیان بەردەستی خۆمە، بەڵام کە فەرمانی گرتنەکەم دەرچوو، هاواری بەسەرمدا دەکرد و پێی دەگوتم تۆ خائین و سیخوڕی، لەم کاتەدا عەلی عەسکەری پێی گوتم ئەوە تفەنگێك و بیانکوژە، بەڵام من چونکە پەیمانم پێدابوون، وتم: وەڵا من کەسم نەکوشتووە و کەسیش ناکوژم، لەمەش زیاتر ئەمانە بەقسەی

**(کۆتایی ساڵی ١٩٦١) ژمارەی هەموو لەشکری کوردستان ٧٢٠ پێشمەرگە بوو، کە ١٥٠ کەسیشیان بێ چەک بوون، ئەم هێزەش ڕاستەوخۆ مەلا مستەفا بارزانی ڕیبەرایەتی دەکرد**

**ڕۆژێکیان بە ڕێگەی ئامێری بێتەل حکومەت هێزەکانی خۆی ئاگادار دەکردەوە کە سبەی بە تۆپ و فڕۆکە ئەو گوندانە بۆمباران دەکات کە لەشکری کوردستان لەو ناوچانەن، کە ئەم بڕووسکەیەم برد بۆ مەلا مستەفا بارزانی، زۆری پێ خۆش بوو، فەرمووی هاووڵاتیان گوندەکان و تەواوی هێزی لەشکری کوردستان ئاگادار بکەنەوە کە بە ڕۆژ گوندەکان بەجێ بهێڵن و شەو بگەڕێنەوە**

**بەداخەوە مەکتەبی سیاسیی پارتی زۆر بێویژدانانە مامەڵەیان لەگەڵ بارزانی دەکرد و دەیانویست شۆڕشەکە پەک بخەن، نەک پشتگیریی مەلا مستەفا بارزانی بکەن بۆ ئەوەی شۆڕشەکە سەربکەوێت**

**شێوازی ڕێبەرایەتیکردنی بارزانی بۆ شۆڕشی کوردستان، هەر لە دەستپێکی شۆڕشی بارزانەوە پێش شۆڕشی ئەیلوولیش هەر بەو شێوەیە بووە کە هەرگیز ڕێگەی دانوستاندن و ئاشتی بۆ کێشەی کوردی ڕەتنەکردۆتەوە**

**بارزانی زۆر لۆژیکانە مەبەستی ئەوە بووە کە هەموو جیهان بزانێت شۆڕشی کوردستان شۆڕشێکی ئاشتیخوازانەیەو ئامانجی تەنیا بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیەکی داگیرکراوە**

**بارزانی لە وەڵامی پێشنیاری عەبدولکەریم قاسم کە لە ناوچەی بارزان گوندێکی هاوچەرخی بۆ دروست دەکەن، مانگانەش ٨٠ هەزار دیناری ئەو کاتی وەک مووچە بۆ دەبڕێتەوە و پاسەوانەکانیشی هەموویان مووچەیان دەبێت، گوتبووی: بڕۆ میللەت ڕازی بکە، ڕێگە بە حزبە سیاسییەکان بدە چالاکیی خۆیان بکەن و ڕۆژنامەگەری ئازاد بێت، ئەوکات ڕوو لە من ناکەن.**

من تەقەیان نەکردووە، بەڵام هەر هەمان شەو مەلا مستەفا بارزانی فەرمانی دا کە هەموو پۆلیسەکان ئازاد بکەین و بچنەوە ماڵی خۆیان.

*** بەپێی ئەم گێڕانەوەت، ئەو کات جەنابی مەلا مستەفا بارزانی هەر لەگەڵ ئەو لەشکرە بووە کە لەسەر چیای (کەمەکە) بوون لەناوچەی بەرواری باڵا؟**

- بەڵێ، ئەوکات (کۆتایی ساڵی ١٩٦١) ژمارەی هەموو لەشکری کوردستان ٧٢٠ پێشمەرگە بوو، کە ١٥٠ کەسیشیان بێ چەک بوون، ئەم هێزەش ڕاستەوخۆ مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکرد .

*** وەک لە یادەوەرییەکانی شۆڕشی ئەیلوولیشدا ئاماژەت پێ کردووە، لەو کاتەوەی پەیوەندیت بە شۆڕشەوە کردووە، زۆر لە مەلا مستەفا بارزانی نزیک بوویت و ڕاستەوخۆ کارت لەگەڵ کردووە، ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون کە بوونە هۆکاری ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بارزانی کاربکەیت؟**

- دوای چەند ڕۆژێك بە فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی لەشکری کوردستان لە چیای (کەمەکە) جوولاین بەرەو شوێنێکی دیکە کە (باڵتە)ی پێ دەڵێن، ئێمە لەو ناوچەیە بووین، هێزێکی گەورەی حکومەت کە پێکهاتبوو لە فەوجی یەکی زرێپۆش خۆیان ئامادەکردبوو کە هێرش بکەنە سەرمان، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشە پلانێکی سەربازی دانرابوو، کە جێبەجێکردنەکەی سپێردرابوو بە فەرماندەیەکی سەربازی کە ئەویش (نەبی سەر ئاسن) بوو، ئەم فەرماندەیە بۆ جێبەجێکردنی پلانە سەربازییەکە هات کەمینێکی بۆ هێزەکەی دوژمن دانا، هێزەکەی دوژمن کەوتە ناو ئەو کەمینەوە و زۆر خراپ شکان و جیا لەوەی ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراو، چوار ئەفسەری پۆلیس بە دیل گیران، ژمارەیەکی زۆری چەك و تەقەمەنی و چەند ئامێرێکی بێتەل دەستکەوتی شەڕەکە بوو، دیارە پێشتر ئامێری بێتەل لەناو شۆڕش نەبوو، بۆیە پێشمەرگەکان هەتا گەیشتمە لایان یەك دوو ئامێری بێتەلیان شکاندبوو، منیش پێمگوتن: بۆچی ئەم ئامێرانە دەشکێنن؟ لەوەڵامدا گوتیان: ئاخر بەهۆی ئەم ئامێرانەوە حکومەت هێرش دەکاتە سەرمان و گوندەکانمان بۆمباران دەکات. منیش پێمگوتن: لەمەودوا هەر ئامێرێکی بێتەلتان دەستکەوت، مەیشکێنن و بیهێنن بۆ من. ئەم ئامێرانە بۆ شۆڕش زۆر بەسوود بوون، بۆیە دەتوانم بڵێم دەستکەوتنی ئەم ئامێرانە (لەگەڵ ئەوەی تەنیا هۆکار نەبوو) بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئەوەی من لە نزیکەوە لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفا بارزانی کاربکەم.

*** وەك باست کرد، ئەوکات لەناو شۆڕشدا ئامێری بێتەل نەبووە، هەتا شۆڕش بەهۆی ئەو ئامێرانەوە پەیوەندی گرێ بدات، گرنگیی ئامێری بێتەل لەو کاتەدا بۆ شۆڕش و بارزانی چی بووە؟**

- دیارە ئێمە وەك ئەفسەری پۆلیس، لە کۆلێژی پۆلیس وانەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی بێتەل و چۆنیەتیی ناردنی برووسکەمان بە شێوەی جیفرە خوێندبوو کە پێیان دەگوت (مخابرە)، بۆیە کە ئەو ئامێرانەمان دەست کەوت، هەوڵمدا بێتەلەکە بخەمە کار و گوێ لە برووسکەکانی هێزەکانی حکومەت بگرم، جەنابی بارزانی ئەم کارەی منی پێ باش نەبوو، لەبەر ئەوەی دەیگوت، ئەگەر حکومەت بزانێت ئامێری بێتەلمان هەیە، مەزندەی ئەوە دەکات، بە ڕێگەی ئەو ئامێرە پەیوەندی بە دەرەوە بکەین، بۆیە شێتگیرانەتر هێرش دەکاتە سەرمان و لەم کاتەشدا لەشکری کوردستان ئەو ئیمکانیاتەی نییە، بەڵام من لەسەر کارەکەی خۆم بەردەوام بووم، هەتا ڕۆژێکیان بە ڕێگەی ئامێری بێتەل حکومەت هێزەکانی خۆی ئاگادار دەکردەوە کە سبەی بە تۆپ و فڕۆکە ئەو گوندانە بۆمباران دەکات کە لەشکری کوردستان لەو ناوچانەن، کە ئەم برووسکەیەم برد بۆ مەلا مستەفا، زۆری پێ خۆش بوو، فەرمووی هاووڵاتیانی گوندەکان و تەواوی هێزی لەشکری کوردستان ئاگادار بکەنەوە کە بە ڕۆژ گوندەکان بەجێ بهێڵن و شەو بگەڕێنەوە، ئەوە بوو بۆ ڕۆژی دوایی هێزەکانی حکومەت بە تۆپ و فڕۆکە ئەو ناوچانەی هەمووی بۆردومان کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە بە ڕێگەی بێتەل هەواڵەکەمان وەرگرتبوو، هیچ زیانێکی گیانی نەبوو. ئەوەی لەو ڕۆژەدا وەك یادەوەرییەك تا ئێستاش لە یادمە، ئەوەیە کاتێك ئێوارە گەڕامەوە بۆ ئەو ماڵەی کە ئامێری بێتەلەکەم لێ دانابوو، خاوەن ماڵەکە دەیگوت: بەخوا من لە مەلا مستەفا بارزانی تێناگەم،

ئەگەر ئەو پەیوەندی لەگەڵ حکومەت نییە، چۆن دەزانێت ئەمڕۆ ئێمە بۆردۆمان دەکرێین؟ من کە نەمدەویست پێی بڵێم، بەم ئامێرە برووسکەکەم وەرگرتووە، بە پێکەنینێك وەڵامم دایەوە.

*** ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر یەکەم دیدارت لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، ئایا ئەو دیدارە کەی بوو؟ لەو دیدارەدا بارزانی چی پێ وتیت؟**

- هەر یەك دوو هەفتە دوای ئەوەی لە ٧ی ١٢ی ١٩٦١ پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد، لەگەڵ لەشکر بە ڕێبەرایەتیی بارزانی چووین بۆ کانی ماسی، کە گەیشتینە کانی ماسی لەگەڵ عەلی عەسکەری و ئەشرەف ئامێدی چووینە خزمەتی، لە دانیشتنەکەدا دوای ئەوەی منیان پێ ناساند، لێمی پرسی: تۆ پارتیت؟ منیش لەوەڵامدا گوتم: نەوەڵا، من پارتی نیم. ئەویش لە وەڵامدا گوتی: وەڵا باشتر، بێگومان ئەو کاتە من تێگەیشتم کە برادەرانی کۆنی باڵی مەکتەبی سیاسی، بێویژدانانە مامەڵەیان لەگەڵ لەشکری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کردووە و وەك خۆیشی پاشان ئاماژەی پێ کرد، هیچ هاوکارییەکیان بۆ شۆڕشی کوردستان نەناردووە. لەسەر ئەم پرسە مەلا مستەفا بارزانی بە سەرهاتێکی خۆی و برادەرانی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ گێڕاینەوە و گوتی: «ئەو کات لە شانەدەر بووم، ئاگاداریان کردمەوە کەوا چەند کەسێك لایتیان هەڵکردووە و بەرەوخوار دێن، پێدەچێت ڕێگەکەیان ون کردبێت، بۆیە پێم ڕاگەیاندن ئەوانە بۆ لای من دێن، ئێوەش بە لایت وەڵامیان بدەنەوە بۆ ئەوەی بێنەوە سەر ڕێگە ڕاستەکە.» کە گەیشتن، دەرکەوت سێ کەسن کە بریتی بوون لە (عومەر دەبابە، مەلا عەبدوڵا (مەلا ماتۆڕ) و عەلی حەمدی)، هاتبوون کاغەزێك بۆ مەلا مستەفا بارزانی بێنن، کاغەزەکەش لیستێکی ١٨ کەسی بوو کە ناوی مەلا مستەفا بارزانی لە سەرەوەی نوسراوەکەبوو، ١٧کەسی دیکە لە خوارەوە ئیمزایان کردبوو، بۆیە بە مەلا مستەفا-یان گوتبوو، کاغەزێکمان هێناوە بۆ ئەوەی جەنابیشت ئیمزای بکەیت، بۆ ئەوەی شۆڕش دەست پێ بکەین. لە وەڵامدا مەلا مستەفا بارزانی پێی گوتبوون، باشە ئێوە هەمووتان ئیمزاتان کردووە، ئیدی ئیمزای منی بۆچییە؟ ئەوانیش لە وەڵامدا گوتبوویان، ئاخر قوربان جەنابت ئەساسیت، دیارە مەلا مستەفا بارزانی بەوجۆرە وەڵامی دابوونەوە: ئەگەر من ئەساسیم، ئەی بۆچی پێشوەختە پرستان بەمن نەکردووە؟ بەهەرحاڵ لە درێژەی قسەکاندا مەلا مستەفا بارزانی پێی گوتبوون: باشە ئێوە دەتانەوێت چۆن شۆڕش بکەن؟ ئەوانیش گوتبوویان گەلی سپی و گەلی زەنتە و گەلی عەلی بەگ و دەربەندی بازیان و گەلی دەربەندیخان دەگرین، ئەوا کوردستان دەبێتە ناوچەیەکی ئازادکراو، کە ئەمەش کرا، ئیدی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دەڕووخێت، لە وەڵامی ئەم پێشنیارەدا، مەلا مستەفا بارزانی لێی پرسیبوون: باشە گریمان حکومەتی عەبدولکەریم قاسم نەڕووخا، ئایا ئێوە ئامادەباشیتان کردووە کە تەنیا بەشی شەش مانگ چەك و تەقەمەنیتان هەبێت و ماوەی شەش مانگ ئەو میللەتە بەخێو بکەن؟ بێگومان مەلا مستەفا بارزانی دەیزانی ئەوە خەیاڵپلاوە و شۆڕش بەوجۆرە ناکرێت کە ئەمانە بیری لێدەکەنەوە، دیارە پێشتریش ئاغاکانی پشدەر و شێخ حوسێنی بۆسکێنی و عەباسی مامەند ئاغاش بە هەمان خەیاڵ چووبوون دەربەندی بازیان بگرن، بەڵام هەر کە حکومەت چەند تەیارەیەکی خستبووە ئاسمان، هەموویان هەڵاتبوون و گەڕابوونەوە ماڵی خۆیان، هەر بۆیە لەم دیدارەوە بۆم دەرکەوت کە تێگەیشتن و دووربینیی مەلا مستەفا بارزانی بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش و بیرکردنەوەی بۆ پاراستنی میللەت، تەنیا بیرکردنەوەی فەرماندەیەکی سەربازی نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی ڕێبەرێکە کە دەتوانێت ئایندەی نەتەوەکەی بە گەشی دیاری بکات، بەڵام بەداخەوە مەکتەبی سیاسیی پارتی زۆر بێویژدانانە مامەڵەیان لەگەڵ بارزانی دەکرد و دەیانویست شۆڕشەکە پەك بخەن، نەك پشتگیریی مەلا مستەفا بارزانی بکەن بۆ ئەوەی شۆڕشەکە سەربکەوێت.

*** ئەوەی باست کرد، ئەوە دەگەیەنێت کە هەر لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلولەوە مەکتەبی سیاسیی پارتی بەرامبەر بە مەلا مستەفا بارزانی کەمتەرخەمی کردووە، بەڵام کە**

**لە ماوەی ٥-٦ مانگدا لەشکری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی بارزانی تەواوی ناوچەکانی بادینانی پاک کردەوە و بوونە ناوچەی ئازادکراوی شۆڕش**

**لە درێژەی پاککردنەوەی ئەو ناوچانە بووین و گەیشتبووینە ناوچەی (بن دایزان) لە بناری چیای سەکران، بینیمان (برایم ئەحمەد و عومەر دەبابە و مەلا عەبدوڵا- مەلا ماتۆڕ-) هاتن بۆ لای بارزانی، ئەوان هاتبوون بۆ ئەوەی جۆرێک لە پێکهاتنەوە دروست بکەن**

**مەکتەبی سیاسی دەیانزانی ناتوانن ڕێگە لە لەشکری بارزانی بگرن و هیچ بیانوویەکیشیان بۆ دابەشکردنی کوردستان بەسەر سۆران و بادیناندا نییە، دەشیانزانی بارزانی لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات و گوێیان ڕادەکێشێ، بۆیە هاتبوون هەتا پاکانەی خۆیان بکەن**

**دێتە سەر باس، ئەم کێشەیە لە ساڵی ١٩٦٤ ـەوە باس دەکرێت، ئایا لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٤، هیچ وتووێژێك لەنێوان حکومەتەکانی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف لەگەڵ بارزانی هەبووە؟**

- هەموو کات شێوازی ڕێبەرایەتیکردنی بارزانی بۆ شۆڕشی کوردستان، هەر لە دەستپێکی شۆڕشی بارزانەوە پێش شۆڕشی ئەیلوولیش، هەر بەو شێوەیە بووە کە هەرگیز ڕێگەی دانوستاندن و ئاشتی بۆ کێشەی کوردی ڕەتنەکردۆتەوە، لەمەشدا بارزانی زۆر لۆژیکانە مەبەستی ئەوە بووە کە هەموو جیهان بزانێت شۆڕشی کوردستان شۆڕشێکی ئاشتیخوازانەیەو ئامانجی تەنیا بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیەکی داگیرکراوە، لەم چوارچێوەیەدا عەبدولکەریم قاسم بە ماوەیەك پێش دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول ئەوەی دەزانی کە مەلا مستەفا بارزانی لە پێناوی مافی گەل و نەتەوەکەی بێدەنگ نابێت، بۆیە پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کە لە ناوچەی بارزان گوندێکی هاوچەرخی بۆ دروست بکەن و مانگانەش ٨٠ هەزار دیناری ئەو کاتی وەك مووچە بۆ دەبڕێتەوە و پاسەوانەکانیشی هەموویان مووچەی دەبێت، بارزانی لە وەڵامی ئەم پێشنیارە عەبدولکەریم قاسم گوتبووی، ئەمانە بۆچی بۆ من دەکەیت؟ بڕۆ میللەت ڕازی بکە، ڕێگە بە حزبە سیاسییەکان بدە چالاکیی خۆیان بکەن و ڕۆژنامەگەری ئازاد بێت، ئەوکاتە کەس دوای من ناکەوێت و خۆم لە چیاکان بە تەنیا دەمێنمەوە، بۆیە کە عەبدولکەریم قاسم ئەم وەڵامەی پێ دەگاتەوە، فەرمان دەدات کە لە ڕۆژی ١٥ی ٨ی ١٩٦١ بە فڕۆکە بۆمبارانی گوندەکانی ناوچەی بارزان و ڕێزان و شانەدەری بکەن. دوای دەستپێکردنی شۆڕشیش بە چەند مانگێك لە ڕۆژی ١٧ی ١٢ی ١٩٦١ عەقید حەسەن عەبود ئامری حامیەی مووسڵ بە مەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ بارزانی گەیشتە (ناحیەی سەرسەنگ)، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانج ئەوە بوو کە لەو ڕێگەیەوە بارزانی تیرۆر بکەن، بۆیە وابڕیار بوو، لەو ناوچەیە لەژێر پردێك کۆببنەوە، بەڵام بارزانی پێشتر چەند پێشمەرگەیەکی نارد بۆ ئەوەی شوێنەکە تا پێنج کیلۆمەتر دوورتر بگوازنەوە، لەو کاتەی ئامر حامیەی مووسڵ وتووێژی لەگەڵ بارزانی دەکرد، دوو فڕۆکەی مێگ هاتن و پردەکەیان خاپوور کرد، بۆیە بارزانی بە شاندەکەی قاسمی گوتبوو: ئەگەر لەوێ بووینایە، ئێستا هەردووکمان کوژرابووین، بۆیە بڕۆرەوەو پێیان بڵێ بەم ئەقڵییەتە کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر ناکرێن. هەروەها لە ٥ی تەمموزی ١٩٦٢ جارێکی دیکە شاندێك کە پێکهاتبوون لە ژمارەیەك ئەفسەر کە لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە نێردرابوون بۆ وتووێژ، هاتن بۆ لای بارزانی لە گوندی حاجی ئۆمەران، بەڵام هەر شەوی پێشتر بە ڕێگەی ئامێری بێتەل جیفرەی برووسکەکانیمان کردبوو، کە ئەوان لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتوون سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە دەستنیشان بکەن. سەرنج بدەن، لەگەڵ ئەوەی بارزانی پێشوەختەش ئامانج و پیلانەکانی ئەوانی دەزانی، بەڵام ئامادە بوو لەگەڵیان دابنیشێت، لەبەر ئەوەی مەبەستی بوو بە ئاشتی کێشەکان چارەسەر بکرێت، نەك بە شەڕ.

*** ئاماژەت بەوە کرد شاندەکەی عەبدولکەریم قاسم لە تەمموزی ١٩٦٢ هاتن بۆ حاجی ئۆمەران، ئەمەش مانای ئەوەیە بارزانی و لەشکر لە زێی گەورە پەڕیونەتەوە و بەرەو سۆران هاتوون، ئایا سەرگوزشتەی ئەم پەڕینەوەیە چۆن بوو؟**

- بێگومان لە ماوەی ٥-٦ مانگدا لەشکری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی بارزانی تەواوی ناوچەکانی بادینانی پاك کردەوە و بوونە ناوچەی ئازادکراوی شۆڕش، بۆیە بە هەماهەنگی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی کە بارەگاکەی لە گوندی مالومەی نزیك ماوەت-ی لای سلێمانی بوو، وا بڕیار بوو کە لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ بارزانی و لەشکرەکەی لە رووباری شین (زێی گەورە) بپەڕنەوە و بێن ناوچەکانی سۆرانیش پاك بکەنەوە، عەباسی مامەند ئاغاش بێتە سەر زێی گەورە و پێشوازی لە مەلا مستەفا بارزانی و لەشکرەکەی بکات، بەڵام کە گەیشتینە سەر زێی گەورە، بینیمان مەحموود کاوانی هاتبووە ئەو بەری زێ و پێی گوتین: عەباسی مامەند ئاغا نایەت، لەبەر ئەوەی چووە بۆ مەکتەبی سیاسی و لەوێ پێیان گوتووە: تۆ هەقی مەلا مستەفا-ت نەبێت، ئێمە دەیکەین

**لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٤ مەکتەبی سیاسی هیچ هاوکارییەکی دارایی و سەربازیی مەلامستەفا بارزانی-یان نەکرد، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەناوی شۆڕشەوە ئەو هەموو کۆمەک و پارە و چەکەیان کۆدەکردەوە**

**بارزانی لە بن گاشەبەردێک نووستبوو، یەک دوو جار بانگم کرد، ئەویش بەبێ ئەوەی رابچڵەکێ، چاوی کردەوە و گوتی چی هەیە؟ وتم: قوربان لە بەغدا کودەتا بووە حکومەتی قاسم رووخاوە و عەبدوسەلام عارف هاتۆتە سەر حوکم. لێی پرسیم: لەم کودەتایە فوئاد عارفیشیان لەگەڵە؟ وتم: بەڵێ. وتی: کەواتە چەند رۆژێکی دیکە بۆ دانوستاندن دێنە لامان**

**مام جەلال هاتبووە (دوو گۆمان) بۆ پێشوازی لە بارزانی، بۆیە هەر لەوێ بارزانی، مام جەلالی نارد بۆ قەڵادزێ بۆ ئەوەی ئاغاکانی قەڵادزێ ئاگادار بکاتەوە و پێیان رابگەیەنێت، کە لەشکری کوردستان هیچ کێشەی لەگەڵ ئەوان نییە، بارزانی ئەمەی کرد، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئێستا لە عێراق کودەتا بووە، لەم کاتەشدا کە لەشکر دێتە ئەم ناوچەیە لەوانەیە بترسن و بچنە لای حکومەت**

بە ئامری هێزی بادینان و هەر ناشهێڵین بپەڕێتەوە، (ئەمەی باسی دەکەم، هێشتا سەرۆك مسعود بارزانی نەبووبوو بە پێشمەرگە و ئەو چەند مانگێك دواتر و لە ١٩ی ئایاری ١٩٦٢ هات و بوو بە پێشمەرگە)، بۆیە مەحموود کاوانی پێی گوتین: دەبێت خۆتان بپەڕنەوە، لەم حاڵەتەشدا بارزانی ئەمری کرد کە دار بێنن و کوندە لە دارەکان ببەسترێت و فووی تێ بکرێت و ئەو شەوە دەستمان کرد بە پەڕینەوە، بەڵام لەسەر ئەو کەڵەکانەش هەتا ناوقەدمان هەر لە ئاوەکەدا بوو، دوای نزیکبووینەوە لە بەری ئەو بەری زێیەکە هەندێك نوقتەی جاشەکان هەبوون کەوتنە تەقەکردن لێمان، بەڵام جوامێرانە دە دوانزە پێشمەرگە لەگەڵ (کەکۆ دۆڵەمەڕی) پێش ئێمە پەڕینەوە و لێیان هاتنە دەست و پێیان ڕاگەیاندن: تەقە بکەن، تەفروتووناتان دەکەین. بۆیە جاشەکان تەقەیان ڕاگرت و نوقتەکانیان چۆڵ کرد.

*** ئایا ئەو قسانەی مەحموود کاوانی، نامەی زارەکیی مەکتەبی سیاسیی بوو، یان هەر خۆی هاتبوو ئەو واقیعە بە مەلا مستەفا بارزانی بڵێت؟**

- مەکتەبی سیاسی مەحموود کاوانییان ناردبوو بۆ ئەوەی ئەو نامە زارەکییە بە مەلا مستەفا بارزانی بڵێت، نامە زارەکییەکە ئەمە بوو: (مەلا مستەفا بارزانی خۆی و هێزەکەی بۆی نییە لە ڕووباری شین بپەڕنەوە، ناوچەی سۆران مەکتەبی سیاسی سەرکردایەتی دەکات و دەبێت مەلا مستەفا بارزانی لە بادینان بمێنێتەوە و سەرکردەی هێزی بادینان بێت)، بە ڕاستی مەلا مستەفا بارزانی لەم نامەیە زۆر دڵگیر بوو، بۆیە بڕیاری دا بەرەو ماوەت بکەوێتە ڕێ، بۆ ئەوەی بزانێت بە ڕاستی نییەت و مەبەستی مەکتەبی سیاسی چییە؟ بەڵام بۆ مێژوو دەیڵێم و لە شوێنێکی دیکەش نووسیومە کە ئەم نامە زارەکییەی کە مەکتەبی سیاسی بە مەحموود کاوانیدا بۆ مەلا مستەفا-یان ناردبوو، بووە هۆکاری ئەوەی زیاتر ماڵی کورد لێك بترازێت.

*** دوای ئەوەی پەڕینەوە و بەرەو گەلی عەلی بەگ و ڕەواندوز و دۆڵی باڵەکایەتی هاتن، ئایا ئەو ناوچانەش پاك کرانەوە و بوونە ناوچەی ئازادکراوی شۆڕش؟ ئایا هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی بەرامبەر ئەم هاتنەتان چۆن بوو؟**

- دوای ئەوەی پەڕینەوە هەموو ئەو مەخفەرانەی پۆلیس و ئەو بەڕێوەبەری ناحییانەی لە ڕێگەمان بوون، یان خۆیان تەسلیم دەبوون، یان نامەمان بۆ دەناردن کە تەسلیم بن، یانیش هێرشمان دەکردە سەر و دەمانگرتن، بۆیە ئەو ناوچانە هەموو پاك کرانەوە، ئێمە لە درێژەی پاککردنەوەی ئەو ناوچانە بووین و گەیشتبووینە ناوچەی (بن دایزان) لە بناری چیای سەکران، بینیمان (برایم ئەحمەد و عومەر دەبابە و مەلا عەبدوڵا- مەلا ماتۆڕ-) هاتن بۆ لای بارزانی، ئەوان هاتبوون بۆ ئەوەی جۆرێك لە پێکهاتنەوە دروست بکەن، چونکە دەیانزانی ناتوانن ڕێگە لە لەشکری بارزانی بگرن و هیچ بیانوویەکیشیان بۆ دابەشکردنی کوردستان بەسەر سۆران و بادیناندا نییە، واتە دەیانزانی بارزانی لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات و گوێیان ڕادەکێشێ، بۆیە هاتبوون هەتا پاکانەی خۆیان بکەن.

*** دوای ئەم هاتنەیان بۆ ناوچەی باڵەکایەتی بۆ لای بارزانی، ئایا مەکتەبی سیاسی وەك پێویست هاوکاریی بارزانی دەکرد؟**

- بۆ مێژوو دەیڵێم: لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٤ مەکتەبی سیاسی هیچ هاوکارییەکی دارایی و سەربازیی مەلامستەفا-یان نەکرد، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەناوی شۆڕشەوە ئەو هەموو کۆمەك و پارە و چەکەیان کۆدەکردەوە، هەر بۆ مێژووش دەڵێم: ئەگەر پێشمەرگەیەك بچووایە بۆ مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی هاوکاری بکرێت، لە ڕێگەوە پێیان دەگوت: تۆ لە خۆمانی؟ ئەمەش واتە ئایا تۆ ئەندامی پارتیت، ئەوان وا ڕەفتاریان دەکرد، ئەو پێشمەرگەیەی ئەندامی پارتی نەبێت، شایستەی ئەوە نییە هاوکاری بکرێت، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی دەیگوت: وەڵا هەموو کوردێکی پاك لە خۆمانە و ئەوەی چەکی مەردایەتی کردبێتە شانی هیچ جیاوازییەکی نییە ئەوجا پارتی بێت، یان حزبێکی دیکە، یان بێلایەن و سەربەخۆش بێت.

*** دوای ئەمە چۆن هاتنە ناوچەی ڕانیە و سەنگەسەر؟**

- لە مانگی شوباتی ١٩٦٣ کە هێشتا هەر سەردەمی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بوو، هاتینە ناوچەی (دوو گۆمان) لای ڕانیە، ئەو شەوە لەوێ بووین، بەرەبەیان من گوێم لە

**لە ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە ئیزگەی بەغداوە بەیانی هەڵوەشانەوەی ئەو دانوستانە ڕاگەیەندرا و شەڕ لە نێوان شۆڕش و حکومەت دەستی پێ کردەوە، بەڵام دوای ئەوەی لەماوەی چەند مانگێکی شەڕێکی خوێناوی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەت، هێزەکانی حکومەت شکستی گەورەیان بە خۆیانەوە بینی**

**بارزانی ئەو هەوڵەی حکومەتی عێراقی پەکخست کە بەنیاز بوو، دانوستاندن لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بکات، بۆیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ جارێکی دیکە حکومەتی عەبدولسەلام عارف پەنای بۆ دانوستاندن هێنایەوە**

**بارزانی چەند ئامانجێکی لە دانوستانەکەی ١٩٦٤ هەبوو، ئەویش ئەوە بوو پێش هەموو شت بوارێک بدرێتە حکومەت بۆ ئەوەی نییەتی ڕاستی خۆی ئاشکرا بکات، بەوەی ئایا ئامادەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە مافەکانی کورد دەستبەر بکات، یان نە، نەک ڕەتکردنەوەی دانوستاندن بکاتە بیانوویەک کە حکومەتی عێراق لە دژی ئێمە بەکاری بهێنێت و بڵێت ئەوان نایانەوێت کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێت**

**ئەو مافانەی کە لە ڕێککەوتنی ١٩٦٤ ئاماژەی پێ کرابوون بۆ ئەو کاتەی ئیمکانیەتی شۆڕشی کوردستان و ئەقڵیەتی حکومەتەکانی عێراق زۆر گونجاو بوون و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بوون، بەڵام مەکتەبی سیاسی هەر لە بیانوو بوو، بە ئەنقەست هەوڵیان دەدا کە ماڵی کورد لەت بکەن**

**جەلال تاڵەبانی بەبێ ئاگاداری مەلا مستەفا بارزانی سەردانی دەرەوەی وڵاتی کرد، برایم ئەحمەد بە بێ ئاگاداری مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی بیانی دادەنیشت، پێش ئەوەی کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسییش لە ماڵومە گرێ بدەن، زەمینەسازییەکی درۆ و دەلەسەیان دژی شۆڕش کردبوو، بەوەی گوایە مەلا مستەفا بارزانی کوردستانی بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشتووە**

**مەلا مستەفا بارزانی لەو بوختانەی مەکتەبی سیاسی دڵگیر نەبوو، چونکە لەو دڵنیا بوو کە میللەتی کوردستان ئەویان کردۆتە ڕێبەر، نەک مەکتەبی سیاسی، بۆیە بڕیاری دا، خۆی بچێتە بۆ ماڵومە، تا بزانێت ئەو هەڵوێستەی مەکتەبی سیاسی چییە و چییان دەوێت**

ئامێری بێتەل دەکرد، بۆ ئەوەی بزانم لە میانەی برووسکەکانەوە جووڵەی هێزەکانی حکومەت چۆنە، ئەوە بوو هەستمکرد هێزەکان هەمووی شڵەژاون و هەموو لە یەکتری دەپرسن چی هەیە و چی نییە، بۆیە رادیۆیەکی بچووکم پێ بوو، کە کردمەوە گوێم لێ بوو، لە رادیۆی بەغدا بەشی عەرەبی هەر مارشی سەربازییە و بەیانی سەربازی دەخوێندرێتەوە و باسی ئەوە دەکەن چۆن کودەتایان بە سەر حکومەتی قاسم کردووە، منیش چوومە لای پاسەوانەکانی بارزانی و پێمگوتن، دەبێت ئەم هەواڵە بە بارزانی بڵێن، وتیان وەڵا ئێمە ناتوانین، خۆت بچۆ بە ناوی برووسکە خەبەری بکەوە، کە چووم بارزانی لە بن گاشەبەردێك نووستبوو، یەك دوو جار بانگم کرد، ئەویش بەبێ ئەوەی راپچڵەکێ، چاوی کردەوە و گوتی چی هەیە؟ وتم: قوربان لە بەغدا کودەتا بووە حکومەتی قاسم رووخاوە و عەبدولسەلام عارف هاتۆتە سەر حوکم. لێی پرسیم: لەم کودەتایە فوئاد عارفیشیان لەگەڵە؟ وتم: بەڵێ. وتی: کەواتە چەند رۆژێکی دیکە بۆ دانوستاندن دێنە لامان. دوابەدوای ئەمە هەر ئەو رۆژە لە (دوو گۆمان)ـەوە بەرەو رانیە هاتین، مام جەلال هاتبووە (دوو گۆمان) بۆ پێشوازی لە بارزانی، بۆیە هەر لەوێ بارزانی، مام جەلالی نارد بۆ قەڵادزێ بۆ ئەوەی ئاغاکانی قەڵادزێ ئاگادار بکاتەوە و پێیان رابگەیەنێت، کە لەشکری کوردستان هیچ کێشەی لەگەڵ ئەوان نییە، بارزانی ئەمەی کرد، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئێستا لە عێراق کودەتا بووە، لەم کاتەشدا کە لەشکر دێتە ئەم ناوچەیە لەوانەیە بترسن و بچنە لای حکومەت، بۆیە بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات، بارزانی، مام جەلالی نارد بۆ ئەوەی دڵنیایان بکاتەوە.

*** ئایا مەزندەکەی بارزانی راست دەرچوو، حکومەتی عەبدولسەلام عارف داوای دانوستاندنی لەگەڵ شۆڕش کرد؟**

- بەڵێ، هەمووکات مەزندە و پێشبینییەکانی مەلا مستەفا بارزانی زۆر ورد بوون، هەر بۆیە دوای ئەوەی لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتایان کرد، لە رۆژی ٤ی ئاداری ١٩٦٣ شاندێکی حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف کە پێکهاتبوون لە (فوئاد عارف وەزیری دەوڵەت، باباعەلی شێخ مەحموود، تاهیر یەحیا سەرۆکی ئەرکانی سوپا و چەند بەرپرسێکی دیکە) وەك شاندی دانوستاندن هاتنە لای بارزانی لە گوندی (قولەی کانی ماران)، ئەم دانوستانانە بەردەوامی هەبوو، هەتا لە رۆژی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە ئێزگەی بەغداوە بەیانی هەڵوەشانەوەی ئەو دانوستانانە راگەیەندرا و شەڕ لە نێوان شۆڕش و حکومەت دەستی پێ کردەوە، بەڵام دوای ئەوەی لە ماوەی چەند مانگێکی شەڕێکی خوێناوی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەت، هێزەکانی حکومەت شکستی گەورەیان بە خۆیانەوە بینی، لەمەش زیاتر بارزانی ئەو هەوڵەی حکومەتی عێراقی پەکخست کە بەنیاز بوو، دانوستاندن لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بکات، بۆیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ جارێکی دیکە حکومەتی عەبدولسەلام عارف پەنای بۆ دانوستاندن هێنایەوە، سەرەتای ئەم دانوستانەش بە رێگەی حاجی عەبدولرەزاق مەحموود پارێزگاری ئەو کاتی سلێمانی بوو، ئەم دانوستاندانە گەیشتە ئەوەی لە رۆژی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ رێککەوتنامەی نێوان حکومەتی عەبدولسەلام عارف و شۆڕشی کوردستان بخوێندرێتەوە.

*** خۆتان دەزانن بە ماوەیەکی کەم دوای ئەم رێککەوتنەی نێوان شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام عارف، پروپاگەندەیەك بڵاوکرایەوە، گوایە بارزانی کوردستانی بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشتووە، هەروەها لە ٤تا ٩ی نیسانی ١٩٦٤ مەکتەبی سیاسی بەبێ گەڕانەوە بۆ بارزانی کۆبوونەوەی خۆی کردو ئەوی لە سەرۆکایەتی لابرد، ئایا ئەمانە چۆن وا بەخێرایی روویان دا؟**

- بێگومان بارزانی چەند ئامانجێکی لە دانوستانەکەی ١٩٦٤ هەبوو، ئەویش ئەوە بوو پێش هەموو شت بوارێك بدرێتە حکومەت بۆ ئەوەی نییەتی راستی خۆی ئاشکرا بکات، بەوەی ئایا ئامادەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە مافەکانی کورد دەستبەر بکات، یان نە، نەك رەتکردنەوەی دانوستاندن بکاتە بیانوویەك کە حکومەتی عێراق لە دژی ئێمە بەکاری بهێنێت و بڵێت ئەوان نایانەوێت کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، لایەنێکی دیکە لە ماوەی ئەو ٣-٤ ساڵەی سەرەتای شۆڕشدا بە راستی میللەت پێویستی بە پشوویەك هەبوو بۆ ئەوەی

خۆی ڕێکبخاتەوە و هەناسەیەك بدات، پاشانیش ئەو مافانەی کە لە ڕێککەوتنی **١٩٦٤** ئاماژەی پێ کرابوون بۆ ئەو کاتەی ئیمکانیەتی شۆڕشی کوردستان و ئەقڵیەتی حکومەتەکانی عێراق زۆر گونجاو بوون و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بوون، بەڵام مەکتەبی سیاسی هەر لە بیانوو بوو، بە ئەنقەست هەوڵیان دەدا کەماڵی کورد لەت بکەن، هەر بۆ نموونە جەلال تاڵەبانی بەبێ ئاگاداری مەلا مستەفا بارزانی سەردانی دەرەوەی وڵاتی کرد، برایم ئەحمەد بە بێ ئاگاداری مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی بیانی دادەنیشت، پێش ئەوەی کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسییش لە مالومە گرێ بدەن، زەمینەسازییەکی درۆ و دەلەسەیان دژی شۆڕش کردبوو، بەوەی گوایە مەلا مستەفا بارزانی کوردستانی بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشتووە، بۆیە لە کۆبوونەوەکەش بە بەیانێك مەلا مستەفا-یان لە هەموو دەسەڵاتێکی ڕێبەرایەتیی شۆڕش و سەرۆکایەتیی پارتی داماڵی، لەبەرامبەر ئەمە، مەلا مستەفا بارزانی لەو بوختانەی مەکتەبی سیاسی دڵگیر نەبوو، چونکە لەو دڵنیا بوو کە میللەتی کوردستان ئەویان کردۆتە ڕێبەر، نەك مەکتەبی سیاسی، بۆیە بڕیاری دا، خۆی بچێت بۆ مالومە، تا بزانێت ئەو هەڵوێستەی مەکتەبی سیاسی چییە و چییان دەوێت، بەڵام پێش ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی بگاتە مالومە، مەکتەبی سیاسی چۆڵیان کردبوو، هەرچی ئازووقە و پێداویستیی خۆراکی کە لە ئەشکەوتەکاندا بوو، بۆیان نەبرابوو، هەموویان بە دامێنی شاخەکە ڕشتبوو، زەیت و نەوتیان پێداکردبوو، بۆ ئەوەی پێشمەرگە لێی سوودمەند نەبێت، بەڵام پێش ئەوەی مالومە بەجێ بهێڵن، برایم ئەحمەد خەڵکی کۆکردبووەوە و پەیامێکی بۆ دابوون و گوتبووی: مەلا مستەفا بارزانی دێت بۆ ئێرە، ئێمە شەڕ ناکەین لەبەر ئەوەی دەرەقەتی هێزەکەی ئەو نایەین، ئەوەی لەگەڵ ئێمە دێت، با بێت، بەڵام ئێمە چارەنووسمان نادیارە. بێگومان دوای ئەم هەڵوێستەیان مەکتەبی سیاسی بەبێ شەڕ ڕوویان کردە ئێران، هەندێ جار گوێم لێ دەبێت، گوایە دەڵێن، ئەوەندە شەهید و بریندارمان هەبووە، بەڵام من ئێستاش دەیڵێم و پێشتریش گوتوومە، با ناوی شەهیدێك، یان بریندارێکی خۆیان بڵاو بکەنەوە، کە چوونە ئێرانیش، شای ئێران ئەوانی گواستەوە بۆ هەمەدان.

*** دیارە پاش ماوەیەك بەشێکی زۆری برادەرانی مەکتەبی سیاسی نامەیان بۆ بارزانی نارد کە بگەڕێنەوە، ئایا بارزانی وەڵامی بۆ ئەو نامەیەی ئەوان چی بوو؟**

- مەلا مستەفا بارزانی یەك ئامانجی هەبوو، ئەویش یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان و یەکپارچەیی خاکی کوردستان بوو، بۆیە هەر داوایەك لە پێناوی ئەو ئامانجەدا بووایە، پشتگیری لێ دەکرد، ئەوان کە نامەیان نارد، بارزانی پێشوازی لە نامەکەیان کرد و من و کاك ئیدریس بارزانی-ی نارد بۆ ئەوەی لەسەر سنوور پێشوازییان بکەین، کە گەیشتین ئەوانەی گەڕابوونەوە عەلی عەسکەری و کەمال موفتییان لەگەڵدا بوو، مەلا مستەفا بارزانی فەرمانی دا، خۆیان کوێیان بەدڵە و چییان پێویستە بۆیان دابین بکرێت و ڕێزیان لێ بگیرێت، کەمال موفتی گوتی: من بەدەر لە حزبایەتی، جەنابی مەلا مستەفا بارزانی بۆ کۆی ئەمر بکات، دەچمە ئەوێ، ئەوە بوو ئەوان بەرەی شەڕی چیایی هەندرێنیان هەڵبژارد و بەرەو ئەوێ بەرێ کەوتن.

*** بێگومان یەکێك لە ڕووداوە هەرە ناخۆشەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، ئەو لێکترازانە بوو کە ڕوویدا، بەڵام یەکێك لە ڕووداوە خۆشەکانیش لەو مێژووەدا ئەوە بوو کە لە دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ دووبارە یەکڕیزی دروست کرایەوە، ئایا تاچەند ئەمە لەلای ئێوە گرنگ بووە؟**

- بێگومان من زۆر جاری دیکەش باسی ئەوەم کردووە کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی لەو کاتەدا، غەدریان لە خۆیان و لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان کرد، کە لە سەرەتای **١٩٦٢** بە نامەیەکی زارەکی کە بە مەحموود کاوانیدا ناردبوویان بۆ بارزانی، سۆران و بادینانیان لێك جیاکردەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ کارێکی باشیان کرد کە گەڕانەوە باوەشی شۆڕش و دووبارە یەکڕیزی دروست بووەوە، ئەم مێژووە دەبوو پەند بووایە بۆ قۆناخی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥یش هەتا ئێستا، بەڵام بەداخەوە زۆر کەم پەند لە وانەکانی مێژوو وەردەگرین.

**پێش ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی بگاتە مالومە، مەکتەبی سیاسی چۆڵیان کردبوو، هەرچی ئازووقە و پێداویستیی خۆراکی کە لە ئەشکەوتەکاندا بوو، بۆیان نەبرابوو، هەموویان بە دامێنی شاخەکە ڕشتبوو، زەیت و نەوتیان پێداکردبوو، بۆ ئەوەی پێشمەرگە لێی سوودمەند نەبێت**

**مەکتەبی سیاسی بەبێ شەڕ ڕوویان کردە ئێران، هەندێ جار گوێم لێ دەبێت، گوایە دەڵێن، ئەوەندە شەهید و بریندارمان هەبووە، بەڵام من ئێستاش دەیڵێم و پێشتریش گوتوومە، با ناوی شەهیدێک، یان بریندارێکی خۆیان بڵاو بکەنەوە، کە چوونە ئێرانیش، شای ئێران ئەوانی گواستەوە بۆ هەمەدان**

**باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی لەو کاتەدا، غەدریان لە خۆیان و لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان کرد، کە لە سەرەتای ١٩٦٢ بە نامەیەکی زارەکی کە بە مەحموود کاوانیدا ناردبوویان بۆ بارزانی، سۆران و بادینانیان لێک جیاکردەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ کارێکی باشیان کرد کە گەڕانەوە باوەشی شۆڕش و دووبارە یەکڕیزی دروست بووەوە**

# ڕۆشنگەری، ڕیفۆرم و ڕۆڵی گەنجان

## بەشی دووەم و کۆتایی

**ئەوەی کە هێزەکانی ئیسلامی دەیکەن، ڕۆشنگەرەکانیان ئەو کەسانەن کە دەوریان کۆتایی هاتووە**

تەبیعەتی وڵاتی ئێمە ئەوەیە کە ڕۆشنگەران و ڕۆشنبیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە بوارەکانی دیکەشدا دەوریان هەیە، لە هەموو کۆمەڵگەکاندا ئەو توێژە کاریگەرە هەیە. ئێمە قۆناخێکمان تێپەڕاند کە پێشی بیست ساڵ ڕۆشنگەران ئەو کەسانەبوون کە بە هەوڵی خۆیان و بە خوێندنێکی دیاریکراو و تەجرەبەی سیاسی ئەو توانایەی کە هەیانبوو شتێکیان بەرهەم دەهێنا و پێشکەشی بزووتنەوەی سیاسی و بوارەکانی دیکەی ژیانیان دەکرد. ئێستا پێشکەوتنی دنیا و پێشکەوتنی زانستی و ئەو تەکنۆلۆژیایەی کە بەلێشاو دێتە ناو پەروەردە کارئاسانی دەکات و کۆتایی بەوجۆرە لە ڕۆشنگەران هێناوە، چونکە ئێستا کەسێك ناتوانێ ئاماتۆر بێت، واتە خۆی مامۆستای خۆی بێت و کتێبێك لەوێ و قسەیەك لەوێ و بیرکردنەوەیەك لەوێ بێنێت و دوایی بە شێوازی "پێموایە" بڕیاردەدات و ڕاوێژ دەکات. ئەو کەسە ناتوانێ شوێنی شارەزایانی دنیا و ئەم هەموو زانیاری و زانستە بگرێ کە ڕۆژانە بەم ئامێرانەوە لەبەر دەستی هەموو کەسێکدایە. کەواتە دەبێ گوێ بەوانە نەدەین و بە کردەوەش ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە کۆتاییان پێهاتووە. قسەیەك دەکەم، بەڵام نەبێتە فشار بۆ سەریان، جاران نووسەرێك، ڕۆشنبیرێك، چیرۆکنووسێك و شاعیرێکی خۆپێگەیەنەر و هەندێك کەسیش لەبواری سیاسیدا توانایەکی دیاریکراویان هەبوو، دەوریان هەبوو لە ڕۆشنگەریی گشتیدا و کەسیش حیسابی هەڵبەزودابەزی ڕوانگەی بۆ نەدەکردن، ئەوانە ئێستا پاشەکشەیان کردووە بۆ بواری تایبەتیی خۆیان، کە ئەدەب و ڕۆشنبیریی گشتییە و لە بواری خۆی خوێنەری خۆیان هەیە، هەروەها کەسی وا لە ناوەندی تایبەتیدا دەبێ بەشدار بێ، ڕێژەی بەشداریی چەندە، کارەکە دەزانێ، بۆ ئەوەی ئەو بوارەی کە گرنگی پێ دەدات، یەك: سەرچاوەکانی ئەمین بن، دوو: ڕێگە و شەبەکەیەکی هەبێ تا بتوانێ سوود لەو زانیاری و تەجرەبانەی دنیا لە بواری خۆیدا ببینێ، لە هەمان کاتدا لەگەڵ شارەزایی و خیبرەی ناوخۆشیدا پەیوەندی هەبێ، تا سەرەنجام ئەوەی کە پێی دەگوترێ بیروڕا، یان تیئۆری لە بوارێکی دیاریکراودا ساخ بۆتەوە و بە توانای خۆی دەتوانێ وەك ڕۆشنبیری بەکاری بهێنێ. هەر لەخۆیەوە "پێموایە" بفەرموێ، دەبێ ئێمە سنووریش بۆ ئەوانە دابنێین، چونکە بێجگە لە زەرەر هیچی دیکەی نابێ. هەربۆیە توندڕۆکانی کە دە ساڵ لەمەوبەر بینیمانن ڕۆشنبیرەکانیان لەو جۆرانەن،




**سەرۆ قادر**

sero.qadir@irdk.org


**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

ئەوانەی کە گوێیان بۆ دەگرتن.

ئەوانەی ئاماژەم پێدان ئەگەر قسە و نووسینەکانیان بێنین و لە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەدا بەسەر بکرێتەوە ئەوا دەبینن هیچ پەیوەندیی مەنتقییان لە نێواندا نییە، هەر بۆیەش ئەنجامی ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی کە ئەمانە رۆشنگەری بوون، ئاساری بەسەر پاساریەوە نەما و هیچیان بەدەست نەهێنا، نە کەسەکان پێگەیشتن، نە وڵات سوودی کرد، نە ئەو داواکارییانەشی کە گوترابوون هەموویان راست بوون، نە ئەوانەشی کە ئەوەندی راستیش بوون بەدەست هاتن.

کاری هەڵە لەسەر روانگەی هەڵە کە ببێتە بەرئەنجامی کردەوە ئەنجامەکەی رووخانە و هیچی دیکە نییە. یان ئەوەی کە هێزەکانی ئیسلامی دەیکەن، رۆشنگەرەکانیان ئەو کەسانەن کە دەوریان کۆتایی هاتووە، یەکێك لە کارەکانی فکری سیاسیی دینی لە کوردستان ئەوەیە کە ئێستا مامۆستایانی ئایینییان هێناوەتە ناو تیپی رۆشنگەرانی خۆیان، بەو مانایە کە مامۆستایانی ئایینی شوێنی دیاریکراوی خۆیان لە ناو رۆشنبیران و ئاگایی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە. دەبێ ئەوەش چارەسەر بکرێ، مامۆستایانی ئایینی رۆشنبیر نین، رۆشنگەر نین، ئەمانە کاستێکی دیاریکراون لە گواستنەوەی خواپەرستیدا دەخوێنن و دەبێ بەس ئەوەندەش بگوازنەوە و هیچی تریان لە ئەستۆ نییە و هیچی دیکەش نازانن.

ئەم زەمانە پێشکەوتنی دامودەزگای پەروەردە و تەندروستی، سیاسەت و پێگەیاندنی گەنج و بەرهەم، هەروەها هەرچی ناوی لێ بنێین و بەکەڵکی ژیان بێت، بە قسەی مزگەوتان دروست ناکرێ، دەبێ شەرم لەوە نەکەین. ئەوەش بە مانای بەرەنگاربوونەوەی دین نییە، دەبێ تەعریفەکە لەشوێنی خۆی دابنێین، مامۆستای ئایینی دەوری رۆشنگەری پێ بدەن، ئەو رۆشنگەر نییە، دەوری رۆشنبیری پێ دەدەن، رۆشنبیر نییە، بەڵکو کاستێکی دیاریکراوە، توێژێکی کۆمەڵایەتی بەرچاوە کە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە، دەبێ لە شوێنی خۆیان دابندرێن و تێشبگەیەندرێن، تەنانەت تێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی لەم لایەنەوە لە بەرژەوەندیی ئەواندایە تا بە ئەرکی غەیرەوە سەرقاڵ نەبن. ئەوەی کە ئێستا دەبینین هەر مامۆستایە و مۆبایلێك لەبەردەمی خۆی دادەنێت و بەپێچەوانەی قانون و زانست چالاکی دەنوێنێ و مزگەوتێکیش لەبەردەستیەتی کەسیش پێی ناڵێ تۆ راستی یان نا. ناوەندێك

**مامۆستایانی ئایینی رۆشنبیر نین، رۆشنگەر نین، ئەمانە کاستێکی دیاریکراون لە گواستنەوەی خواپەرستیدا دەخوێنن و دەبێ بەس ئەوەندەش بگوازنەوە و هیچی تریان لە ئەستۆ نییە**

نییە بۆی وردبینی بکات و بڵێ تۆ راست دەکەی، یان نا، توندڕەوەکان لەوێوە دێنە دەرێ، هیچ جیاوازییەك لەنێوان مامۆستایانی ئایینی و ئەو رۆشنگەرانەی سلێمانی و شارەکانی دەوروبەری کە گەنجیان هان دەدا بۆ ئەوەی کە بازاڕ بسووتێنن و بارەگاکان بسووتێنن و خەڵك بکوژن نییە. هیچ جیاوازییان نییە لەگەڵ مەلا کرێکار کە خەڵك هاندەدات ببن بە ئەنسارولئیسلام، یان ئەو مەلایانەی کە گەنجیان دەنارده ناو داعش.

نەتیجەی ئەم بێسەروبەرییە لە دەورپێدانی رۆشەنگەری بە خەڵکانی نەزان، زیانگەیاندن بە کۆمەڵگە بووە. رۆشنگەرانی ئەم زەمانە ئەو کەسانەن کە پێگەیشتوون و روانگەیان دیارە، کە هەڵە بکەن، قابیلی رەخنەلێگرتنن و لە شوێنی خۆی دەخرێنە مەوقعێك و گفتوگۆیەك کە پاشەکشێ بکەن و لەو پرۆسەیەدا فێریش ببن روودەدات. شتێك نییە بەناوی رۆشنبیر و بڵێ من گوتوومە و خەڵکیش بە قسەم دەکات و بەرژەوەندیم هەر لەوەدایە و پێداگریش بکات، وەکو ئەو مامۆستایانەی کە ئێمە لەسەر مینبەرەکان دەیانبینین، یان وەکو ئەو کەسانەی ناو بزووتنەوەی ئایینی کە بە ئارەزووی خۆیان حوکم دەدەن، هەندێکی دەگاتە سەلامەتیی ژیانی خەڵکیش و کەس نییە پێیان بڵێ بوەستن. هەروەها بۆخۆشیان رۆژێك بەرپرس نین بەرانبەر بە قسەکانی خۆیان، ئەگەر کارەساتی گەورەشی لێ دروست بێت. بۆیە دەبێ زۆر بە وردی ئەم دوو دەورە لێکدی جیابکەینەوە.

رێکخراوە ناحکوومی و جەماوەرییەکان دەوری زۆر گرنگ دەبینن، بەڵام دەبێ ئەوانیش ئیسڵاح بکرێن. لە بێ تەجرەبەیی ئێمەدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بوون بە بەشێك لەو پرۆسەیەی کوردستان کە کەموکوڕی زۆری تیدایە، ئیشی رێکخراوی مەدەنی کاری سیاسیی زۆر روون نییە، هەروەها کاری حکومەتیش نییە، بەڵکو یارمەتیدانە بەو بەشە لە هاووڵاتیان کە پێویستیان هەیە کە خۆیان دەربخەن، بیروباوەڕەکانیان دەرخەن، پێویستییەکانیان دەرخەن، یان تواناکانی بەهاناوەهاتنیان ئاگادار بکەن. ئەوەی پێی دەگوترێ لە کردەوەدا شارێن یان پرد لەنێوان حکومەت و دامودەزگەی فەرمی لەگەڵ خەڵکێك کە لەناو ئەو دامودەزگایانەدا نین.

ئەو پرۆسەیەی کە من باسی دەکەم، دەبێ لە سەرکردایەتیی سیاسیی ئێمەشدا ساخ ببێتەوە و روانگەی روونی هەبێ بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو کارانە بە حکومەتی کوردستان بکرێ، دامودەزگای حکومەتە کۆمەڵگەی ئێمە پێش دەخات و دەیگۆڕێ، خەڵکی دیکە نییە. حزب دەبێ هەوڵێکی زۆر بدات لەناو رێکخراوەکانی خۆیدا ئەو روانگەیانەی کە ساخ دەبنەوە بڵاوی بکاتەوە، ئەو بەشە لە حزبییەکان و تێکۆشەرانی حزبی لە گەنجان کە پێداگری دەکەن و بەرژەوەندییان لەگەڵدا نییە میکانیزمی ئەوتۆیان بۆ بدۆزرێتەوە تا باش تێبگەن، ئەگەر پێویست بە تەعدیلی شوێن بێ، شوێنیان بگۆڕن، کە دەبێ ئەو حزبە بەردەوام نوێ ببێتەوە و ئێستا کە دەبێ ئەو بازدانە گەورەیە بهاوێژین، ئەوا دەبێ روانگەی زۆر روون بێت و هەموو رای حزب و جەماوەری حزبیشی لە پشت بێت.

ئەگەر روانگەی سەرکردایەتیی سیاسی روون بوو، ئەوکات لەناو حکومەتدا ناچاردەبن گۆڕانکاری لەسەرەوە بەرەو جیلی گەنجان پتەوتر بکەن. ئێستا دوای ریفراندۆم و دوای شەڕی کوردستان و عێراق، دوای گەڕانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانیکردنی کوردستان و ئەو ئامادەگییە نێودەوڵەتییەی بۆ ئەوەی کە هەڵسینەوە هەیە، هەڵسانەوەیەکی باشیش کە دەورێکی زۆر پرشنگدار سەبارەت بە ناوچەکە چارەنووسی کوردستان و میللەتی کوردیش بگێڕێ، حکومەتی بەهێز ئەو حکومەتەیە کە لە هەموو ئەو ئەرکانە بگات و بەرچاوی سەرکردایەتی دەبێ روون بێ، هەروەها دەبێ کادیری شارەزا لە حکومەت لەو شوێنانە دابنێ، کە کارەکانیان پێ بکرێ. ئەگەر ئەوانە بکرێن، ئەوا ئۆتۆماتیکی سامانی گشتی دەپارێزرێ، وڵاتێك ناتوانێ پێشکەوێ کاتێك سەرمایەکەی پەرش و بڵاو دەبێ، دەوڵەتی بەهێز بە ئابووری بەهێزە، لەشکری بەهێز بە ئابووری بەهێزە، ئابووریی بەهێز بەوەی کە جوگرافیای وڵاتی خۆت دەزانی و سەرچاوەکانی دارایی وڵاتی خۆت نەك

**نەتیجەی ئەم بێسەروبەرییە لە دەورپێدانی رۆشەنگەری بە خەڵکانی نەزان، زیانگەیاندن بە کۆمەڵگە بووە**

**لە بێ تەجرەبەیی ئێمەدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بوون بە بەشێک لەو پرۆسەیەی کوردستان کە کەموکوڕی زۆری تیدایە**

**حزب دەبێ هەوڵێکی زۆر بدات لەناو رێکخراوەکانی خۆیدا ئەو روانگەیانەی کە ساخ دەبنەوە بڵاوی بکاتەوە**

**ئەگەر روانگەی سەرکردایەتیی سیاسی روون بوو، ئەوکات لەناو حکومەتدا ناچاردەبن گۆڕانکاری لەسەرەوە بەرەو جیلی گەنجان پتەوتر بکەن**

دەپارێزی، بەڵکو لە سیاسەتی حکومەتدا و لە دیپلۆماسیەتی وڵاتەکەتدا ڕێی بۆ دەکەیەوە و دەیپارێزی، ئەگەر تۆ لە دەرەوە دەیپارێزی لە ناوەوە دەبێ سیستەمێکی ڕێکوپێکت هەبێ، ئەوەش لەسەر بناغەیەکی واقیعی و زانستی بێت کە بەردەوام بەرەو تۆکمەیی بڕوات. قەت دەستپاکی و پاکیی مرۆڤ بە ئامۆژگاری چارەسەر ناکرێ، دەبێ سیستەم هەبێ، سامانی وڵات هی هیچ کەسێك نییە، هی حکومەتە، حکومەت دەتوانێ سەرکردایەتیی سامانی وڵات بە دامودەزگای دیکەی کەوا هەیە بکات. بەوە متمانە دروست دەبێتەوە، بۆ متمانەش دەبێ ساخ بکرێتەوە و دەبێ حزبی ئێمە و حکومەتی ئێمە بزانێ متمانە لە دەرئەنجامی پرۆسەی ئەو ٢٨ ساڵە لە کوێ لەلای خەڵك بریندار بووە، لە کوێ کەم بۆتەوە، ئێمە هەموومان لەنێو خێزانەکانمان و گەڕەك و دەوروبەرمان دەژین و دەزانین متمانە زۆر لاواز بووە، مەبەستم لە متمانە لاوازبوون ئەوە نییە کە سبەینێ ئەندامێکت لە دژی خۆت دەستداتە تفەنگ، ئەوکاتەی کە بۆڵەبۆڵی کرد و گوتی حزبایەتیی خۆم دەکەم و دەنگیش هەر دەدەم، بەڵام کار باش نابێت، ئەوە خەتەرە، دەبێ ئەوە چارەسەر بکەین. کاتێك یەکێك حزبیی نییە و تانەت لێ دەدات و ئەم هەموو بێسەروبەرییە دەبینێ و تۆش تەنیا دەست بە مەبدەئە نیشتمانییە گشتییەکانەوە دەگری و هەر ئەوەشە قووەتی گفتوگۆت لەبەرانبەریدا، ئەوە لاوازیی مەنتق دەگەیەنێ، دەبێ لەوە ڕزگارمان بێ، ئەوە لایەنی شانازییە، بەڵام لایەکەی تر ئەوەیە کە حکومەت زۆر بە بەهێزی ئەم پرۆسەیە تەواو بکات و متمانە بگەڕێنێتەوە. متمانەش بەوەیە کە تەنگوچەڵەمەی ناوخۆیی ڕوودەدات کەمە، کە ڕووشی دا، چارەسەری هەیە. متمانە بەوە هەبێ کە ئێمە لەو ٢٨ ساڵەدا کارمان کردووە و پرۆسەیەکی بونیادنەرانەمان هەبووە، پرۆسەی چاکسازی بەمانای ئەوە نییە کە لە سفرەوە دەست پێ بکەین، هەر کەسێك وابزانێ کە دەبێ لە سفرەوە دەست پێ بکەین، ئەوە ڕووخێنەرە. زۆر لە وەزیرەکان لە ماوەی ٢٨ ساڵدا قسەیەکیان هەبووە تەقریبەن زۆربەیان دەیانکرد، ئەویش دەیانگوت ئێمە لە سفرەوە دەست پێ دەکەین. یان من هاتووم لە سفرەوە دەست پێ دەکەم، لەکاتێکدا خۆی یان خوێندەوارییەکەی تەواو نەبووە، یان تایبەتمەندیی لەو بوارە نەبووە کە بۆی کراوە بە وەزیر.

خۆتان حاڵی وەزیرەکان دەزانن، بەگشتی ناڵێم بەڵام زۆربەی وەزیرەکان لە کوردستان کە دادەندران، بڕیار و ململانێی نێوخۆیی حزبی، یان بڕیاری حزبێك بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بووە، بۆیە کەم هەبووە کە وەزیری شارەزا لە بواری شارەزایی خۆی دابندرێ. هەربۆیە کە دەهات دەیگوت من لە سفرەوە دەست پێ دەکەم.

ئێمە لە ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان بۆ ئەوەی کە ئەم مێژووی ٢٨ ساڵە بزانن لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتەکان دانیشتین. وەزیری وا هاتوە تێکدەری هەموو بڕیارەکانی پێش خۆیەتی، وەزارەتەکە تووشی سەرگێژییەك و تەنگوچەڵەمەیەك دەکات، کەسیش بە هانایەوە ناچێ، چونکە ئەم وەزیرە حزبەکەی لە پشتیەتی. دەبێ کۆتایی بەوە بێت، حزب بۆی هەیە چوار وەزیری هەبێ، بەڵام دەبێ چوار شارەزا و باوەڕپێکراو و پسپۆڕ بە وەزارەتەکان دەستنیشان بکات، دە بەڕێوەبەری گشتیی هەیە، دەبێ دە کادیری باش و شارەزای لەو بوارە هەبێت و قابیلی ڕەخنە و گۆڕانیش بێت، ئەگەر سەرکەوتوو نەبێ، لابدرێت. بەم شێوەیە حکومەت دەتوانێ متمانە بگێڕێتەوە. ئەو متمانەیەش دەبێ بەهێز بێ تا کۆمەڵگە لە دڵەڕاوکێ و دوودڵیدا نەبێ، باوەڕی بەو قسانە هەبێ کەوا گوێی لێ دەبێ، ئەم لایەنە کەموکورتی تێدا هەیە و دەبێ چارەسەر بکرێ.

شتێکی تر هەیە بۆ تەکاندان بەو بارودۆخەی ئێستا بە موتڵەقی نا، بەڵام تا ڕێژەیەکی زۆر پێویستی بە ستافی نوێ هەیە. ستافی نوێ لە خوارەوەی سەرۆکایەتی، لەناو حکومەتدا، لەوانەیە لەناو حزبیشدا، بەڵام ئێمە باسی وڵات دەکەین و حکومەت لێی بەرپرسە. بەو بەڕێوەبەر و وەزیر و کاربەدەستانەی کەوا لە بواری ئەواندا کەموکوڕی هەیە، چاکسازی ناکرێ، بەو مانایە نییە کەوا ئەمانە تەفروتونا بکرێن، بەڵکو ئەوانە دەتوانن جێیان بگۆڕن لە شوێنی دیکەدا

**قەت دەستپاکی و پاکیی مرۆڤ بە ئامۆژگاری چارەسەر ناکرێ، دەبێ سیستەم هەبێ**

**زۆربەی وەزیرەکان لە کوردستان کە دادەندران، بڕیار و ململانێی نێوخۆیی حزبی، یان بڕیاری حزبێك بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بووە، بۆیە کەم هەبووە کە وەزیری شارەزا لە بواری شارەزایی خۆی دابندرێ**

**وەزیری وا هاتوە تێکدەری هەموو بڕیارەکانی پێش خۆیەتی، وەزارەتەکە تووشی سەرگێژییەک و تەنگوچەڵەمەیەک دەکات، کەسیش بە هانایەوە ناچێ، چونکە ئەم وەزیرە حزبەکەی لە پشتیەتی. دەبێ کۆتایی بەوە بێت**

**بەو بەڕێوەبەر و وەزیر و کاربەدەستانەی کەوا لە بواری ئەواندا کەموکوڕی هەیە، چاکسازی ناکرێ، بەو مانایە نییە کەوا ئەمانە تەفروتونا بکرێن، بەڵکو ئەوانە دەتوانن جێیان بگۆڕن لە شوێنی دیکەدا کاری زۆر داهێنەرانە بکەن**

کاری زۆر داهینەرانە بکەن، بەڵام پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، ئەم گۆڕانکارییەش نابێ بە شێوەی دەف لێدان و غەزایی بێ و وابێ دەریان دەکەین و تەفروتونایان دەکەین و ئەوانە هیچیان نەکردووە، چونکە ئەو نەفەسەش هەیە.

ئەگەر بە روانگەی روونی سەرکردایەتی چاکسازی و هێنانە پێشەوەی گەنجان دەست پێ بکات، ئەوا گەنجی پێگەیشتووی بەتوانا بۆ شوێنی دیاریکراو بە میکانیزمێکی دیاریکراو دەبێ رابکێشرێت، میکانیزمی دیاریکراوی بەرنامەبۆدارێژراو گەنجی لە فلان بوار شارەزا و لە هەرەمی دەسەڵاتدا لە شوێنی دیاریکراو دایدەنێین، نە زیاتر نە کەمتر. ئەگەر کەمتر بێ هەند، باشتر، چونکە ئەگەر توانای هەبێ و کەمتر دانرابێ، ئەوا پێشبڕکێ دەکات بۆ ئەوەی سەرکەوێت. هیچ لەوە خەتەرناکتر نییە تۆ گەنجی بێتوانا لە شوێنی بڕیاردەر دابنێی کە وێرانی دەکات و هەم خۆی پێ ناگات، هەم بە شێوازێ بەرگری لە خۆی دەکات، تا بە ئاسانی لەو شوێنە دەستکاری نەکرێ.

لە کۆتاییدا ئێمە دەوڵەتێکی مەدەنیمان دەبێ. ئەوەی کە پێی دەڵێین عەلمانی بەو مانایە نییە کە لە دژی دین و فەرهەنگی کۆنی کوردستانی بێت. دەبێ ساخی بکەینەوە، ئایینەکانی کوردستانمان خۆش دەوێت، مێژووی ئێمە لەگەڵ ئەوانە هاتووە، خەڵکی ئیمانداری وڵاتی ئێمە مافی خۆیانە وەکو هەموو خەڵکی دنیا تقوسی ئایینی خۆیان بکەن، بە ئایینی جیاجیا و بە میللەتی جیاجیاشەوە. بەر لە ٢١ساڵ من لەلایەن سەرکردایەتیی حزبەوە راسپێردرام کە بە بەرنامە بکەومە گفتوگۆکردنی فکری سیاسیی ئیسلامی. زۆریش بە ئاگاییەوە دەبوایە هەنگاو بنێین، چونکە یەك سانتیمەتر زیاتر، هەولێر، یان شارێکی تری دەخستە تەنگژەیەکی گەورە، چەند جاریش لەوەدا دەستمان دەسووتا. ئێستا وەك پێش ٢٠ ساڵ نییە، دنیا زۆر گۆڕاوە، لە ٢٠ ساڵی رابردوو دنیا بە قەدەر ٥٠٠ ساڵ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، توانایی بیرکردنەوەی مرۆڤ بە قەدەر ٥٠٠ ساڵ و زیاتریش ئامادەکراوە، تەبیعەتی مرۆڤ لەوەدایە سیستەمی مێشکی مرۆڤ ئەگەر باش زانیاری بدرێتێ، دەتوانێ بخرێتە ناو پرۆسەیەکی کرداری کە بەکەڵکی ژیان بێت، توانای بیرکردنەوەی هەیە کە ئیسڵاحی هەزار ساڵی بیری کۆمەڵگەکەی خۆی بکات. ئەم حاڵەتە تەقریبەن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین: هیچ دینێك بێ ئەوەی هیچیان خەراپ بن، توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان نییە، دین نابێ لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە نزیك بکەوێتەوە، لەوانیش دینی ئیسلام، ئەم دینی ئیسلامەی ئێمە کە بڤە بوو باسی بکەین، لە سعودیە ئێستا وای لێدەکەن کەوا لە سیاسەت دوور بکەوێتەوە، دنیا لە ئەنجامی حوکمی دینی لە کۆمەڵگەی ئیسلامی داخیلی تەنگوچەڵەمەیەکی رووخێنەر بوو، ئێستا هەموو دنیا شەڕەکە لێرە دەکەن تا کۆمەڵگەی ئیسلامی ئیسڵاح نەکەن و دین و دەوڵەت لێك جیانەکەنەوە، شەڕ کۆتایی نایەت، تەنگوچەڵەمە کۆتایی نایەت، چونکە ئەگەر بگەڕێنەوە، تیرۆر کۆتایی نایەت، پاشکەوتن کۆتایی نایەت. بۆیە دەبێ لەوە شەرم نەکەین کە جاران مناقەشەی مامۆستایەکی ئایینی و کادیرێکی ئیسلامی نەدەکرا، ئێستا دەبێ مامۆستایانی ئایینی راکێشینە ناو گفتوگۆی گەورە و پێی بڵێین تۆ دەورێکی دیاریکراوت هەیە، فلانە شتە نازانی، ئەگەر نەشزانی عەیب نییە، دەتەوێ فێربی، بڕۆ بخوێنە، بڕۆ منافەسە بکە و لە بوارێکی دیکە وەرەوە مەیدان.

کادیری سیاسی کە رۆژانە لەناو گەنجانی ئێمە ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی بڵاودەکاتەوە، نەك بە توندڕەوی بە زانابییەوە ئەم گفتوگۆیە ببەنە ناو ماڵی، بیبەنە ناو حزبەکەی، ئەوەش بە هێمنی و بە رێزلێگرتنی و بەبێ توندوتیژی دەبێ ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ بکرێ. کاری گەنجانە، بەڵام دەبێ باش بیزانن، نەیزانن دۆخەکە خەراپ دەکەن.

پێکهاتەکانی کوردستان ئایینی بن، یان نەتەوەیی، دەبێ چاو بە دەوریان لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و سیاسیدا بخشێندرێتەوە، ئێمە دەزانین کە لە رووی قانونییەوە یاسای باش باش هەیە بۆیان، بەڵام ملبەملانێی سیاسی وایکردووە کە سەرکردەکانیان بۆ هەڵدەبژێرین، ئەندام پەرلەمانەکانیان بۆ دیاری دەکەین،

**ئەگەر بە روانگەی روونی سەرکردایەتی چاکسازی و هێنانە پێشەوەی گەنجان دەست پێ بکات، ئەوا گەنجی پێگەیشتووی بەتوانا بۆ شوێنی دیاریکراو بە میکانیزمێکی دیاریکراو دەبێ رابکێشرێت**

**لە کۆتاییدا ئێمە دەوڵەتێکی مەدەنیمان دەبێ. ئەوەی کە پێی دەڵێین عەلمانی بەو مانایە نییە کە لە دژی دین و فەرهەنگی کۆنی کوردستانی بێت**

**خەڵکی ئیمانداری وڵاتی ئێمە مافی خۆیانە وەکو هەموو خەڵکی دنیا تقوسی ئایینی خۆیان بکەن، بە ئایینی جیاجیا و بە میللەتی جیاجیاشەوە**

**زۆربەی ئەوانەی کە نوێنەری پێکهاتەکانن لەناو کۆمەڵگە سنووردارەکەی خۆیاندا کەس نەک گوێیان لێ ناگرێ، بەڵکو خەریکە جموجۆڵ لە دژیان دروست دەبێت**

بەڕێوەبەرەکانیان بۆ دیاری دەکەین و ئەوانەش تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان دەپارێزن و هیچ ئاگایان لە پێکهاتەکەی خۆیان نییە، بۆیە نەبێتە گشتاندن نەبێتە بێڕێزی لێمی قەبووڵ بکەن، چونکە بە نییەتی پاکەوە دەیڵێم، زۆربەی ئەوانەی کە نوێنەری پێکهاتەکانن لەناو کۆمەڵگە سنووردارەکەی خۆیاندا کەس نەك گوێیان لێ ناگرێ، بەڵکو خەریکە جموجۆڵ لە دژیان دروست دەبێت. ئەم ئیسلاحە دەبێ ئەوە بگێڕێتەوە، با ماندووبین و نوێنەری باش لە عەنکاوە بێتە پەرلەمان، بۆچی بە سەعاتێك چارەسەری بکەین و نوێنەرێکی خەراپیان بۆ دابنێین و ئەوانیش لە ماڵی خۆیان زەقەی چاویان بێ و لە فویسبووك دەنووسن دەنگەکانی ئێمەیان دا، ئەوە جارێك و دوو سێ دەورەی پەرلەمانی ئەمە دەکرێ.

زۆر گرنگە متمانەی پێکهاتەکان بگەڕێتەوە، چونکە گەشەی کوردستان لە هەبوونی پێکهاتەکانیدایە، هەروەها پشتیوانیکردنی کوردستانیش لە دنیادا بەشی زۆری جگە لە ڕەوایی قەزیەکەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێکهاتەکانیش پارێزراون. ئەویتریان کەرامەتی مرۆڤ دەبێ پارێزراو بێ. کەرامەتی مرۆڤ ئەو جاڕنامە گەردوونییەی مافی مرۆڤە کە هەموو کەس دەتوانێ لە ئینتەرنێت بیخوێنێتەوە، ئەمە هەندە ڕاستە، هەندە مرۆییە و قەتیش گۆڕانی بەسەردا نایەت، هەر دەبێ بەرەو چاککردن بڕوات، ئەویش ئەوەی کە دەبێ لە وڵاتی ئێمەدا ژنان بە مرۆڤ هەژمار بکرێن، ئەوەش بەس نابێ قسە بێت، بەڵکو دەبێ کردەوە بێت، دەبێت بۆ ئەوەیان زانیاری و پرۆسەیەکی دیکەی ڕۆشنگەری بەکاربێنین کە چۆن ژن بە مرۆڤ دادەندرێ، دەبێ زۆر لەو قەناعەتی کۆمەڵگەکەمان بگۆڕین، هەروەکوو چۆن دەوری مامۆستایانی ئایینی و توندڕەوی ئایینی لە حزبەکاندا تێیدەگەین و کۆتایی پێدێنین، لەناو مێشکی ئێمەشدا و لەناو پەروەردەی ئێمەدا ئەم توندڕەویانە گواستراونەتەوە، بە چەمکی زۆر موقەدەس کە موقەدەس نین.

دەبێ ئەوانە لێیان تێبگەین لە پەروەردەی ماڵەوە تا دەگاتە قوتابخانە، تا زانکۆ و تا ژیانی سیاسی و دەوری حکومەتیش، کەرامەتی مرۆڤ ئەوەیە کە توندوتیژی لە هەموو بوارەکان کۆتایی بێ، منداڵ بپارێزرێن. ئێستا لە کوردستان هەموو ئەوانەی من دەیڵێم ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بازرگانییان پێوەدەکرێ و کەس لێیان ناپرسێتەوە. کێ دەزانێ ئەو منداڵانەی تا سەعات دوانزدە و یەکی شەو لە دەستی خەڵکانی بێ ویژداندانە کێن، چییان بەسەر دێت. ئەگەر پێیان ڕانەگەین ئەمانە تاوانبارەکانی سبەینێ دەبن، ئەوە لە تجرەبەی کۆمەڵگەی مرۆیی پلیشانەوەی کەرامەتی مرۆڤە بە بەرچاوی هەموومان.

ئەو هەموو تەنگوچەڵەمەی لە بواری ڕێگرتن لە ژنان- سەرباری ئەوەی پێشکەوتنێکی زۆر هەیە، دەبێ بیزانین و هانی بدەین، چونکە پێشکەوتن بەوەوەیە، لەسەر بنەمای ئەوە ژیانی سیاسیش ڕاست و دروست دەبێ، دیموکراسی باشتر دەبێ و ژیانی کۆمەڵایەتی زۆرتر پێش دەکەوێ.

من پێموایە ئەوەی کە لە پێشمانە دەست پێکردنی ئەو پرۆسەیەیە، هەمووی بەیەکجار نایەتەدی، دەبێ داخیلی گفتوگۆ بین و یارمەتی سەرکردایەتیش بدەین، یارمەتی حزبیش بدەین، یارمەتی حکومەتیش بدەین و لە گفتوگۆکردن لەسەر بنەمای بەڵگە ماندوونەبین، گفتوگۆ نەکەین، فکر ساخ نابێتەوە، گفتوگۆ نەکەین لەسەر کێشەکانمان، ساخ نابینەوە کە چارەسەر چییە.

لە کۆتاییدا جەخت لەسەر پێویستییەکانی ئەم قۆناغە دەکەمەوە کە پێشخستنی پەروەردە و زانکۆکانە، بە میکانیزمێکی لەبار گەنجانی پێگەیشتوو بخرێنە ناو هەرەمی دەسەڵات. ڕوانگەی ڕوون بۆ چارەسەری کێشەی ئابووری هەبێت و ریفۆرم ببێتە بەرنامەی حکومەت. سامانی گشتی بپارێزرێت و کادری شارەزا بە سیستەمی پوختی حکومەتییەوە بهێندرێنە ناو دەزگاکان. پێکهاتەکانی کوردستان بە توانایی خۆیان بەشدار بکرێن و بایەخ بە کێسەکانی ژیانیان بدرێت. ڕۆڵی ڕۆشەنگەرانی نوێ بزاندرێ و ڕێگا بە پیاوانی دینی نەدرێ دژی پێشکەوتن کار بکەن. هەروەها مافی ژنان و منداڵان بپارێزرێت. ئەمەیە کە بناغەی حکومەتی بەهێز دادەڕێژێت.

**گەشەی کوردستان لە هەبوونی پێکهاتەکانیدایە، هەروەها پشتیوانیکردنی کوردستانیش لە دنیادا بەشی زۆری جگە لە ڕەوایی قەزیەکەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێکهاتەکانیش پارێزراون**

**کێ دەزانێ ئەو منداڵانەی تا سەعات دوانزدە و یەکی شەو لە دەستی خەڵکانی بێ ویژداندانە کێن، چییان بەسەر دێت. ئەگەر پێیان ڕانەگەین ئەمانە تاوانبارەکانی سبەینێ دەبن، ئەوە لە تجرەبەی کۆمەڵگەی مرۆیی پلیشانەوەی کەرامەتی مرۆڤە بە بەرچاوی هەموومان**

**بە میکانیزمێکی لەبار گەنجانی پێگەیشتوو بخرێنە ناو هەرەمی دەسەڵات. ڕوانگەی ڕوون بۆ چارەسەری کێشەی ئابووری هەبێت و ریفۆرم ببێتە بەرنامەی حکومەت**

**هیچ جیاوازییەک لەنێوان مامۆستایانی ئایینی و ئەو ڕۆشنگەرانەی سلێمانی و شارەکانی دەوروبەری کە گەنجیان هان دەدا بۆ ئەوەی کە بازاڕ بسووتێنن و بارەگاکان بسووتێنن و خەڵک بکوژن نییە**



### سەڵاح بەدرەدین بۆ گوڵان:

# داوا لە مەرجەعییەتی نەتەوەییمان سەرۆک مسعود بارزانی دەکەم لە پشتیوانیکردنی کوردی سووریا بەردەوام بێت

بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان و کاریگەرییەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریان هەروەها رەنگدانەوەی سیاسەتی پەیەدە لەسەر رەوشی رۆژئاوا و تاوتوێکردنی دۆخی عەفرین کە ئێستا لەژێر دەستی تورکیادایە، ئەمانە و چەند پرسێکی هەستیاری هەنووکەیی تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ سەڵاح بەدرەدین، سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناسراوی رۆژئاوای کوردستان پێکدەهێنن.

*** بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان زۆر ئاڵۆز دیارە، لەناو ئەم بارە ئاڵۆزەدا رەوشی رۆژئاوا چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- بەڵێ، بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزە، لەبەر چەند هۆیەك: بەردەوامبوونی رژێم بە پشتیوانیی لایەنی نێودەوڵەتیی دوژمن کە تاوانیان دژی سوورییەکان ئەنجامداوەو بە هەزارانیان لێ کوشتوون و بە ملیۆنانیش ئاوارە کراون و زیاتر لە نیوەی شار و شارۆچکەکانیش خاپوور کراون، هەروەها پیلانەکانی هێزە داگیرکارەکانی وەك رووسیا و ئێران و تورکیا و ئەمریکا و میلیشیا مەزهەبییەکان و لەسەروویانەوە حزبوڵلای لوبنانی و پیلانە چەوتەکانی لەپێناو دەسەڵات و هەژموونـدا، هاوکات وەستانەوەی هەموان دژی ئامانج و خواستەکانی گەلی سووریا بۆ رزگاربوون و ئازادی و گۆڕانکاریی دیموکراسی، هەروەها بنیاتنانەوەی سووریای تازەی فرەیی و هاوبەشیی نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکان، لەوانەش کوردانی سووریا، هەموو لایەنە نێودەوڵەتییە داگیرکارەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان هاوبەشن لەگۆڕنانی شۆڕشی سووریا و لە دابەشکردنی ئۆپۆزسیۆندا، لەوەش مەترسیدارتر گۆڕەپانی سووریا تژی بووە لە گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان، بۆ رێگەگرتن لە هەر پەرەسەندنێکی ئەرێنی و پرۆژەی نیشتمانیی دیموکراسی کە سەدان هەزار کەس لەم هەشت ساڵەی رابردوودا قوربانییان بۆ داوە، ئەو لایەن و هێزانەی تەحەکوم بە چارەنووسی سووریا دەکەن، بەپیر هیچ بانگەوازێکی ئاشتییانە و ئازادییەوە نایەن، هەر خۆیان کۆنترۆڵی ناوچەکانیان کردووە و تاکە خەمیان خۆپاراستنە و هەوڵیش دەدەن پشکیان لە ئاوەدانکردنەوەدا هەبێت، پێموایە لە کۆتاییدا یەکلاکردنەوەکە هەر بۆ سوورییەکان دەبێت کە دەتوانن قەیرانەکە چارەسەر بکەن، ئەمەش بە یەکخستنی ریزەکان و سازان دێتەئاراوە لەسەر پرۆژەی یەکگرتوو لەمیانی کۆنگرەی نیشتمانیی سەرتاسەریی گشت پێکهاتە و رەوتە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکان.

*** وەك دەزانن ئەمریکا بە ئاشکرا رایگەیاند لە رۆژئاوا دەکشێتەوە، ئایا ئەم کشانەوەیەی ئەمریکا تا چەند دەبێتە هۆی لاوازبوونی رۆژئاوا لە هاوکێشە سیاسییەکاندا؟**

- ئەمریکا بە هێزی سەربازییەوە لە هەندێ ناوچەی کوردیی سووریا پەیدابوون، نەك بۆ سەرخستنی کوردو پارێزگاریکردنیان، بەڵکو ئەوان هاتوون لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان و رکابەریکردن لەگەڵ رووسیای داگیرکار لەسەر ناوچەکانی دەسەڵات لە سووریا و سەوداکردن لەسەر هەندێ کێشەی نێودەوڵەتی کە لەسەریان ناکۆکن لە کیشوەرەکانی دیکە، ئەوەی مایەی سەرسامییە، ئەوەیە کە هەموو داگیرکاران دەڵێن بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر هاتوون، بەڵام هەندێکیان رۆژانە لە دژی سوورییەکان کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، وەك: رووسیا و ئێران، بۆیە هۆکارەکانی بوونی ئەمریکا پەیوەستە بە چەند پرسێکەوە، ئەگەر هۆکارەکان نەمان، ئەوانیش دەڕۆن، دیارە مامەڵەی ئەمریکییەکان لەگەڵ پەکەکەی سووریا پشت بە رێککەوتننامە، یان پەیماننامەی واژۆکراوی نێوانیان نابەستێت، بەڵکو هەرکاتێك بیانەوێت رایدەگرن، واتا لەئێستادا بەرژەوەندیی کورتخایەنیان هەیەو درێژە ناکێشێت، لە راستیدا ئەمریکییەکان هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە پشتیان بەست بە گرووپێکی سەر بە پەکەکە کە خودی ئەمریکییەکان و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیان بە تیرۆریستیان دادەنێن، ئەمەش بەو واتایە کە ئەمریکییەکان ئاگایان لە وردەکاریی رەوشی کوردی سووریا نییە و ئیرادە و هەڵوێستی زۆرینەیان پشتگوێ خستووە، ئەگەر بایەخیان بە گەلەکەمان بدابایە، بەشدارییان لە یەکخستنەوەیدا دەکرد، بۆیە بوون و نەبوونیان کاریگەریی نییە بۆ سەر چارەنووسی گەلەکەمان، دەرفەتێکیشیان لەبەردەمدایە بۆ گۆڕینی سیاسەتەکەی ئێستایان بەرامبەر بەکورد، ئەوکاتە دەکرێ هەڵوێستێکی دیکەیان هەبێت، بۆ بیرخستنەوەش پێشنیارێك هەیە تایبەت بە ناوچەی ئارام لیەر سنووری تورکیا-سووریا کە تائێستا مایەی مشتومڕو گفتوگۆیە لای ئەمریکییەکان، پەیوەستە بە هێزی چەکدار لە پێشمەرگەی رۆژ و هۆزە عەرەبییەکان و هێزەکانی دیکەی بێلایەن، بەشێوەیەك تورکیا رازی بکات و بە گوێرەی خواستەکانی ئەو گرووپانەی سەر بە پەکەکە نەبێت، کە هیچ چارەسەر بۆ کێشەی کورد دانانێت و پێی وانییە کە پێشنیارەکە دەچێتە بواری پرۆژەیەکی پیادەکراوی و پراکتیکی.

*** وەك باس دەکرێت پەیەدە دەیەوێت نموونەی پەکەکە لە رۆژئاوا دووبارە بکاتەوە و کۆی لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا پەراوێز بخات، ئایا تا چەند ئەم سیاسەتەی پەیەدە کاریگەریی لەسەر رەوشی رۆژئاوا کردووە؟**

- دیارە گواستنەوەی گرووپە چەکدارەکانی پەکەکە و لقەکانی لە سووریا (پەیەدە) لە قەندیلەوە بۆ ناوچە کوردییەکانی سووریا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١، بەپێی رێککەوتنی نێوان لیوا ئاسف شەوکەت سەرۆکی هەواڵگریی سەربازی و زاواکەی ئەسەد کە کوژرا و لەنێوان موراد قەرەیلانی سەرکردەی مەیدانی بوو لە سلێمانی، بە تەگبیری راستەوخۆی

**ئەو لایەن و هێزانەی تەحەکوم بە چارەنووسی سووریا دەکەن، بەپیر هیچ بانگەوازێکی ئاشتییانە و ئازادییەوە نایەن، هەر خۆیان کۆنترۆڵی ناوچەکانیان کردووە و تاکە خەمیان خۆپاراستنە و هەوڵیش دەدەن پشکیان لە ئاوەدانکردنەوەدا هەبێت**

**هەموو داگیرکاران دەڵێن بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر هاتوون، بەڵام هەندێکیان رۆژانە لە دژی سوورییەکان کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، وەک: رووسیا و ئێران**

**ئەمریکییەکان هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە پشتیان بەست بە گرووپێکی سەر بە پەکەکە کە خودی ئەمریکییەکان و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیان بە تیرۆریستیان دادەنێن**

**ئەمریکییەکان ئاگایان لە وردەکاریی ڕەوشی کوردی سووریا نییە و ئیرادە و هەڵوێستی زۆرینەیان پشتگوێ خستووە، ئەگەر بایەخیان بە گەلەکەمان بدابایە، بەشدارییان لە یەکخستنەوەیدا دەکرد**

**نزیکەی دوو ملیۆن کوردی سووریا ئاوارەن، زۆرینەی ئاوارەکانیش لایەنگری گرووپەکانی پەکەکە نین، بەڵکو لەبەر سەرکوتکردن و سیاسەتە هەڵەکانیان ئاوارە بوون**

**مافی خۆمانە داوا لە تورکیا بکەین ددان بەوەدا بنێت کە دەوڵەتێکی داگیرکەری ناوچەی عەفرینە، ئەو بەرپرسە لە هەر دەستدرێژییەک بۆسەر خەڵکی ئێمە لەو شوێنەدا**

سەرۆکی کۆچکردووی عێراق و بە سەرپەرشتیی قاسم سولێمانی، کە چەکدارانی پەکەکە بگەڕێنەوە و پەیوەندییەکانیش وەك پێشانیان لێ بێتەوە و ڕووبەڕووی تورکیاش ببنەوە و دژی شۆڕشی سووریا بن، هەروەها کاربکەن بۆ دوورخستنەوەی کورد لە شۆڕشی سووریا، بەو ناوەی کە پەیەدە نوێنەری کوردی سووریایە، تا ئێستاش بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەر کاریان پێدەکرێت، زانراویشە کە ئایدیۆلۆژیەتی ئەو گرووپانە لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی بەرامبەری جیاواز و تەخوینکردن و پاکتاوکردنی بنیات نراوە، ئەمەش سیاسەتێکی وێرانکەرەو ئاژاوە دروست دەکات و ورە لاوازدەکات و کۆمەڵگاش پەرتەوازە دەکات، لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەشدا هاووڵاتیان ئاوارە بوون، بەتایبەتیش لاوان، تەنانەت ڕێژەی کورد لە هەندێ ناوچەی جەزیرە گەیشتە کەمتر لە ٤٠٪، کە پێشتر ٦٠٪ بوو، هەروەها کێشەی کوردی سووریا لەنێو دانوستانەکاندا بوونی نەما، چونکە ئەو گرووپانە بڕوایان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان نییە، خۆشیان بە خاوەنی مافە نەتەوەییەکانی کورد نازانن، دروشمی بریقەداری بێ واتا (نەتەوەی دیموکراسیخواز) بەرزدەکەنەوە، ئەو گرووپانە لەگەڵ خۆیاندا چەمك و کولتووری نامۆیان لە کۆمەڵگەی کوردی سووریا هێناوە، کە پێچەوانەی دابونەریت و مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیی سووریایە.

*** باس لەوە دەکرێت کە پەیەدە لە هەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ حکومەتی سووریا ڕێکبکەوێت، ئایا داواکارییەکانی پەیەدە لە دیمەشق چۆن دەبێت و دیمەشق چ وەڵامدانەوەیەکی بۆ پەیەدە دەبێت؟**

- پەیەدە وەك لقی سووریای پەکەکە تا ئێستا پابەندە بە ڕێککەوتنی (شەوکەت- قەرەیلان) لە ڕووی پرەنسیپەوە، ئەوەش دیارە کاتی زۆر لەبەردەستەو پێویستە و ئەرکەکەی پەیەدە کۆتایی نەهاتووە دەربارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکات، بەتایبەتی لە تێکچڕژانی بەرژەوەندیی نێوان هێزەکان وەك ئەمریکا و ئێران کە پاڵپشتییان دەکەن.

وادیارە ئاستی داواکاریی پەیەدە لەوە زیاتر بڕناکات کە ددانیان پێدا بێت وەك تاکە نوێنەرانی کورد و بە ئیدارەکەیان و هێزەکانیشیان بێنە نێو سوپای ڕژێم و دەزگا ئەمنییەکانی، بەڵام مافە ڕەواکانی کورد کە بوار نییە باس بکرێن، هاوکات نزیکەی دوو ملیۆن کوردی سووریا ئاوارەن، زۆرینەی ئاوارەکانیش لایەنگری گرووپەکانی پەکەکە نین، بەڵکو لەبەر سەرکوتکردن و سیاسەتە هەڵەکانیان ئاوارە بوون، چەند لایەنێکی دیکەی حزبی کوردیی لە سووریا هەن ئاواتەخوازن لەگەڵ دیمەشق پێکبێن و ڕکابەریی پەیەدە بکەن، لەوانەش حزبەکانی بەناو هاوپەیمانیی نیشتمانی و حزبی ڕاستڕەوی کوردی و هەندێ حزبی وەك ئەنەکەسە، لە ڕاستیدا زۆربەیان ئەگەر هەموو حزبە کوردییەکانی سووریاش نەبن، متمانەو ڕاستگۆییان لەبەردەم گەلدا لەدەستداوە، هیچ ڕۆڵێکیان لە جووڵاندنی کێشەی کورددا نییە، دواجار تەنانەت ڕژێمی سووریاش بەو لاوازییەی خۆیەوە ڕێزیان ناگرێت، ئەم ڕاستییەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە سیستەمی حزبایەتی لە بزووتنەوەی کوردیی سووریا بەلاوە بنرێت و بەدوای دەرچەیەکدا بگەڕێن بۆ چارەسەری قەیرانی کوردی، تا سەرلەنوێ یەکبخرێتەوە و بنیات بنرێتەوە.

*** ڕەوشی عەفرین کە ئێستا لەژێر دەستی تورکیادایە، بە شێوەیەکە کە سووریاو ڕووسیا لەسەر هاتنی تورکیا بۆ عەفرین بێدەنگن، بۆچی دیمەشق و مۆسکۆ بێدەنگن؟**

- ئەوەی لەوەتەی ساڵی ٢٠١١وە لە سووریا ڕوودەدات، دەچێتە خانەی تەوافوقی هێزە دەرەکییەکانی پەیوەست بە دۆسیێی سووریا، بۆ نموونە داگیرکردنی قەلەمون لەلایەن حزبولا، جێگیربوونی ئێرانییەکان لە دیمەشق و حەلەب و ناوچەکانی کەنار و قامیشلی و دامەزراندنی ناوچەی دوورەشەڕ لەزۆر شوێن، هەروەها گواستنەوەی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئیدلب و دواتر بۆ عەفرین، ئەمەش لە چوارچێوەی سازانی سێ لایەنەی (ڕووسیا و تورکیا و ئێران)دا، جگە لە سازانی ژێربەژێری ڕووسیا و ئەمریکا، پێش داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە هێزی گرووپەکانی سەر بە پەکەکە دەسەڵاتدار بوون، ئەوان هەموو ئەو کەسانەیان سەرکوت و زیندانی دەکرد کە سەرپێچیی سیاسەتەکانیان دەکرد، خەریك بوو عەفرین ڕادەستی ڕژێم بکەن، بەڵام تورکیا پەلەی کرد و داگیری کرد. دواتر ئەو گرووپانەی لەو ناوچەیە دەرکرد، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیان کرد، کاتێ ئیدارەی ناوچەکەیان ڕادەستی چەند هێزێك کرد کە زۆربەیان لە گرووپەکانی ئیسلامیی سیاسی بوون، باشتر وابوو ڕادەستی خەڵکەکەی خۆی بکردایە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی هەڵبژێردراو، مافی خۆمانە داوا لە تورکیا بکەین ددان بەوەدا بنێت کە دەوڵەتێکی داگیرکەری ناوچەی عەفرینە، ئەو بەرپرسە لە هەر دەستدرێژییەك بۆسەر خەڵکی ئێمە لەو شوێنەدا، چونکە خەڵکی ئێمە لەوێ شایەنی ژیانێکی سەربەرزو ئاسوودەیە و لە کۆنداو لە ئێستاشدا ڕۆڵی مێژووییان هەبووە و هەیە لە بزووتنەوەی کوردی و ئەو ناوچەیەش جوانترین و دەوڵەمەندترین ناوچەی کوردییە لە سووریا.

*** ئایا تاچەند دروستبوونی ئەم هاوکێشەیە کە هاتنەناوەوەی تورکیای لێکەوتەوە بەرەنجامی سیاسەتی هەڵەی پەیەدەیە؟**

- دیارە کە پەیەدە بەرپرسیاری گەورەیە لە داگیرکردنی عەفرین و لە چۆڵبوونی ناوچە کوردییەکانی دیکە و ئاوارەبوون، لەسەرەتای شۆڕشی سووریا و بەپێی ڕێککەوتنی (شەوکەت قەرەیلان) ئەم گرووپە ویستیان ململانێیەکانیان لەگەڵ تورکیا بۆ ناوچەکانمان بگوازنەوە، کێشەکەشمان بووە قوربانیی سەرکێشییەکانی ئەوان، لەکاتێکدا گۆڕەپانی بنەڕەتیی خۆیان لە تورکیا و کوردستانی ئەوێی بەجێهێشتووە، سوورییەکان و کوردیش هیچ بەرژەوەندییەکیان لە گۆڕینی ململانێیە سەرەکییەکە لەگەڵ ڕژێمدا نییە بۆ ململانێ لەگەڵ تورکیا، چونکە کێشەی ئێمە وەك سووری و وەك کورد لەگەڵ ئەو ڕژێمەیە کە دەمانچەوسێنێتەوەو هەڕەشە لە بوونمان دەکات و تاوان دژی بوون و مافەکانمان ئەنجامدەدات، هەر ئەو بوو کە دیکتاتۆریەتی حزبی و تاکڕەوی و تایفەگەری دەرحەق سوورییەکان پەیڕەوکرد، هەروەها پیلانەکانی پشتێنەو سەرژمێریی بەرامبەر کوردی سووریا و بێبەشکردنیان لە مافی هاوولاتیبوون جێبەجێ کرد، هاوکات دوژمنایەتیی کوردستانی عێراقی کرد لەوەتەی سەربەخۆیی ڕاگەیاندبوو.

*** کەواتە چ چارەسەرێك بۆ ئەو قەیرانەی ڕۆژئاوای کوردستان بە چاك دەزانن؟**

- فرەقەیران لە کوردستانی سووریادا لەئارادایە، جگە لە ئاوارەبوون و چۆڵکردنی ناوچەکان و دەسەڵاتی سەرکوتکاری ئەمری واقیع، هەروەها کەڵەکەبوونی ئاژاوەکانی کورد-کورد، کورد لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە، ونبوونی پڕۆژەی نەتەوەیی کوردی، دەبینین ڕۆژ دوای ڕۆژ بۆشایی لەنێو خودی کورددا لەلایەك و لەنێوان بزووتنەوەی دیموکراسیی نیشتمانیی سووریا لە لایەکی دیکەوە فراوانتر دەبێت، بەکورتی قەیرانی فرەلایەنە (نەتەوەیی-کۆمەڵگەیی- نیشتمانی- بوونیی نەتەوەیی- چارەنووسسازی)،بێگومان قەیرانی جەوهەریی مەترسیدار ئەویش قەیرانی شەرعییەتی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیی سووریایە، ئەو حزبانە کە دوچاری لاساری و چەقبەستوویی و لاوازی بوون، بەتایبەتیش بەرنامەو سیاسەت و سەرکردایەتییان، چی دیکە ئامادەییان تێدا نەماوە بۆ ڕابەرایەتیکردنی گەل و بەرگری لە کێشەکە و بەرزکردنەوەی پڕۆژەی نەتەوەیی، لەئێستادا لە گۆڕەپانی کوردیی سووریادا (٥٢) حزب و ڕێکخراوی سیاسی هەن، لێکترازان و جیابوونەوەش هەموو ڕۆژ ڕوودەدەن، نەك لەبەر جیاوازیی سیاسی و فیکری، بەڵکو بە پاڵنەری پارەو سامانی سیاسی، هاوکات لەبەر دەستێوەردانی دەسەڵاتی ڕژێم و گرووپەکانی قەندیل، بەم دواییەش دەستێوەردانی (لاهور تاڵەبانی)، هەموو حزبە کوردییەکانی سووریا شەرعییەتیان نییە لە ڕووی (ڕێکخراوەیی و نەتەوەیی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕی و دیموکراسی)یەوە، ئەوانە بریتین لە زنجیرەیەك جیابوونەوەی بەردەوام، بۆیە لەو حاڵەتەدا کە لێکترازان و جیابوونەوەو نەمانی شەرعییەت دەبینین، کەس نییە بە قسەو کردار نوێنەرایەتیی گەلەکەمان بکات، هیچ پرۆژەیەکی نیشتمانی و کۆدەنگیی نەتەوەیی و تەنانەت نیمچە کۆدەنگییەکیش نییە، هیچ سازانێکی نیشتمانی لەگەڵ شەریکەکانی نیشتماندا نییە، هەروەها سیستەمی دیموکراسی لەئارادا نییە، ئەوانە هەموویان مەرجن بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، پێش چەند ساڵێك مەرجەعییەتی نەتەوەیی دانای کورد، کاك مسعود بارزانی هەموومانی کۆکردەوەو ناوبژیی حزبەکانی کردو لە ئەنجامدا ڕێککەوتننامەکانی هەولێرو دهۆکی لێکەوتەوە، بەڵام پەیەدە پابەند نەبوو و حزبەکانی ئەنەکەسە نەیانتوانی بیسەپێنن، دوای تێپەڕبوونی کات بەسەر ئەم ئەزموونە و ڕووداوەکان، ئێمەی کوردی سووریا دوای ئەو هەموو خۆدزینەوەی حزبەکان و بێتواناییان و بەدەنگەوەنەهاتنیان بۆ بانگەوازی نیشتمانپەروەرانی بێلایەن، ئەوەی لەبەردەمماندایە تەنیا گەڕانە بەدوای گێڕانەوەی شەرعییەت بۆ بزووتنەوەکەمان، ئەویش بەکارکردن لەپێناو سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی- نیشتمانیی سەرتاسەری بە زۆرینەی بێلایەن، هەروەها بەشداریکردنی حزبەکان بە شێوەیەك کە بڕیاری تاکڕەوی نەدەن، بێگومان بەستنی ئەم کۆنگرەیە بێ پاڵپشتیی برایانمان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نادرێت، لێرەدا داوا لە مەرجەعییەتی نەتەوەییمان سەرۆك مسعود بارزانی دەکەم کە بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی کوردیی سووریا کە لەوەتەی چەند دەیەیەك و چەند ساڵێکە دەستی پێکردووە، ئێمەش پێکەوە بەشداردەبین لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و نەیاران کە هەموومانیان بەئامانج گرتووە، لەو هەلومەرجە ناسك و مەترسیدارەی کە گەلەکەمان و بزووتنەوەکەمان لە کوردستانی سووریا پێیدا تێدەپەڕن، ئەوە دێنمەوە یاد چۆن بارزانی-ی نەمر خۆی لە ساڵی ١٩٧٠ سەرپەرشتیی کۆنگرەی یەکگرتووی کوردیی سووریای کرد لە ناوپردان و هەوڵی زۆریشی دا لەپێناو بەهێزکردنی بزووتنەوەی گەلەکەمان.


**ئەو حزبانە کە دوچاری لاساری و چەقبەستوویی و لاوازی بوون، بەتایبەتیش بەرنامەو سیاسەت و سەرکردایەتییان، چی دیکە ئامادەییان تێدا نەماوە بۆ ڕابەرایەتیکردنی گەل و بەرگری لە کێشەکە و بەرزکردنەوەی پڕۆژەی نەتەوەیی**

**لە گۆڕەپانی کوردیی سووریادا (٥٢) حزب و ڕێکخراوی سیاسی هەن، لێکترازان و جیابوونەوەش هەموو ڕۆژ ڕوودەدەن، نەک لەبەر جیاوازیی سیاسی و فیکری، بەڵکو بە پاڵنەری پارەو سامانی سیاسی**

**پێش چەند ساڵێک مەرجەعییەتی نەتەوەیی دانای کورد، کاک مسعود بارزانی هەموومانی کۆکردەوەو ناوبژیی حزبەکانی کردو لە ئەنجامدا ڕێککەوتننامەکانی هەولێر و دهۆکی لێکەوتەوە**

# ئیسلامی سیاسی له سەرایيڤۆ

ئیسلام لە بەڵکان لە ڕێی بازرگانانی موسڵمانەوە بڵاونەبۆتەوە، بەڵکو لە ڕێگای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە کە پەلاماری ئەورووپای دا، وەك چۆن لە زۆربەی دەوڵەتان بە تایبەتیش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفریقیا بڵاوبۆوە، یەکەم سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر میری سربیا (لازار هربل جانۆفیچ) لە کۆسۆڤۆی جەرگەی سربیای کریستیانی ئەرسەدۆکس لە ساڵی ١٣٨٩ بوو، دواتر لە ١٤٦٣ بۆسنایان داگیرکرد، دوای بیست ساڵیش دەستیان بەسەر هێرزەگۆڤینا گرت، بۆیە ئەورووپییەکان دەڵێن: «بۆسنیاو هێرزەگۆڤین سەرەڕمی تورکن کە لە ئەورووپای دا، دواتر عوسمانییەکان ڕوویان کردە بەڵکان بۆ داگیرکردنی و، توانییان لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا کۆنترۆڵی بکەن، ئیمپراتۆریەتی نەمساوی - ڕووسی هەوڵیاندا ئەوەی لەدەستیانداوە بیگەڕێننەوە، ئەوە بوو سوپا هێرشی کردە سەر عوسمانییەکان و ئەوانیش لە ساڵی ١٦٩٩ گەمارۆی ڤیەننایان دا، بەڵام نەیانتوانی بیگرن، دواجار ڕێککەوتن کە دەسەڵات لەنێوان ئیمپراتۆرییەتی نەمساوی- ڕووسی لەگەڵ عوسمانییەکان دابەشبکرێت، لە ساڵی ١٨٠٣سربییەکان توانیان میرنشینێکی سەربەخۆ لە عوسمانییەکان دابمەزرێنن، یۆنانییەکانیش لە ١٨٢١ هەمان شتیان کرد، بەمەش ڕۆڵی عوسمانییەکان لە بەڵکان لە کەمیی دا، تا وای لێهات پاشەکشەبکەن و پارێزگاری لە زەوییەکانیان بکەن، لە ١٨٧٨ کۆنگرەی بەرلین بۆسنیاو هێرزەگۆڤینی خستە ژێر دەسەڵاتی نەمسا، لە ساڵی ١٨٨٢ زاناو شێخەکانی بۆسنیاو هێرزەگۆڤین کۆمەڵی ئیسلامییان دامەزراند تا وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ کاروباری ئایینی بەڕێوەببات، ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو دامەزراوەیەکی ئیداری بوو سەرپەرشتیی کاروباری موسڵمانانی دەکرد، هەر ئەویش لە ساڵی ١٩٧٧کۆلێژی دیراساتی ئیسلامیی لە سەرایيڤۆ دامەزراند، کە کۆنترین کۆلیژی زانستیی لاهوتە لە ئەورووپا، بەڵام ئیمپراتۆرییەتی نەمسا-مەجەر ڕێکخستنی ژیانی



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئایینی موسڵمانانی بۆسنیای لە عوسمانییەکان سەندەوە، بەشێوەیەك کە دامەزراندنی موفتیی گەورە و ئەنجومەنی زانایان بە دەستی ئیمپراتۆر بوو، بۆیە موفتیی گەورە محەمەد جەمالەدین چاوشیفیچ Dzemaludin Causevic کە موفتی بۆسنیا بوو لە (١٩١٤تا١٩٣٠) بە بۆنەی لەدایکبوونی ئیمپراتۆری نەمسا (فرانز جوزیف) Franz Joseph دوعای بۆ دەکرد و دەیگوت: «خودایە یارمەتی ئیمپراتۆر جوزیف بدە و بیپارێزە و سوپاکەی بەهێز بکە، رەحم بە شانشینەکەی بکەو بیگەشێنەرەوە». موسڵمانان لە بۆسنیا دەربارەی دامەزراندنی موفتیی گەورە لەلایەن ئیمپراتۆر و ژیان لەسایەی دەوڵەتی کریستیاندا دابەشبوون، هەندێك بە ئاساییان دەزانی، هەندێکی دیکە رەتیان دەکردەوە، چونکە پێیان وابوو نابێت لە سایەی دەوڵەتێکی مەسیحیدا بژین، بۆیە داوایان کرد کە لەسایەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی موسڵماندا بژین، سەد هەزاریان بۆ تورکیا کۆچیان کرد، ئەوانە بە بوشناق Bosniaks ناسراون، ئەم کۆچە بۆسەر بوونی موسڵمانان لە بەڵکان مەترسی هەبوو، چونکە لە بەرژەوەندیی نەتەوەکانی دیکەدا بوو، بۆیە زانایانی موسڵمانی بۆسنیا رووبەڕووی ئەم دیاردەیە بوونەوە، لەوانەش موفتیی بۆسنیا محەمەد تۆفیق ئازاباجیك کە لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەم دووپاتی کردەوە کە موسڵمان دەتوانێت لە دەوڵەتێکی کریستیانی لێبووردەدا بژیێت، موفتیی سەراییڤۆ مستەفا حیلمی هادزیۆمیرۆفیچ فتوای بۆ بوشناق دا کە دەکرێت موسڵمان سەربازی لە دەوڵەتێکی ناموسڵمان قبووڵ بکات، رێگەشی دا دادوەر لە ناموسڵمانان دابمەزرێن، نەمساش دەوڵەتێکی لێبووردەیە بەرامبەر دادگا ئایینییەکانی موسڵمانان، تەنانەت لە بۆسنیا پەیوەست بوون بە سەرپۆش کێشەیەکی راستەقینەی موسڵمانان بوو، بۆیە محەمەد جەمالەدین فتوای دا کە سەرپۆش نەریتە نەك پەرستش، لە ساڵی ١٩٥٠ بە پێشنیاری زانایانی موسڵمانی بۆسنیا بەیەکجاری سەرپۆش لەلایەن دەوڵەتەوە قەدەغەکرا، لە ١٩١٨ شانشینی سربیا و کروات

**موفتیی سەراییڤۆ مستەفا حیلمی هادزیۆمیرۆفیچ فتوای بۆ بوشناق دا کە دەکرێت موسڵمان سەربازی لە دەوڵەتێکی ناموسڵمان قبووڵ بکات**

**لە ساڵی ١٩٥٠ بە پێشنیاری زانایانی موسڵمانی بۆسنیا بەیەکجاری سەرپۆش لەلایەن دەوڵەتەوە قەدەغەکرا**

**وتوویژی نهێنی لەنێوان سلۆبۆدانی میلۆسۆفیچی سربیا و فرانجۆ تودجمانی کرواتی بۆ دابەشکردنی بۆسنیا لەنێوان سربیاو کرواتیا لەپێناو لەناوبردنی موسڵمانانی بوشناق ئەنجامدا**

**سوپای سربیا لە یۆگسلاڤیا کەمینەی سربیای لە بۆسنیا پڕچەککرد تاکو ئاژاوەو توندوتیژی بنێنەوە، دواتر سربییەکانی بۆسنیا جیابوونەوەیان لە بۆسنیاو هێرزەگۆڤین راگەیاند**

و سلاڤ لەژێر پاشماوەی ئیمپراتۆرییەتی نەمسا-مەجەر رزگاریان بوو، بەمەش لە ١٩٢١شانشینی یۆگسلاڤیا پێکهات و بوو بە نیشتمانی سلاڤییەکانی باشوور، لە ١٩٤١ هێزەکانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا و مەجەر شەڕیان دژی یۆگسلاڤیا بەرپاکرد، جەنەراڵ جوسیب برۆز تیتۆ Josip Broz Tito بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم شەڕە چەند کەرتێکی چەکداریی حزبی شیوعی پێکهێنا، تا لە سەردەمی شەڕدا بوو بە سەۆکی حومەتی کاتی، لە ١٩٤٤ ژەنەڕاڵ تیتۆ بە هاوکاریی سوپاس سووری رووسیا توانی ئەڵمانییەکان ببەزێنێت، لە ١٩٤٥ حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتیی تیتۆ بۆ یۆگسلاڤیای فیدڕاڵ پێکهات، دواتر هەڵبژاردن کرا و حزبی شیوعی سەرکەوت و تیتۆ بوو بە سەرۆك وەزیران، ناوی یۆگسلاڤیای گۆڕی بۆ کۆماری یۆگسلاڤیای فیدراڵی سۆشیالیست، تیتۆ لە ساڵی ١٩٤٦تا ١٩٦٣دژی بانگەشەی جیابوونەوەی کروات و سرب وەستایەوە و کۆماری یۆگسلاڤیای میللی فیدراڵی دامەزراند، دواتر گۆڕی بۆ کۆماری یۆگسلاڤیای فیدراڵی سۆسیالیست Socialist Federal Republic of Yugoslavia لە ١٩٦٣تا ١٩٩٢، ئەمەش بۆ پێدانی لامەرکەزی بەم نەتەوانە، چونکە یۆگسلاڤیا لە(٢٢) نەتەوە پێکدێت، تیتۆ لە ١٩٨٠ کۆچی دوایی کرد، بەمەش یۆگسلاڤیا بە سەرۆکایەتیی تەوافوقی حوکمکرا، هەر فیدراڵییەك کاندیدی خۆی پێشکەش بە حکومەتی ناوەند دەکرد، تا بۆ ماوەی ساڵێك حوکم بکات، ئەمە تا ساڵی ١٩٨٩ مایەوە، دواتر سربییەکان کە زۆرینە بوون پێیان باشبوو حوکمی یۆگسلاڤیا بکەن ئەوە بوو سلۆبۆدان ملیۆسۆفیچ Slobodan Milosevic بوو بە سەرۆکی وڵات کە سەرۆکی حزبی شیوعیی سربیا بوو، ئەمریکاش پشتگیریی دەکرد، بۆئەوەی وەك تیتۆ بتوانێت پارێزگاری لە یەکێتیی یۆگسلاڤیا بکات، ئەورووپاش پشتگیریی رۆڵی ئەمریکای دەرکرد لە بەرگرتن لە هەژموونی شیوعییەت، بەڵام هانی هەڵوەشانەوەی یۆگسلاڤیای دەدا، لە ئەنجامی دەستێوەردانی دەرەکی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە بەشەرهاتن لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دەرەکی، لە ساڵی ١٩٩١ یەکێتیی سۆڤییەت هەرەسی هێنا، یۆگسلاڤیاش هەڵوەشایەوە بۆ شەش دەوڵەت(سلۆڤینیا، کرواتیا، مەکدۆنیا، بۆسنیاوهێرزەگۆڤین، مۆنتی نیگرۆ، کۆسۆڤۆ) لە ١٩٩١ هەڵوەشانەوەکە دەستی پێکرد لە سلۆڤینیا و دواتر کرواتیا و مەکدۆنیا جیابوونەوە، سوپای یۆگسلاڤیا بە سەرۆکایەتیی سربییەکان پەلاماری ئەو دوو دەوڵەتە تازەیان دا، بەڵام یەکێتیی ئەورووپا نەیهێشت، بیجۆڤیچ بۆ سەربەخۆیی بۆسنیا ئەم دەرفەتەی قۆستەوە، لە ساڵی ١٩٢٢ بۆسنیاو هێرزەگۆڤین Bosnia and Herzegovina بە گشتپرسی جیابوونەوە، لە ١٩٩٢ عەلی عزەت بیگۆفیچ Alija Izetbegovic بوو بە یەکەم سەرۆك، وتوویژی نهێنی لەنێوان سلۆبۆدانی میلۆسۆفیچی سربیا و فرانجۆ تودجمانی کرواتی بۆ دابەشکردنی بۆسنیا لەنێوان سربیاو کرواتیا لەپێناو لەناوبردنی موسڵمانانی بوشناق ئەنجامدا، تاکو ببنە کەمینەی نێوان هەردوو نەتەوە و سەربەخۆ نەبن، بەڵام شکستیان هێنا، سوپای سربیا لە یۆگسلاڤیا کەمینەی سربیای لە بۆسنیا پڕچەککرد تاکو ئاژاوەو توندوتیژی بنێنەوە، دواتر سربییەکانی بۆسنیا جیابوونەوەیان لە بۆسنیاو هێرزەگۆڤین راگەیاند و لە پەرلەمانی سەراییڤۆش چوونە دەرەوە، پەرلەمانێکی تایبەت بەخۆیان دامەزراند بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی سربەکانی بۆسنیاو هێرزەگۆڤین، لە ١٩٩١ کۆماری سربی بۆسنەو هێرزەگۆڤینیان دامەزراند، دواتر ناویان گۆڕی بۆ کۆماری سربیا، بەڵام کەمینەی کرواتیا کۆمەڵگەیەکی کرواتیایان بۆ بۆسنیاو هێرزەگۆڤین دامەزراند، لەگەڵ سوپایەکی تایبەت بەناوی ئەنجومەنی بەرگریی کرواتیا، بەڵام حکومەتی بۆسنیا دانی بە سربیاو کرواتیادا نەنا، دادگای دەستووریی دووجار لە ١٩٩٢و ١٩٩٤ ئەمانەی بەتاڵ کردەوە، بەڵام مۆنتی نیگرۆ و سربیا تا ساڵی ١٩٩٢ لە یەکێتیی فیدراڵیی یۆگسلاڤیادا مانەوە، لە ساڵی ١٩٩٨ مۆنتی نیگرۆ هەوڵیدا جیابێتەوە، بەڵام یەکێتیی ئەورووپاو بەلگراد رێگەیان پێ نەدا و داوایان کرد بمێنێتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ مۆنتی نیگرۆ بە گشتپرسی سەربەخۆ بوو، کۆسۆڤۆش لە ٢٠٠٨ سەربەخۆیی راگەیاند.

ئەوەی پەیوەستە بە بۆسنیاو هێرزەگۆڤین

ئەوا بیجۆفیچ دەیزانی کە راگەیاندنی دەوڵەتێکی موسڵمان لە ئەوروپا ئاسان نییە، بۆیە فرانسوا میترانی سەرۆکی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٩٢ کاتێ سەردانی سەراییڤۆی کرد بە بیجۆفیچی گوت: «ئێمە دان بە هیچ گوندێکدا نانێین لە ئەوروپا کە ببێتە دەوڵەت»، بەڵام حارس سیلادیچ کە ئەوکاتە وەزیری دەرەوەی بۆسنیاو هێرزەگۆڤین بوو پێی گوت: «ئەمە راستە، بەڵام ئەگەر مەبەستت بۆسنیاو هێرزەگۆڤین بێت ئەوا لە گەورەترین دەوڵەتی ئەوروپا کۆنترەو سنوورەکەشی سروشتییە وهۆزەکانیشی لە هۆزەکانی ئەوروپا کۆنترن»، حارس سیلادیچ ئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکان پوترس غالیی میسری تۆمەتبارکرد کە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم هاتنەناوەوەی بۆسنیا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، داواشی لە کەسوکاری قوربانییەکانی کوشتارگەی سربرینتسا کرد کە ژمارەیان هەشت هەزار کەس قوربانی بوون لە سقیلەکانی بۆسنیا کە پوترس غالی دادگایی بکەن چونکە لێی بەرپرسیابوو، ئەو پیاوەش لە بەڕێوەبردنی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ئیدارەی کلینتۆن بە بەکارهێنانی ڤیتۆ رەتیکردەوە کە بۆ جاری دووەم ئەو پۆستە وەرگرێتەوە، سەبارەت بە سوپای بۆسنیا ئەو کەرەستانەی نەبوو کە بتوانی بەرەوڕووی هێزەکانی سربیا ببێتەوە کە چوارمین هێزی سەربازی بوو لە ئەوروپا، هەتا ئابوورییەکەشی بەهێز نەبوو، هاووڵاتیانی بۆسنیاو هێرزەگۆڤین بە تایبەتیش سرب و کرواتییەکان رازی نین، بۆیە بیجۆفیچ پەنای بردە بەر ئەفغانی عەرەب کە لە ئەفغانستان بوون و شەڕی رووسیایان دەکرد، هاتنە نێو سوپای بۆسنیاوە، هەروەها دەوڵەتانی عەرەبی وەك سعودیەو تورکیاو ئێران، بەتایبەتیش پاکستان کە پاپۆڕێکی پڕ لە مووشەکی دژەتانکی رەوانەکرد. بۆسنیا لەنێوان کرواتیا و سربیا گەمارۆدرابوو، ئوسامە بن لادن سەردانی کرد بۆ یارمەتیدانی، بیجۆفیچ ئەکادیمییەکی سەربازی لە سەراییڤۆ دامەزراند، لە ساڵی ١٩٩٤ یەکێتیی بۆسنیاو کروات بۆ شەڕ لەگەڵ سربیا پێکهات، ئەوەش وای لە پەیمانی ناتۆ کرد دەستێوەردان بکات بۆ راگرتنی شەڕ و پاراستنی ئاشتی، رێککەوتننامەی ئاشتیی دایتۆن Dayton لە شاری دایتۆنی ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٩٥واژۆکراو بیجۆفیچ وەك نوێنەری بوشناق و ملیۆسۆفیج لە لایەن سربیاو تۆدجمان لە کروات ئامادەی بوون، ئەم رێککەوتنە سەرکەوتنێك بوو بۆ ئیدارەی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا بیل کلنتۆن، بەڵام لە بەرژەوەندیی بوشناقدا نەبوو، بەڵام لەلایەن ئەمریکاوە سەپێنرا، بوشناق بە راگرتنی شەڕ رازی بوو، چونکە لە ماوەی سێ ساڵی شەڕدا (١٩٩٢-١٩٩٥) سربیا جینۆسایدێکی دەرحەق موسڵمانانی بوشناق ئەنجام دا، کە تێیدا ٢٠٠ هەزار بۆسنیایی کوژران و ١٠ هەزاریش لە گەمارۆی سەراییڤۆ گیانیان لەدەستدا، وێڕای ئاوارەبوونی ملیۆن نیوێك، لە ساڵی ١٩٩٥ هێزەکانی سربیا بە سەرۆکایەتیی ژەنەڕاڵ راتۆك ملادیچ پەلاماری کەمپێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی دا کە بۆسنیاییەکانی تێدا بوو، ٨٠٠٠ پیاو و منداڵ و ئافرەتی تێدا کوژرا، کە بە کوشتارگەی سربرینتسا Srebrenica Massacre ناسراوە، لە ساڵی ٢٠١١ دوای راونانی بۆ ماوەی ١٦ ساڵ لە بەلگراد دەستگیرکراو بۆ هەتاهەتایی زیندانیکرا، هەروەها بکوژەکەی بۆسنیاش رادۆڤان کارادیچی سەرۆکی سربیا لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستگیرکراو دادگای نێودەوڵەتی سزای ٤٠ ساڵ زیندانیکردنی بۆبڕییەوە، بۆسنیاو هێرزەگۆڤین کە زۆرینەی موسڵمانە سەربەخۆیی وەرگرت، بەڵام ئەمریکاو ئەوروپا سیستەمێکی سیاسیی زۆر ئاڵۆزیان بۆ دانا، کە دەتوانم بڵێم ئاڵۆزترین سیستەمی جیهانە، لە ئەنجامدا سوودمەندی یەکەم لە سەربەخۆیی سربیاو دواتر کرواتیاو دوای ئەوانیش بوشناق بوو، بۆسنیاو هێرزەگۆڤین بۆ سێ بەش دابەشکرا، یەکەم: یەکێتیی بۆسنیای کرواتیی فیدراڵ، دووەم: کۆماری سربیای بۆسنیا، سێیەم: کانتۆنی برچکۆ Brcko کە لەژێر ئیدارەی هاوبەشی هەردوو قەوارەدایە، سربیا ٤٩٪ی خاکیان وەرگرت، هەریەك لە بوشناق کرواتیا ٥١٪، سەراییڤۆ وەك پایتەختی یەکگرتوو مایەوە، سێ زمانی فەرمی تێدایە(بوشناقی، کرواتی، سربی)، کە بە نۆرە هەر هەشت مانگ جارێك دەبنە سەرۆك، دوای هەڵبژاردن هەر چوار ساڵ جارێك، براوەی یەکەم دەبێتە

**لە ساڵی ١٩٩٨ مۆنتی نیگرۆ هەوڵیدا جیابێتەوە، بەڵام یەکێتیی ئەوروپا و بەلگراد رێگەیان پێ نەدا و داوایان کرد بمێنێتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ مۆنتی نیگرۆ بە گشتپرسی سەربەخۆ بوو، کۆسۆڤۆش لە ٢٠٠٨ سەربەخۆیی راگەیاند**

**حارس سیلادیچ ئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکان پوترس غالیی میسری تۆمەتبارکرد کە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم هاتنەناوەوەی بۆسنیا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان**

**بیجۆفیچ پەنای بردە بەر ئەفغانی عەرەب کە لە ئەفغانستان بوون و شەڕی رووسیایان دەکرد، بۆ ئەوەی بیانهێنێتە نێو سوپای بۆسنیاوە**

**بوشناق بە راگرتنی شەڕ رازی بوو، چونکە لە ماوەی سێ ساڵی شەڕدا (١٩٩٢-١٩٩٥) سربیا جینۆسایدێکی دەرحەق موسڵمانانی بوشناق ئەنجام دا**

**هێزەکانی سربیا بە سەرۆکایەتیی ژەنەڕاڵ ڕاتۆک ملادیچ پەلاماری کەمپێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی دا کە بۆسنیاییەکانی تێدا بوو، ٨٠٠٠ پیاو و منداڵ و ئافرەتی تێدا کوژران**

**سەرۆکی سربیا لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستگیرکراو دادگای نێودەوڵەتی سزای ٤٠ ساڵ زیندانیکردنی بۆ بڕییەوە، بۆسنیاو هێرزەگۆڤین کە زۆرینەی موسڵمانە سەربەخۆیی وەرگرت، بەڵام ئەمریکاو ئەوروپا سیستەمێکی سیاسیی زۆر ئاڵۆزیان بۆ دانا**

**ئیسلامییە توندڕەوەکان نەیانتوانی لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا بمێننەوە، (٣٠٠) توندڕەوی بۆسنیا پەیوەندییان بە قاعیدە و داعشەوە کرد، مەترسیدارترینیان بایرۆ ئیکانۆفیچ بوو کە پەیوەندیی بە داعشەوە کردو گەورەترین سەربازگەی لە باکووری سووریا دامەزراند**

سەرۆك، دواتر سێ براوەکەی دیکە لە هەر نەتەوەیەك بۆ هەشت مانگ، ئەم ئەنجومەنە بەرپرسە لە کاروباری دەرەوە و بەرگری و بوودجە، لەوەی سەیرتری ئەم سیستەمە ئاڵۆزە ئەوەیە کە لە هەڵبژاردندا هاووڵاتیانی یەکێتیی بۆسنیا و کرواتیای فیدراڵ ئازادن کاندیدیان هەڵبژێرن لەنێو بوشناق یان کروات، بەڵام هاووڵاتی سربیا تەنیا دەنگ بە کاندیدی سربیا دەدەن، هاووڵاتیانی کانتۆنی برچکۆش پێویستە پێش دەنگدان کاندیدیان دیاریبکەن، پێوایە ئەو سیستەمە بۆ سەقامگیریی وڵات دانەنراوە، بەڵکو سەرهەڵدانەوەی ململانێیە لە هەر ساتێکدا بێت و تا ئەو دەوڵەتە موسڵمانە هەر لە دواکەوتن و ئاژاوەدا بمێنێتەوە، دوای سەربەخۆیی بۆسنیاو هێرزەگۆڤین عەلی عزەت بیگۆڤیچ بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی (١٩٩٦-١٩٩٨)، دواتر رۆڵی کاندیدی سربیا زیفکۆ رادیچ Zivko Radisic هات(١٩٩٨-١٩٩٩)، پاشان کرواتیا ئەنتە جالاڤیچ Ante Jelavic (١٩٩٩-٢٠٠٠)،بەم شێوەیە دەستاودەستکردنی نێوان هەر سێکیان بەردەوام دەبێت، دوای ڕێککەوتننامەی دایتۆن و سەربەخۆیی بۆسنیاو هێرزەگۆڤین چەکداران کە هاوکاریی سوپای بۆسنیایان دەکرد دژی سربیا بە فشاری ئەمریکا روویان کردە شیشان و عێراق و سووریا و کشمیر، هەندێکیان لەبەر هەڵوێستی ئایینی رادیکاڵیی توندڕەوییان لە بۆسنیا مانەوە، بەڵام لەلای کۆمەڵگەی میانڕەوەی بوشناقییەوە پەسندکراو نەبوون، چونکە لە راپرسیی ٢٠١٤ دەرکەوت کە موسڵمانانی بۆسنیا زیاتر لیبراڵین لە جیهاندا و پەیڕەوکاری مەزهەبی حەنەفین، لە بیروباوەڕیشدا مەزهەبی ئەلماتریدی، لەکۆنەوە لەگەڵ کرواتییە کاسۆلیکەکان و سربییە ئەرسەدۆکسییەکاندا بە ئاشتی دەژین، دەیانەوێت تێکەڵی کۆمەڵگەی ئەورووپی ببن و پارێزگاریی لە ئایینی خۆشیان بکەن، لەوانەی کە بەشدارییان لەو پرۆژە شارستانییەدا کرد، ئەنیس کاردیچ Enes Karic وفیکرەت کارجیچ Fikret Karcic بوون، ئەوەی دوایی مامۆستا بوو لە قۆناغی دکتۆرا لە مالیزیا، بۆیە ئیسلامییە توندڕەوەکان نەیانتوانی لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا بمێننەوە، (٣٠٠) توندڕەوی بۆسنیا پەیوەندییان بە قاعیدەو داعشەوە کرد، مەترسیدارترینیان بایرۆ ئیکانۆفیچ بوو کە پەیوەندیی بە داعشەوە کردو گەورەترین سەربازگەی لە باکووری سووریا دامەزراند، هەروەها نەسرەت ئیمامۆفیچ سەرکردە لە بەرەی نوسرەی سەر بە قاعیدە کە لەلایەن ئەمریکاوە داواکراوە، ئەوەیان مەشقی بە (٢٠٠) گەنجی بۆسنیا کردبوو بۆ پەیوەندیکردن بە قاعیدەوە، لەبەر ئەوە دەبینین زۆربەی چەکدارانی ئەورووپا لە ریزەکانی قاعیدەو داعش خەڵکی بۆسنیان.

باسی رۆڵی عەلی بیجۆفیچی سەرۆکی بۆسنیا دەکرێت کە بە باوکی ئیسلامی سیاسی لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤین دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٣٨ یەکێك بووە لە بەشدارانی دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی موسڵمان (ملادی موسڵمانی) کە کۆنترین کۆمەڵەی ئیسلامییە لە بەڵکان، بەڵام لەبەرئەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەکان لەسەر بنەمای ئایینی لە یۆگسلاڤیا رێگەی پێ نادرێت، بۆیە کۆمەڵەکەی بەناوی مەشیەخەی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٤٠ تۆمارکرد، لە ١٩٤٦ بەهۆی هاوکاری کردنیان لە دەرکردنی رۆژنامەی موجاهید لەگەڵ (نەجیب شاکر بێیە)ی هاوڕێی لەلایەن حکومەتی یۆگسلاڤیاوە دەستگیرکران، دوای دەرچوونیان لە زیندان شیوعییەکان رەشبگیرییەکیان دژی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەستپێکرد، چواریان لە ١٩٤٩ لەسێدارەدران و هەندێکیشیان گرتن، ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ بزووتنەوەی ئەستاشای نازی بەردەوام لە ململانێدا بوو، کە لە لاوانی بەڵکان بەتایبەتیش کرواتییەکان پێکهاتبوو، ئەوانەی هاتنەپاڵ نازیی هیتلەر کاتێ ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤١یۆگسلاڤیای داگیرکرد و کۆتایی بە حوکمی پاشایەتیی هێنا، لە ١٩٥٣ جەنەراڵ تیتۆ کۆتایی بە مۆڵەتی ئەو کۆمەڵانە هێنا، بۆ سەپاندنی شیوعییەت بەسەر گەلی یۆگسلاڤیا، بۆیە کۆمەڵەکە لەسەردەمی ئەو زۆر پەرێشان بوو، لەبەرئەوە بیجۆفیچ هەوڵی دا لە رێی (شێخ حین دوزو) کە سەرۆکی کۆمەڵەی زانایانە و لەلایەن حکومەتەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری موسڵمانان دامەزرابوو، وتارەکانی لە گۆڤاری (تاکڤین) کە کۆمەڵەی شێخ دوزو

دەریدەکرد بڵاوبکاتەوە، سووربوونی بیجۆفیچ بووەهۆی ئەوەی کە خوێنەرانی گۆڤارەکە لە(٥٠)هەزارکەس زیاتر بوون، لە ساڵی ١٩٦٩ بیجۆفیچ کتێبی (البیان الاسلامی) بڵاوکردەوە، لە ١٩٨٣ بە (١٤)ساڵ زیندانی حوکمدرا، چونکە ئەو کتێبە دژی بیروبۆچوونی شیوعییەت بوو، لە ساڵی ١٩٨٨ ئازادکران، ئەمەش سەرەتای قۆناغی لێکترازانی رژێمی شیوعی بوو لە یۆگسلاڤیا، لە ١٩٩٠ یەکێتیی سۆڤییەت و رژێمە شیوعییەکەی هەرەسیان هێنا، ئەمەش وایکرد کە یۆگسلاڤیا بوار بۆ فرەیی سیاسی والابکات، بیجۆفیچ حزبی کاری دیموکراتیی Party of Democratic Action دامەزراند، تا ببێتە باڵی سیاسیی کۆمەڵەی لاوانی موسڵمانان، ئەمەش وەك ئەوەی سودانە، کاتێك بزووتنەوەی ئیسلامی (ئیخوان موسلمین) باڵی سیاسی بە ناوی کۆنگرەی نیشتمانی دامەزراند و عومەر بەشیر بوو بە سەرۆکی کۆنگرەکە، پەیوەندییش هەبوو لەنێوان بیجۆفیژ و سەرکردە ئیسلامییەکانی سودان، ئەو زۆر کاریگەر بوو بە ئیخوان موسلمین لە میسرو کۆمەڵی ئیسلامی مەودودی و ئەزموونی ئەندەنوسیا و بیرمەندانی وەك سەید قوتب و نەدەوی و حەسەن بەننا، ئەوەی یاداشتەکانی بخوێنێتەوە دەبینێت چەند بە ئەزموونی ئیخوانی میسر سەرسام بووە، کە بە زیادڕەوییەوە دەڵێت: «ئەگەر ئیخوانی موسلمین نەبووایە بۆسنیاو هێرزەگۆڤین دەفەوتا»، لە کتێبەکەشیدا لاسایی حەسەن بەننا دەکاتەوە لە بانگەواز بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، بیجۆفیژ پێی وابوو کە ئیسلام ئایدیۆلۆژییەتەو پێویستە لە ژیاندا هەبێت، هەروەها ئایینێك نییە تەنیا لە سنووری تاك و پەرستشدا بێت، ئەمەش بەواتای ئیسلام ئایین و دەوڵەتە، بیجۆفیچ زۆر بە ئەزموونی ئیخوان موسلمینی میسر سەرسام بوو، بۆیە فیکرەکانی رادیکاڵی بوون و لە کتێبی ئیسلامییەکانەوە وەرگیرابوون و ناکۆك بوو لەگەڵ واقیعی بۆسنیا، هەر ئەوەش حارس سیلایدیچ Haris Siladzicی هاندا کە هاوڕێی خەبات و موسڵمانی میانڕەو بوو دوای شەڕ حزبی کاری دیموکراتی بەجێبهێڵێت و حزبێکی سەربەخۆ دامەزرێنێت بە ناوی (لەپێناو بۆسنیاو هێرزەگۆڤین)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیجۆفیچ بیرمەندێکی دیار و سیاسەتوان و خەباتگێڕێکی دلێر بوو لەپێناو نەتەوە و نیشتمان و ئایینەکەیدا، کاتێکیش نەخۆش کەوت ئەردۆغان لە سەراییڤۆ سەردانی کرد، بیجۆفیچ دەستی ئەردۆگانی گرت و پێی گوت: «ئێرە خاکی موسڵمانانە و بەرگرییان لە بۆسنیا کردووەو ئەم خاکانە لە ئەستۆی ئێوەدایە»، لە ساڵی ٢٠٠٣ بیجۆفیچ مردو کاتێکیش بۆ جاری دووەم ئەردۆغان دوای مردنی سەردانی بۆسنیای کرد، بەکر بیجۆفیچ پێی گوت: «ئەردۆغان تەنیا سەرۆکی تورکیا نییە، بەڵکو سەرۆکی ئێمەشە و خوا بۆ تورکی ناردووە».

دوای مردنی بیجۆفیچ، سلێمان تیهیچ لە سەرۆکایەتیی حزبی کاری دیموکراتی جێی گرتەوە و دواتریش کوڕەکەی بیجۆفیچ کە ناوی بەکر بیجۆفیچ بوو، لە ساڵی ٢٠١٠ بەکر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت و بوو بە ئەندامێکی بوشناق لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لە ٢٠١٤ جارێکی دیکە سەرکەوت، بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵەی لاوانی موسڵمان ئەدهەم باسکیچ سەرۆکایەتیی دەکات کە لەدوای عومەر بەهمەن ناسراو بە ماندیلای بۆسنیا هات و (٢٠)ساڵ لە زیندانەکانی شیوعیدا بوو، ئەو دۆستێکی بیجۆفیچە و پێکەوە حزبی کاری دیموکراتیان دامەزراند، لە ١٩٩٩ بوو بە سەرۆکی کۆمەڵی لاوانی موسڵمان، بەڵام لە ٢٠٠٩ بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی کرد.

موسڵمانانی بوشناق هەوڵدەدەن لەگەڵ کرواتیای کاسۆلیك و سربیانی ئەرسەدۆکسدا بژین، چونکە رۆڵەی یەك نیشتمانن، واتا گەڕانەوە بۆ ژیانی سروشتی پێش هێرشی عوسمانییەکان، بۆیە ناکرێ توندڕۆکان لە ژینگەیەکی ئاشتیخوازی میانڕەویی لیبراڵی وەك بۆسنیاو هێرزەگۆڤیندا بژین، بەڵام پێموایە ئەم سیستەمە سیاسییەی ڕێککەوتننامەی دایتۆن سەپاندی، کێشەی ئاڵۆزیان لە ئایندەدا بۆ دێنێتەئاراوە، بەتایبەتی کە بوشناق بە چاوی سووکایەتییەوە دەڕواننە ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەندێ سەرکردەی ئیسلامی سیاسییش هەوڵدەدەن ئەم خاڵە بقۆزنەوە بۆ بەدیهێنانی مەرامی سیاسیی خۆیان.

**بیجۆفیژ پێی وابوو ئیسلام ئایدیۆلۆژییەتەو پێویستە لە ژیاندا هەبێت، هەروەها ئایینێک نییە تەنیا لە سنووری تاک و پەرستشدا بێت، ئەمەش بەواتای ئیسلام ئایین و دەوڵەتە**

**بیجۆفیچ زۆر بە ئەزموونی ئیخوان موسلمینی میسر سەرسام بوو، بۆیە فیکرەکانی رادیکاڵی بوون و لە کتێبی ئیسلامییەکانەوە وەرگیرابوون و ناکۆک بوو لەگەڵ واقیعی بۆسنیا**

**موسڵمانانی بوشناق هەوڵدەدەن لەگەڵ کرواتیای کاسۆلیک و سربیانی ئەرسەدۆکسدا بژین، چونکە رۆڵەی یەک نیشتمانن، واتا گەڕانەوە بۆ ژیانی سروشتی پێش هێرشی عوسمانییەکان**

# تێڕوانینێک لەبارەی دۆخی ئابووری و باری وەبەرهێنان لە کوردستاندا

**قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئابووری کوردستان و پێشبینی و پێشهاتەکانی کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی لە ژینگەیەکی وەکو ئابووریی کوردستاندا، کە کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکاری ناوخۆیی و عێراقی و دەرەکی کاریگەریی لەسەری هەبێت، بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ئابووری کوردستان و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی و ریزبەندی گرنگترین ئەو بەرنامەو کارانەی کە پێویستە لەکابینەی نوێ دا جێبەجێ بکرێت، گفتوگۆیەکمان لەگەڵ دکتۆر (ئیدریس رەمەزان) شارەزا لەبواری وەبەرهێنان و ئابووریی نێودەوڵەتی لەزانکۆی سەلاحەدین ئەنجامدا.**

**لەلایەکی دیکەوە ئامارو نیشانەکانی بازاڕ و ئابووری ئەوە دەردەخەن کە رەوشی بازاڕ و ئابووری روویان لە باشی کردووە، یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانیش بە دوو وەجبە پارەی ئەو قەرزانەیان درایەوە کە لەسەر حکومەت بوو، ئەمەش بووە جێگای رەزامەندی و ئومێد بۆ بەڵێندەران، بۆقسەکردن لەسەر رەوشی بازاڕو دۆخی بەڵێندەران، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د.سەرۆ دزەیی سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر کرد.**

**هەروەها گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی دۆخی ئابووری لەدوای سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغداو ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان و ناردنی مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر جوڵەی ئابووری و بازاڕ هەبووە، وەبەرهێنەرانی کوردستانیش وەکو هەموو چین و توێژەکانی دیکە لە چاوەڕوانیی باشبوونی زیاتری دۆخەکەدان بۆ ئەوەی کارو پرۆژەکانیان دەست پێ بکەنەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندار چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئەحمەد رێکانی سەرۆکی وەبەرهێنەرانی کوردستان کرد.**



دکتۆر ئیدریس ڕەمەزان
شارەزا لەبواری وەبەرهێنان و ئابووریی نێودەوڵەتی:

# کەرتی تایبەت لەسەر سێکتەری گشتی دەژێت و زۆرجاریش بۆ بەرژەوەندی خۆدەوڵەمەندکردنی نایاسایی بەکاری دەهێنێت

## بەبێ ڕێکخستنەوە و جیاکردنەوەی هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی، ناتواندرێت ئابووری بونیات بنرێتەوە

*** لە چوار ساڵی رابردوودا بەهۆی قەیرانی داراییەوە هەرێم بە دۆخێکی ئابووریی سەخت و دژواردا تێپەڕی، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆ و دەرەکی و خاڵی لاوازەوە روویدا، پێت وانییە خوێندنەوەمان بۆ ئابووریی کوردستان پێویستە لەچوارچێوەی دۆخە ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا بێت؟**

- ئابووریی هەرێمی کوردستان بە کاریگەریی کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆ و عێراقی و ناوچەییەوە بەستراوەتەوە، تەنانەت لەم سەردەمەدا هەموو ئابوورییەکانی جیهان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، بارودۆخی سیاسیی ناوخۆ و عێراق و ناوچەکە کاریگەریی لەسەر دۆخی ئابووریی کوردستان هەیە، ئەوەتا ئەگەر بارودۆخی ئێستای هەرێم و ئابوورییەکەی بەراورد بکەین بە چوار ساڵی رابردوو ئەوا دەتوانین بڵێین هەناسەیەکی باشتری بەبەردا هاتۆتەوە، بەڵام ناتوانین بڵێن ئەم ئابوورییەی ئێستا کە تازە لەدۆخی قەیران دەردەچێت هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە و دوورە لە ئەگەری کەوتنەوەی قەیرانی دیکەوە، بەتایبەت کە ئابووریی هەرێمی کوردستان وابەستەی ئابووریی حکومەتی ناوەندییە و ئەویش لەگەڵ هەرێمدا بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییەوە، هەربۆیە ئەو کەسانەی بەرهەمهێن و بازرگان و کاسبکارن، هێشتا بەچاوی ترسەوە دەڕواننە دۆخەکە و ئومێدی تەواویان بە بازاڕ و ئابووری نییە، چونکە رەوشی سیاسی و سەقامگیری بەلای ئەوانەوە تا ئێستا رۆشن نییە، تەنانەت هێشتا بەئاستی ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ پارەو داهاتیان ناخەنە بازاڕەوە و بەهەمان شێوە رەفتار ناکەن، مەترسیی ئەوەیان هەیە قەیرانێکی دیکە باڵی بەسەر بازاڕەکاندا بکێشێت و کاریگەریی خراپی لەسەر ئەوانیش هەبێت. زۆر لە پیشەسازیکاران ناتوانن بەرهەمی زۆر بخەنە بازاڕەوە و ترسی ئەوەیان هەیە سوود و قازانجێکی زۆری لێ نەبینن. سەبارەت بە کاریگەرییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر دۆخی ئابووری کوردستانیش پێم وایە گۆڕانکاریی و رووداوە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر بازاڕەکانی ناوچەکەو عێراق و کوردستانیش هەیە، بارودۆخەکەش لەم ناوچەیەدا بەتایبەتی ململانێکانی نێوان ئەمریکاو ئێران روو لە گرژیی زیاتر دەکات و شوێنەواری خۆی لەسەر دۆخی ئابووری و دارایی بەجێدەهێڵێت.

**ململانێکانی نێوان ئەمریکاو ئێران روو لە گرژیی زیاتر دەکات و شوێنەواری خۆی لەسەر دۆخی ئابووری و دارایی بەجێدەهێڵێت**

**کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی دەرکردنی کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە ئەکتیڤکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت بێت، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵک و گوزەرانیانەوە هەیە**

**کەرتی گشتی و تایبەت پێکەوە دەتوانن هەوڵی هەستانەوەی دۆخی دارایی و بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری بدەن، تاوەکو ببینە خاوەنی ئابوورییەکی گەشەسەندوو لەناوچەکە و جیهاندا و پێگە و رۆڵی گەورەمان هەبێت**

*** ئاشکرایە کە حکومەت دەتوانێت بۆ گەڕانەوەی سەقامگیری و ئارامی بۆ بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان و رەوشی دارایی رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت، بە رای ئێوە گرنگترین ئەو هەنگاو و خاڵانە کە پێویستە لەم قۆناغەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بیگرێتەبەر چین؟**

- گەڕانەوەی متمانە گرنگترین ئامانجە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دڵنیابوونی رەوشی ئابووری و بازاڕ بیگرێتەبەر، چونکە ئەگەر متمانە هەبوو، ئەوا هەرچی بازرگان و پیشەسازیکار و بێزنسکارە دەتوانن کارەکانی خۆیان بەجوانی و رێکوپێکی ئەنجام بدەن، لێرەدا خەڵك و حکومەت پێکەوە دەتوانن ئابووری بەڕێوەببەن و دۆخەکە هێمن و ئارام بکەنەوە، ئەوەی لەسەر حکومەت پێویستە زۆربەی جار دەچێتە بوارو چوارچێوەی میکانیزمە یاساییەکان و چاودێرییەکانەوە، لە بازاڕێکدا کە بنەماکانی یاسا ئاراستەی بکات و سەقامگیریی هەبێت و خاوەنی حکومەت و ئابوورییەکی بەهێز بێت، زۆر ئاساییە بازرگان و سەرمایەدار و وەبەرهێنەر و هەرچی چین و توێژەکانی دیکەی ئابووری هەیە ئومێدێکی رۆشنیان بەدوا رۆژ و ئابوورییەکی گەشەکردوو هەبێت، لەلایەکی دیکەوە کەرتی تایبەت یەکێکە لەو کەرتانەی کە بەبارودۆخەکە زۆر هەستیارە، ئەمە نەك لە ئێرە لەهەموو جیهاندا هەروایە، هەربۆیە نابێت حکومەت لە رێگەی کۆمەڵێك وەزارەت و بەرپرسی لاوازەوە رێگە بدات نامتمانەیی بە دۆخی بازاڕو ئابووری دروست بێت و ئەوەندەی دیکە نائومێدی و بێزاری لەلای بێزنسکارو بازرگان و پیشەوەران دروست بکات، بۆ نموونە: ناکرێت ناوبەناو یاساو رێنمایی نوێ دەربچێت بێ ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر کرابێت و باری قورسی زیاتر بخرێنە سەر خەڵکی کاسب و بازاڕ. کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی دەرکردنی کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە ئەکتیڤکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت بێت، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵك و گوزەرانیانەوە هەیە.

*** لە هەموو دنیادا دەوڵەتەکان خاوەنی سیستمی جۆراوجۆری ئابوورین، هەندێك جار بۆ بەرژەوەندیی گشتی پابەندی ئەو بیردۆزو سیستەمانەش نابن کە پەیڕەوی دەکەن، پێت وانییە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانی دارایی و پلاندانان نەیانتوانیوە سیستەمێکی وا پیادە بکەن کە ببێتە**

**هۆکاری سەقامگیریی ئابووری؟**

- لە هەر وڵات و ناوچەیەکدا بمانەوێت گەشەی ئابووری رووبدات، دەبێت کەرتی تایبەت رۆڵی سەرەکی و بزوێنەری تێدا هەبێت، ئەمە مانای ئەوە نییە لەم قۆناغەدا سێکتەری گشتی بگەینە قوربانی کەرتی تایبەت، من پێم وایە کەرتی گشتی و تایبەت پێکەوە دەتوانن هەوڵی هەستانەوەی دۆخی دارایی و بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری بدەن، تاوەکو ببینە خاوەنی ئابوورییەکی گەشەسەندوو لەناوچەکە و جیهاندا و پێگە و رۆڵی گەورەمان هەبێت، ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان پێی دەڵێن کەرتی تایبەت سەدان کەموکورتی و خاڵی لاوازی تێدایە، ئەوەی هەیە کەرتی تایبەت لەسەر سێکتەری گشتی دەژێت و زۆرجاریش بۆ بەرژەوەندی خۆدەوڵەمەندکردنی نایاسایی بەکاری دەهێنێت، ناکرێت سیاسەت و ئابووری لەم وڵاتە تێکەڵ کرابێت و کەرتی تایبەت لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە بەڕێوەبچێت کە راستەوخۆ لەناو کایە سیاسییەکەدان، هەربۆیە لەبواری باج و ئەرکەکانی سەرشانیان خۆیان دەدزنەوە، یان لە کاروباری دەرکردنی یاساو رێنماییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەستوەردان دەکەن.

*** ئایا ئەمە ئەرکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان قورس ناکات بەوەی ئەم دوو کەرتەی گشتی و تایبەتی لەیەکتر جیابکاتەوەو بەشێوەیەك رێکیان بخاتەوە کە لەپێناو بەهێزبوونی هەردووکیاندا بێت؟**

- بەدیدی من گرنگترین شت کە کابینەی نوێی کوردستان بیکات بریتییە لە: رێکخستنەوە و لێکجیاکردنەوەی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت، ئەرك و مافەکانیان دیاری بکاتەوە و بەشێوەیەك هەردوو کەرتەکە ئاراستە بکات کە لەپێناو بەهێزبوونی هەردوو کیاندا بێت، ئێستا نە بۆ حکومەت، نە بۆ خەڵکی روون نییە، ئایا ئەم شێوازەی بەڕێوەبردنی ئابوورییە شێوازێکە ئابووری بەرەو کەرتی تایبەت دەبات، یان بەپێچەوانەوە بەرەو کەرتی گشتی دەیبات.

*** کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگای ئومێدێکی زۆری خەڵکە، ئەم کابینەیەش پێویستە رۆئیاو بەرنامەی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئایا گرنگترین ئەو بەرنامەو کارانە کە دەبێت حکومەت لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی دایبنێت چین؟**

- وەکو ئاماژەم پێکرد، گرنگترین بەرنامە کە

دەبێت کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ بکات جیاکردنەوەی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتە، واتا دووبارە هەردوو کەرتەکە ڕێکبخاتەوە، بە جۆرێك ئەرك و بەرپرسیارێتی هەردوو کەرتەکە دیارو روون بێت، لەهەندێك بوارو سێکتەردا بەجۆرێك کاری حکومەت و وەبەرهێنەرو بەڵێندەر تێکەڵ بووە، وادەزانیت ئەوە کەرتی تایبەتە ئاراستەی حکومەت دەکات و یاساو ڕێنمایی و بارودۆخەکە بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە، جوانترین بەڵگەش بۆ ئەمە لەماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵدا کۆمپانیا و بیزنسکاری وا گەورە پەیدا بووە، کە سەرمایەکەی لە ملیارد دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەمەش هەر هەمووی لەسەر حیسابی گشتی بووە، سەرەتای ڕێکخستنی ئەم کارەش لە یاساوە دەبێت، واتا سەرجەم یاسا کۆن و کلاسیکەکانی کارکردنی ئابووری لەم هەرێمەدا پێویستی بەچاوخشاندنەوە هەیە، بەیاسای وەبەرهێنانیشەوە کە کۆن بووەو یاساکە بۆ سەردەمێك هاتووە کە زۆر جیاوازترە لەم سەردەمە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بمانەوێت کەرتێکی تایبەتی ڕاستەقینەی وا دروست ببێت کە ڕۆڵی لە بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و گەشەدا هەبێت، دەبێت هەندێك پاڵپشت و هاندان هەبێت بۆ ئەو کەرتانەی کە گرنگن بۆ ئابووریی کوردستان، بەجۆرێك ئاراستەیان بکات لەو ناتێگەیشتن و نارۆشنییە دەربازی بکات و کەرتێکی تایبەتی سەربەخۆی لێ دروست ببێت، تاوەکو بتوانین ئابوورییەکی ڕاستەقینەی لەسەر بونیات بنێین، نەك کەرتێکی تایبەت کە خۆی بەستۆتەوە بەکەرتی گشتییەوە و لەسەر حیسابی ئەم هەموو کاروچالاکییەکانی خۆی ئەنجام دەدات.

*** بەڵام ئەمانەی باست کرد هەمووی لە بارودۆخێکی سەقامگیردا جێبەجێ دەکرێت، ئایا پێت وایە لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئەرزیەتی حزبەکان و سیاسەت لە خزمەتی گەشەسەندنی ئابووریدا بێت؟**

- بواریی رامیاری و لایەنی سەقامگیریی رامیاری هۆکاری ڕاستەقینەی گەشەسەندنی بواری ئابوورییە، لەهیچ وڵتێکی دنیادا ئابووری نەیتوانیوە گەشە بکات و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی دابین بکرێت ئەگەر هاتوو لایەنی سیاسی ناسەقامگیر بێت، بۆیە زۆرجار لایەنی سەقامگیری بۆ جێگیرکردن و بوژانەوەی ئابووری هۆکاری زۆر گرنگ و ئەکتیڤە، لەکوردستاندا تا ئێستا زەمینەیەکی لەباری بەردەوامی سەقامگیریمان دروست نەکردووە بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووریمان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی هەبێت و بتوانێت بەرگەی تەوژمی گەمارۆو جەنگی ئابووری بگرێت، بوونی ئەم سەقامگیرییە هەم بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیاو وەبەرهێنەرانی بیانی گرنگە هەم لەناوخۆدا بۆ گەڕانەوەی متمانەی خەڵکی و بازرگان و بیزنسکاران بۆ حکومەت و وەزارەت و دامودەزگاکانی گرنگە، ڕاستە بەراورد بە عێراق لێرە سەقامگیری و ئارامیەکی باشتر هەبووە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا هەماهەنگی و پەیوەندیی نێوان حزبەکان دۆخێکی وای خستەوە کە زیانی گەورەی بەسەقامگیریی سیاسی گەیاند، بەتایبەتی لەسەر ئاستی هەموو کوردستان چونکە ڕەنگە حزبێك توانیبێتی لە ناوچەیەکی جوگرافیای دیاریکراودا ئەو سەقامگیرییە بپارێزێت، بەڵام لەسەر ئاستی هەموو جوگرافیای کوردستان نەتوانراوە سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی سەرتاسەری بپارێزرێت، هەربۆیە کاتی ئەوەهاتووە حزبەکان لەچوارچێوەی کاری حزبی و سیاسی دا کێبرکێی یەکتر بکەن و زیان بە ڕەوشی سیاسی و ئابووری کوردستان نەگەیەنن، چونکە کاری حزبی و سیاسی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بواری سیاسی و دواتر چالاکبوونی بواری ئابووری لەهەرێمدا هەیە.

*** دوای ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق تاچەند بواری سیاسی و ئابووری لە عێراق و کوردستاندا ئەم ئومێدەی بۆ گەڕاوەتەوە؟**

- لەساڵانی رابردوودا بەهۆی ئارامی و سەقامگیری سیاسییەوە زۆربەی کۆمپانیاو وەبەرهێنەرانی عێراق و بیانی بارەگای کۆمپانیاکانیان لەهەرێمی کوردستان دەکردەوە و بگرە ئامادەبوون لێرە وەبەرهێنان بکەن، بەڵام ئامادە نەبوون لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق وەبەرهێنان بکەن، چونکە ئەو کات هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی لەباری هەبوو بۆ وەبەرهێنان و کاری بیزنس، تەنانەت ئەم سەقامگیرییە رامیاری و ئابوورییە لەکوردستاندا کاریگەریی توندی لەسەر ئابووریی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش هەبووە، ئەمڕۆش دەتوانرێت ناوەندو هەرێم هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کۆت و بەربەستانەی دێنە بەردەم گەیشتن بەگەشەی ئابووری، چونکە سەقامگیریی و گەشەی هەردوو لا کاریگەری توندی لەسەر یەکتر هەیە و پەیوەندییە ئابوورییەکانیش هەمیشە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا گەشەی کردووە.

**ناکرێت سیاسەت و ئابووری لەم وڵاتە تێکەڵ کرابێت و کەرتی تایبەت لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە بەڕێوەبچێت کە ڕاستەوخۆ لەناو کایە سیاسییەکەدان**

**لەهەندێک بوارو سێکتەردا بەجۆرێک کاری حکومەت و وەبەرهێنەرو بەڵێندەر تێکەڵ بووە، وادەزانیت ئەوە کەرتی تایبەتە ئاراستەی حکومەت دەکات و یاساو ڕێنمایی و بارودۆخەکە بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە**

**لەماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵدا کۆمپانیا و بیزنسکاری وا گەورە پەیدا بووە، کە سەرمایەکەی لە ملیارد دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەمەش هەر هەمووی لەسەر حیسابی گشتی بووە**



ئەحمەد ڕێکانی

سەرۆکی وەبەرهێنەرانی کوردستان:

# داواکاری و پێشنیارەکانی وەبەرهێنەران لە ژینگەیەکی نائارام و حکومەتێکی کاربەڕێکەر جێبەجێ ناکرێت

## چاوەڕوان دەکرێت بازاڕ و کار و پرۆژەکانی وەبەرهێنان بووژانەوەیەکی باش بەخۆیەوە ببینێت

*** وەکو سەرۆکی وەبەرهێنەرانی کوردستان چۆن دەڕوانیتە دۆخی ئابووریی کوردستان؟ ئایا وەبەرهێنەرانی کوردستان دووبارە روویان لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان کردووەتەوە؟**

- دوای سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغداو کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ سەرکردە و بەرپرس و کوتلەکانی عێراق، دۆخێکی نوێ لەنێوان هەرێم و کوردستان دروست بوو، زمانی دیالۆگ و تێگەیشتن جێگای زمانی توندو گرژی گرتەوە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراقیش چووە دۆخێکی سەقامگیر و ئارامەوە، بەمەش دۆخێکی ئارام و متمانە و ئومێد لەلای خەڵکی و بازرگان و بەڵێندەر و بیزنسکاران دروست بوو، هەڵبەتە ئێمەی وەبەرهێنەرانیش ئومێدێکی زۆرمان لا دروست بووە بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی ئەو سەردانە کە خۆی لە پەسەندکردنی پشکی بودجەی کوردستان و هاتنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە دەبینییەوە، ئەمەش دەرئەنجامی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بوو کە وایکرد حکومەتی عێراق ڕەزامەندی دەربڕێت لەسەر پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە، جێگیرکردنی ئەم بڕگە یاساییەش لەناو مادده یاساییەکانی بودجەدا دڵنیاییەکی زیاتری بە دۆخەکە بەخشی و سەقامگیریی سیاسی لێکەوتەوە، ئەو سەقامگیرییەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر جووڵەی بازاڕو وەبەرهێنەرانی کوردستان دروست کردووە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ پێدانەوەی دوو وەجبە لە قەرزەکانی بەڵێندەران لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەم هۆکارانە و کۆمەڵێك هۆکاری دیکە هەموویان وایکردووە بازاڕ بەگشتی و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە بەتایبەتی جووڵانەوەیەکی باش بەخۆوە ببینێت، هەروەها وەبەرهێنەرانیش دووبارە روویان لە پرۆژەکانیان کردەوە و دەستیان بە تەواوکردن و جێبەجێکردنی زۆر لە پرۆژەکان کردۆتەوە، ئەمە وێڕای وەبەرهێنەرانی عێراقی و عەرەبی و بیانی کە چاویان لەوەیە زیاتر دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێت و ئابووری ببووژێتەوە و ئەوانیش هەلی وەبەرهێنانیان کوردستان دەست بکەوێت. بەشێوەیەکی گشتی هەموو نیشانەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن کە دۆخەکە بەرەو باشتر بچێت و

بازاڕ و کار و پرۆژەکانی وەبەرهێنەران بوژانەوەیەکی باش بەخۆوە ببینێت.

*** باسی پێدانەوەی دوو وەجبە لە قەرزەکانی بەڵێندەرانت کرد، بەو پێیەی پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان بەڵێندەران و وەبەرهێنەراندا هەیە، ئەمە چ کاردانەوەیەکی لەسەر باشبوونی دۆخی وەبەرهێنەران هەیە؟**

- پێدانەوەی دوو وەجبە لەقەرزی بەڵێندەران لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێگای دڵخۆشی و پێزانینە، گێڕانەوەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ بەڵێندەران بە دوو وەجبە جێگای ئومێدو متمانەی بەڵێندەرانە بە حکومەت و بانکەکانی هەرێمی کوردستان، پێدانەوەی ئەم پارانە بۆ بەڵێندەران و وەبەرهێنەران هەنگاوێکی باشە و هاندەرە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرانی کوردستان رووبکەنەوە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەتایبەتی لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاری.

*** لەماوەی رابردوودا بەردەوام رەخنەی ئەوە لەوەبەرهێنەران دەگیرا کە زیاتر روو لە کەرتەکانی خانووبەرە و بازرگانی دەکەن و زۆر بە کەمی روویان لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی کردووە، بۆ ئەوەی وەبەرهێنەران زیاتر روو لەم کەرتە زیندووانە بکەن، دەبێت چی بکرێت؟**

- لای هەمووان ئاشکرایە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی بۆ ئابووری و داهاتی کوردستان گرنگن، سەبارەت بەوەی چی بکرێت بۆ ئەوەی وەبەرهێنەران روو لەم کەرتانە بکەن، ئەوا بێگومان زۆر پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کارئاسانی و پاڵپشتی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی بکات، تاوەکو زیاتر روو لە وەبەرهێنان لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی بکەن کە بۆ بەدەستهێنانی هەلی کارو داهات و ئابووریی کوردستان گرنگن، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئابووریی کوردستان لە چوار ساڵی رابردوودا دوچاری قەیران و گرفتی گەورەی دارایی و ئابووری بووەوە.

*** ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق جگە لەزیادکردنی جموجوڵی بازرگانی و بازاڕ، ئایا تاچەند هەلێکی باشی بۆ وەبەرهێنەران لە کوردستان رەخساندووە؟**

- لە روانگەی ئابوورییەوە ئێمەو عێراق بەشێکین لە ئابووری و بازاڕێکی گەورە، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان لە رووی فیدراڵییەوە سەر بەعێراقە، هەر بۆیە هەر لێتێگەیشتن و هەماهەنگییەك لەنێوان حکومەتی هەرێم و عێراق هەبێت، کاریگەریی لەسەر جووڵەو بەرەوپێشچوونی بازاڕی کوردستان دەبێت و متمانەو دڵنیایی لێ دەکەوێتەوە، کە بۆ گەشەو بووژانەوەی ئابووری گرنگە. بوونی عادل عەبدولمەهدی وەکو سەرۆك وەزیرانی عێراق هەلێکی باشە بۆ هەرێم و عێراق تاوەکو زۆر لە کێشەکانی نێوان هەردوولا چارەسەر بکرێت، گرنگیی کەسایەتیی ئەم سەرۆکە لەوەدایە وەبەرهێنان و بووژانەوەی کەرتی تایبەت لە ریزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کارەکانیدایە، تەنانەت لەو ماوەیەی رابردوودات زۆر لە بڕیارو هەنگاوەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە پێناو بووژانەوەی ئابووری و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم گەشەسەندنی ئابووری بووە، هەڵگرتنی باجی گومرگ و بازگە و خاڵە گومرگییەکانی نێوان شارەکانی هەرێم و بەغدا لەم چوارچێوەیەدا بووە و شوێنەواری زۆر ئەرێنی لەسەر کەرتی تایبەت و ئابووری لە کوردستان و عێراق دروست کردووە.

*** سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت؛ تاچەند گرنگە حزبە کوردستانییەکان سەقامگیریی ناوخۆی هەرێم بپارێزن، تاوەکو رەوشی بازاڕ و ئابووری زیانی بەرنەکەوێت؟**

- دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت و لێکتێگەیشتنی نێوان حزبە کوردستانییەکان گرنگییەکی لە رادەبەدەری بۆ رەوشی بازاڕ و ئابووری هەیە و کاریگەریی ئیجابی هەیە لەسەر وەبەرهێنەران و بەڵێندەران، بێ سەقامگیریی سیاسی ناتوانرێت کاروبەرنامەکانی حکومەت جێبەجێ بکرێت کە رۆڵی لە بووژانەوەی ئابووری و بازاڕەکانی کوردستان و گەشەی کەرتی تایبەت هەیە، سەرمایە و وەبەرهێنان لە ژینگەیەکی نائارام و ناسەقامگیردا نابووژێتەوە، تەنانەت هەموو داواکاری و پێشنیارەکانی وەبەرهێنەران لە ژینگەیەکی نائارام و حکومەتێکی کاربەڕێکەر جێبەجێ ناکرێت، بۆ نموونە: ئێمە وەکو وەبەرهێنەرانی کوردستان داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای وەبەرهێنان هەموار بکرێتەوە، بەشێوازێك بێت زیاتر هاوکاری و پاڵپشتی وەبەرهێنەران بکات و متمانەو دڵنیایی بە وەبەهێنەرەکان بداتەوە.

**گێڕانەوەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ بەڵێندەران بە دوو وەجبە جێگای ئومێدو متمانەی بەڵێندەرانە بە حکومەت و بانکەکانی هەرێمی کوردستان**

**زۆر پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کارئاسانی و پاڵپشتی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی بکات، تاوەکو زیاتر روو لە وەبەرهێنان لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی بکەن کە بۆ بەدەستهێنانی هەلی کارو داهات و ئابووریی کوردستان گرنگن**

**هەرێمی کوردستان لە رووی فیدراڵییەوە سەر بەعێراقە، هەر بۆیە هەر لێتێگەیشتن و هەماهەنگییەک لەنێوان حکومەتی هەرێم و عێراق هەبێت، کاریگەریی لەسەر جووڵەو بەرەوپێشچوونی بازاڕی کوردستان دەبێت و متمانەو دڵنیایی لێ دەکەوێتەوە**



دکتۆر سەرۆ دزەیی
سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر:

# ئەگەر مانگانە تەنیا ١٠ ملیۆن دۆلاریان بە بەڵێندەران بدایە، سێ هەزار پرۆژە رانەدەوەستا و ٢٥٠ هەزار هەلی کاریش لەدەست نەدەچوو

## بەڵێندەران بەگرنگییەوە دەڕواننە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم

**• وەکو نوێنەری بەڵێندەرانی کوردستان چۆن دەڕوانیتە دۆخی بازاڕو ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا؟ ئایا دەکرێت بوترێت هەرێم لە دۆخی قەیرانی دارایی و ئابووری دەربازی بووە؟**

- بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ئابووریی کوردستان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هۆکارەکانی قەیرانەکە، چونکە کزی و راوەستانی بازاڕ لە کوردستان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانە داراییە قورسەی کە بەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرت و لە سەرەتای مانگی ١ و ٢ی ساڵی ٢٠١٤ رووی لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە :

١. بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقی ئەو کاتەوە.

٢. شەڕی نەخوازراوی تیرۆرستانی داعش بەسەر هەرێمی کوردستاندا.

٣. دابەزینی بەهای نەوت لەبازاڕە جیهانییەکاندا بۆ نزیکەی ٣٠ دۆلار بۆ هەربەرمیلێك.

٤. هاتنی یەك ملیۆن و ٨٠٠ هەزارە ئاوارەی عێراق و سووریا و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ ناو هەرێم.

ئەم هۆکارانە پێکەوە باری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان زۆر قورس کرد، بە رادەیەك کە نەتوانرا تەواوی مووچەی مووچەخۆران دابین بکرێت و بە ناچاری پەنا بۆ پێدانی مووچە بەشێوەی پاشەکەوت بردرا، ئەمە وێڕای راوەستانی زۆربەی هەرە زۆری پرۆژە و کارەکانی حکومەت. ئێمە وەکو بەڵێندەرانی کوردستان بەدواداچوونی زۆرمان کرد بۆ ئەوەی حکومەت هەر هیچ نەبێت هەندێك پارە بە رێنمایی بە بەڵێندەران بدات، تاوەکو ئەو پرۆژانەی کە لەژێر ئەنجامداندا بوون رانەوەستن، بەداخەوە بە بیانووی نەبوونی ئەو بڕە پارەیە زیانێکی گەورە بە ژێرخانی ئابووری کوردستان کەوتوو قەیرانەکە سەختتر بووەوە، ئەگەر مانگانە تەنیا ١٠ ملیۆن دۆلاریان بە بەڵێندەران بدایە. سێ هەزار پرۆژە رانەدەوەستا و ٢٥٠ هەزار هەلی کاریش لەدەست نەدەچوو، ئەمە وێڕای راوەستانی بازاڕی بازرگانان و سەدان پیشەوەر و کاسبکار و خاوەن دوکانی کەرەستەی بیناسازی، تەنانەت زۆر لە بەڵێندەران کەلوپەل و کەرەستەکانیان فرۆشت و بازاڕەکانی کوردستانیان بەجێهێشت، ئەو چەکە بێ رەسیدەی بانکیش کە درا بەبەڵێندەران و بەڵێننامەیان بە ئێمە پڕکردەوە تاوەکو دۆخی دارایی کوردستان باش نەبێت، پارەکان نادرێتەوە دۆخەکەی لەسەر بەڵێندەران قورستر کرد. هەرچۆنێك بێت ئێستا لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمان وردە وردە

قەیرانەکە تێپەڕ دەبێت، بەتایبەتی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ عێراق و ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق و کۆتاییهاتنی ئەو پەیوەندییە چەقبەستووەی لەنێوان هەولێر و بەغدا هەبوو، بوونی عادل عەبدولمەهدی وەکو سەرۆک وەزیرانێکی میانڕەو و نزیك لەسەرکردایەتی کورد بووە هۆی باشبوونی دۆخی ئابووری و دارایی عێراق و کوردستان.

*** باسی بەڵێندەرانت کرد کە زیاتر لە سێ هەزار پرۆژەیان راوەستاوە و زیانێکی گەورەیان بەرکەوتووە، ئایا پێدانەوەی بەشێك لە قەرزی بەڵێندەران بەشێوەی وەجبە چ کاریگەرییەکی لەسەر دووبارە بەگەڕخستنەوەی کارەکانیان و جوڵانەوەی بازاڕ هەبووە؟**

- حکومەت نزیکەی یەك ملیار دۆلار قەرزداری بەڵێندەرانە، دوای هەوڵێکی زۆر توانرا بە دوو وەجبە هەرجارەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بدرێتەوە بە بەڵێندەران، بەڵێنیشمان لە حکومەت وەرگرتووە هەرکاتێك باری دارایی باشتر بێت، ئەوا ١٠٠ ملیۆن دۆلار زیاتر، یان کەمتر بە ئێمە بداتەوە، بە پێدانەوەی ئەو یەك ملیار دۆلارەش پارەیەکی باش دەڕژێتە ناو بازاڕەکانی هەرێمەوەو پرۆژەکان دەست بە جێبەجێکردنەوەیان دەکرێت و هەلی کار دروست دەبێت و بازاڕ جوولەی تێدا دروست دەبێتەوە، ئەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلارەی دراوە بە بەڵێندەران بەشێك لە قەرزەکانیان پێ داوەتەوە، هیچ بەڵێندەرێك حەزناکات پرۆژکەی راوەستێت، چونکە راوەستانی پرۆژە بۆ بەڵێندەران کاولکارییە و زیانێکی گەورەی بەردەکەوێت، وەکو یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانیش داوا لە بەڵێندەران دەکەین دەست بەکارەکانیان بکەنەوە و حکومەتی هەرێمیش بودجەیەك بۆ پرۆژەکان دابنێت، ئومێدەوارم هەنگاوەکانی حکومەت بەجۆرێك بێت ئەو متمانەیە بگەڕێنێتەوە، لەکاتی دروستبوونی قەیرانەکە حکومەت دەیتوانی دەستکاری پارەی بەڵێندەران و بزنسکاران لەبانکەکان نەکات، ئەو هەنگاوە هەڵەیە وایکرد بێزنسکار و وەبەرهێنەرو هەموو چین و توێژەکان متمانەیان بە بانك نەمێنێت و پارەکانیان بکشێننەوە و قەیرانەکە لەسەر حکومەت سەختتر بێت، بەداخەوە وەزارەتی دارایی کوردستان دەبووایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە بەرنامەی زانستیی هەبووایە، نەك بە سیستەمێکی ژمێریاریی نەگونجاو کار بکات و بەرپرسانێکی کەم ئەزموون کە بە پشتگیری و راسپاردەی کۆمپانیایەکی لوبنانی بەناوی چاکسازیی ئابووری هێناویانە زیانی گەورەیان بە ئابووریی کوردستان گەیاند، بارێکی قورسیان خستەسەر بەڵێندەرانی کوردستان.

*** سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان ئێوە وەکو یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان داواکاریتان لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟**

- هەموو پرۆژەیەك بۆ ژێرخانی هەرێمی کوردستان گرنگە، بەڵام ئەو پرۆژانەی مۆرکێکی خزمەتگوزارییان هەیە، یان پرۆژەکانی دروستکردنی قوتابخانە و نوێژەنکردنەوە و دروستکردنی نەخۆشخانەکان گرنگییەکی رادەبەردەریان هەیە و پەیوەندیان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ریزبەندی بۆ ئەو پرۆژانە دابنێت و پارەیان بۆ تەرخان بکات، هەر بۆیە هەموو خەڵکی کوردستان و بەڵێندەرانیش بە گرنگییەوە دەڕواننە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئومێد دەخوازن حکومەتێکی بەهێز بێت، داواکارین کەسانی تەکنۆکرات و پرۆفیشناڵ و شیاو لە وەزارەتەکان دابنێن، دانانی کەسانی شیاوو دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بۆ بوژانەوەو پەرەپێدانی کوردستان گرنگە، دەربازبوون لەقەیرانی دارایی و بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری پێویستی بە لێهاتوویی و کارامەیی ئەو کەسانەیە.

*** باسی راوەستانی ٣٠٠٠ پرۆژەت لەهەرێمی کوردستان کرد، ئایا ئێوە وەکو یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان راوپێشنیارتان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژەکان چییە؟**

- لەکاتی قەیرانەکەدا کارکردن لە سێ هەزار پرۆژە راوەستا، بەڵام ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگ بووین و نەمانهێشت ئەو پرۆژانەی پەیوەندیی راستەوخۆیان بەژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە راوەستێت، وەکو پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە و پاککردنەوە و خاوێنکردنی ئاوی خواردنەوە و دابینکردنی دەرمان و نۆژەنکردنەوەی بنکە تەندروستییەکان و دابینکردنی خۆراك بۆ زیندانیان و چەندین پرۆژەو کاری دیکە، ئێستاکە بەو دوو وەجبە پارەیەی کە دراوە بەبەڵێندەران تا رادەیەك توانراوە ئومێد و متمانەیەکیان بۆ بگەڕێتەوە، ئەو پرۆژانەی بەداهاتی وەزارەتەکان، یان بەقەرز دەکرێت، وەکو پرۆژەی دروستکردنی شەقامی ١٢٠ و ١٥٠ مەتری لە هەولێر، ئێمە پێشنیارمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە دەبێت سەرەتا ئەو پرۆژانەی راوەستاون دەست بەکارکردن تێیدا بکرێتەوە ئەو کات بەرنامە و پلانمان بۆ پرۆژەی تازە هەبێت.

**سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ عێراق و بوونی عادل عەبدولمەهدی وەکو سەرۆک وەزیرانێکی میانڕەو بووە هۆی باشبوونی دۆخی ئابووری و دارایی عێراق و کوردستان**

**پەیوەندیی نێوان خەڵک و حکومەت و بەڵێندەران و چین و توێژەکانی دیکەی کوردستان بە خەڵکی دڵسۆز و شارەزاو خەمخۆری خەڵک و نیشتمانەکەی دروست دەبێت، نەک بە کەسانێک کە لە دەرەوە هێنراون**

**لەکاتی قەیرانەکەدا کارکردن لە سێ هەزار پرۆژە راوەستا، بەڵام ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگ بووین و نەمانهێشت ئەو پرۆژانەی پەیوەندیی راستەوخۆیان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە رابوەستێت**

## دیمانەی تایبەت



بێرنارد هەیکەل پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ئاسیای نزیکە لە زانکۆی پرینستۆن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئەو بارگرژییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لە دەسەڵات و ناسنامەی ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت. هەروەها گرنگی بە مێژوو و سیاسەتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و بەتایبەتی سعودیە دەدات. بە شێوەیەکی گشتی شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەکات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بارگرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان ئەمریکا و ئێران، هەروەها تیشك خرایەسەر پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی توندڕەوی و هۆکارەکانی هەڵکشانی گرووپە توندڕەو وتوندوتیژەکانەوە، بەتایبەتی دۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە ناهەموار و نالەبارەکان.

**بێرنارد هەیکەل**

**بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ئاسیای نزیک لە زانکۆی پرینستۆن بۆ گوڵان:**

# نیگەرانم لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێران

*** وەك كەسێکی شارەزا و تایبەتمەند لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا لەنێو ئەو پەرەسەندنانەی لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێن، چ شتێك زیاتر ئێوە نیگەران دەکات؟**

- لە راستیدا ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی زیاتر نیگەرانم دەکات لە ناوچەکەدا بریتییە لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتی ئێراندا، ئەمە لە مەودای نزیکدا، خۆ ئەگەر باس لە مەودای دوور بکەین، ئەوا من پتر نیگەرانم لەبارەی بوونی ژمارەیەکی زۆری گەنج لەم ناوچەیەدا کە بە دەست بێکارییەوە دەناڵێنن، لەگەڵ بوونی سیاسەتی سەرکوتکاری و حوکمڕانیی خراپ و تێکچوونی ژینگە و کێشەی ئاو و خۆراك، کەواتە چەندین کێشە هەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لەبارەیانەوە نیگەران بیت.

*** ئایا ئەم سەرکوتکارییە سیاسییە و بوونی حکومڕانیی خۆسەپێن لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، یەکێك بووە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی تێکچوونی دۆخە کۆمەڵایەتییەکە و چوونی گەنجان بۆ نێو ریزەکانی گرووپە توندڕەوەکان؟**

- بە دڵنیاییەوە، باوەڕم وایە کە حکومڕانیی خراپ ڕۆڵی هەبووە لە سەرهەڵدانی توندڕەوەی، بەڵام ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزە دەرەکییەکانی دیکەش ڕۆڵێکی یارمەتیدەر و هاوکار نەبووە، لە هەمان کاتدا شکستی ئایدیۆلۆژیاکانی دیکەی وەك لیبراڵ دیموکراسی و سۆشیالیزم سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش هاوکار بووە بۆ سەرهەڵدانی توندڕەوی.

**حکومڕانیی خراپ ڕۆڵی هەبووە لە سەرهەڵدانی توندڕەوەی، بەڵام ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزە دەرەکییەکانی دیکەش ڕۆڵێکی یارمەتیدەر و هاوکار نەبووە**

**شکستی ئایدیۆلۆژیاکانی دیکەی وەک لیبراڵ دیموکراسی و سۆشیالیزم سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش هاوکار بووە بۆ سەرهەڵدانی توندڕەوی**

*** بەڵام لە پەیوەندی بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە بە شێوەیەکی تایبەت، کە ئێمە دەزانین کاولکاری و کوشتارێکی زۆر و بێ پێشینەی لەم ناوچەیەدا هێنایەئاراوە، بەتایبەتی لە عێراق و سوریا، بەڵام لە ئێستادا ئەوەی پێی دەوترێت خەلافەتی داعش تێکشکاوە، ئایا پێتوایە هێشتا تەحەددیە درێژخایەنەکان لە ئارادا ماون و نەتوانراوە ئەم ڕێکخراوە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە تێک بشکێندرێت؟**

- بەڵێ، پێم وایە هێشتا ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی لەئارادا ماوەو تێك نەشکاوە و پێم وایە ئەوەی بووەتە هۆی سەرهەڵدان و هەڵکشانی توندڕەوی ئایینی، یان هۆکاری ئەوەی بۆچی خەڵك مەیلی بۆ توندڕەوی ئایینی لا دروست دەبێت، ئەوەیە کە خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دۆخێکی تەواو خراپە و ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی خۆی وا دەخاتەڕوو کە هەڵگری بەدیلێکی باشترە بۆ ئایندە، بەڵام بە تێڕوانینی من ئایدیۆلۆژیای ئایینی دەرئەنجامێکی باشتری لێناکەوێتەوە، بەڵکو ئەمە ئایدیۆلۆژیاییەکی خراپە و لە کۆتاییدا خەڵکەکە درك بەمە دەکەن.

*** پێت وانییە ئەم ڕەوتە توندڕەوییە ریشەیەکی کولتووری هەیە و بۆتەهۆی تەشەنەکردن و گەشەکردنی و سازکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ هەڵکشانی توندڕەوی؟**

- بە تێڕوانینی من لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا ریشەی کولتووری هەیە بۆ توندڕەوی، بۆ نموونە: ئێستا لە ئەورووپا هەڵکشانی بزوتنەوە راستڕەوە توندڕەوەکانی بەدی دەکەین، لەنێو جیهانی ئیسلامیشدا رەنگە بزوتنەوە موسڵمانی توندڕەوت هەبێت، کەواتە دەتوانین بڵێین بە دڵنیاییەوە سەرجەم بزووتنەوە توندڕەوە ئایینی و سیاسیەکان ریشەی کولتوورییان هەیە، بەڵام من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بوونی ئەم ریشە کولتوورییە ناتوانێت راڤە و لێکدانەوە بۆ دەرکەوتنی ئەم گرووپە توندڕەوانە بکات، مەبەستم ئەوەیە کە ریشە کولتوورییەکان بەس نیین بۆ دروستبوونی توندڕەوی ئایینی، بەڵام دەبێت سیاق و دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئارادا بێت.

**ئایدیۆلۆژیای ئایینی دەرئەنجامێکی باشتری لێناکەوێتەوە، بەڵکو ئەمە ئایدیۆلۆژیاییەکی خراپە و لە کۆتاییدا خەڵکەکە درک بەمە دەکەن**

*** کەواتە تاوەکو ئەم نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتیی و سەرکوتکارییە سیاسی و چەقبەستنە ئابوورییە بمێنێتەوە، ئەوا سەرهەڵدان و دروستبوونەوەی ئەم گرووپە توندڕەوانە شتێکی حەتمی دەبێت؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە سەیری دانیشتووانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەوا دەبینین کە توێژێکی بەرفراوانی گەنجان بوونی هەیە، کە ئێمە دەزانین بەشی زۆری دانیشتووانی ناوچەکە لە گەنج پێکدێن، ئەم توێژەش بێبەشە لە دەرفەتە ئابوورییەکان و لە دۆخێکی ئابووریی خراپدایە و لە ڕووی سیاسییەوەو سەرکوتکارەوە، ئەم گەنجانەش لە ئێستادا بە هۆی ئەنتەرنێتەوە دەبینن دۆخەکە لە وڵاتانی دیکە، لە چین و لە ئەورووپا و لە ئەمریکا، کەواتە ئەوان دۆخی وڵاتانی دیکە دەبینن و هەست بە نائومێدی و تورەیی دەکەن کاتێك ناتوانن ئەم دۆخە باشە لە وڵاتی خۆیان بەدەست بهێنن. هەر لەبەر ئەمەشە گرووپە توندڕەوەکان دێن و دەتوانن سەرنجی ئەو کەسانە بۆ لای خۆیان رابکێشن.

*** بەڵام هەندێ جار ئەم گرووپە توندڕەوانە خۆیان وەك بەدیلێکی باوەڕپێکراو و کار دەخەنەڕوو بۆ ئەو سیستمە حوکمڕانییەی لە ئارادایە، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- پێموایە گرووپە ئایینییە توندڕەوەکان ناتوانن بەدیل بخەنەڕوو، و باوەڕم وایە پرۆژەکانی ئەم گرووپانە، پرۆژە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانیان شکستیانهێناوە و لە ئاییندەشدا شکست دەهێنن. چونکە بە تێڕوانینی من ئەوان هەڵگری چارەسەر نیین بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە هاوچەرخەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە و بگرە ئەوان تەنیا دەبنەهۆی خراپترکردنی بارودۆخەکە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەوانەی مەیلیان هەیە بۆ گرووپە ئایینییە توندڕەوەکان پێیان وایە دۆخەکە بەرەو باشتر دەڕوات، بەڵام لە واقیعدا ئەم دۆخەکە بەرەو خراپتر دەچێت.

*** ئایا لە دەرئەنجامی شکستهێنانی ئەم گرووپە توندڕەوانە و شکستی سیستمە حکومڕانەکانی ئێستا، وەك بەدیلێك ئەگەری دووبارە گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم هەیە؟**

- پێم وایە سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزم لە هەندێ وڵاتی وەك سعودیەدا لە ئارادایە، بە تایبەتی کە حکومەتی ئەو وڵاتە کار لەسەر زیندووکردنەوەی ئەم ڕەوتە دەکات وەك بەدیلێك. کە دەبێت چاوەڕوان بین و ببینین ئایا ئەمە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بەڵام دەبینیت لە وڵاتێکی وەك لیبیا تەواو پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات، واتە داکشانی ناسیۆنالیزم لەو وڵاتەدا بەدی دەکرێت، چونکە ئەوەی ڕوودەدات بریتیە لە دووبارە دەرکەوتنەوەی ناسنامە ناوچەیی و خێڵەکییەکانە، هەروەها لە وڵاتی سووریاشدا داکشانی ڕەوتی ناسیۆنالیستی ڕوویدا و ناسنامەی تایەفەگەری گرنگییەکی زیاتری بەدەستهێنا. کەواتە پێم وایە لێرەدا دەرئەنجامێکی تێکەڵمان هەیە، چونکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە هەندێ شوێن ناسیۆنالیزم لە هەڵکشاندایە، بەڵام لە هەندێ شوێنی دیکە ناسیۆنالیزم لە داکشان و پاشەکشەدایە.

*** ئاماژەتان بە وڵاتی سعودیە کرد، کە ئێستا ئێمە دەزانین شازادەی جێنشینی ئەو وڵاتە، محمد بن سەلمان، دەستی داوەتە جێبەجێکردنی پرۆژە و کارنامەیەکی بەرزەفڕانە، لە بواری لیبراڵیزەکردنی ئابووری و زۆر بواری دیکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا گەڕانەوە و جەختکردنەوە لەسەر ناسیۆنالیزم بەشێکی بنەڕەتی و دانەبڕاوی پرۆژەکەیەتی؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەمە بەشێك لە پرۆژەکەی پێکدەهێنێت، چونکە بێگومان ناسیۆنالیزمیش هەمان پرۆژەی جۆراوجۆرەکردنی سەرچاوەکانی ئابوورییە.

*** پێت وایە گرووپە ئایینییەکان و پیاوانی ئایینی لەو وڵاتەدا لە ئاست کار و پرۆژەکانی محەمەد بن سەلماندا هیچ کاردانەوەیەکیان دەبێت؟**

- ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا من پێشبینی کاردانەوە و پەرچەکردارم کرد لە لایەن پیاوان و گرووپە ئایینییەکان و دامەزراوە ئایینییەکانەوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدیمان کردووە ئەوەیە کە ئەم لایەنانە بێدەنگن و منیش نازانم هۆکاری ئەم بێدەنگییەیان چییە، ئایا مەسەلەکە ئەوەیە کە لێی دەترسن و ترسیان لە سەرکوتکارییەکەی هەیە، یان هۆکارەکە ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ئەوان لەوە لاوازتر بوون کە ئێمە وێنامان دەکرد. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە بە دڵنیاییەوە من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە کاردانەوە و پەرچەکرداریان هەبێت، بەڵام تا ئێستا ئێمە نەمانبینیوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا من لەم ڕووەوە تا ڕاددەیەك دووچاری سەرسوڕمان بووم.

*** هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەتان بۆ ئەو پرۆژە و بەرنامەیەی محەمەد بن سەلمان دەستی داوەتێ چییە، ئایا پێت وایە سەرکەوتو دەبێت و دەتوانێت درێژە بە بەرنامەکەی بدات؟**

- من باوەڕم وایە هێشتا زووە ئەمە یەکلابکەینەوە، بە ڕاشکاوی دەیڵێم هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوەی ئەمە یەکلابکەینەوە.

*** لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەت بە ئەگەری ڕوودانی پێکدادان و هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان هەردو ووڵاتی ئێران و ئەمریکا کرد، دەکرێت هۆکارەکانی ئەم پێشبینیەت ڕوون بکەیتەوە، یان با بڵێین ئایا ئەو گۆڕانکارییانە کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا لە ئاست ئێران و ناوچەی کەنداو بە تایبەتی بە بەراورد بە سیاسەتەکانی ئیدارەی پێش خۆی( ئیدارەی ئۆباما) بەدی دەکرێن چین؟**

- بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاری ڕوویداوە، چونکە ئێمە دەزانین ئیدارەی سەرۆك ئۆباما خوازیاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ وڵاتی ئێراندا، کە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئەتۆمیش لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەنگاوی یەکەم بوو بە ئاڕاستەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، بەڵام ئاشکرایە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ئەجێندایەکی تەواو جیاوازی هەیە، ئەجێندای ترەمپ ئەوەیە کە حکومەتی ئێران بڕووخێت، خوازیاری بەرپابوونی شۆڕشە لە ئێران، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمە ڕێچکەیەکی تەواو جیاوازە. پرسیارەکەش لای من ئەوەیە، ئایا ئەو فشارانەی ئیدارەی ئەمریکا لە دژی ئێران مومارەسەیان دەکات بەسن بۆ هێنانەدی ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی، یان ئەو فشارانە ئەوەندە زۆرن کە لە ئەنجامدا دەبنەهۆی ئەوەی ئێران ناچار بێت کاردانەوە و پەرچەکرداری هەبێت و پەنا

**بەشی زۆری دانیشتووانی ناوچەکە لە گەنج پێکدێن، ئەم توێژەش بێبەشە لە دەرفەتە ئابوورییەکان و لە دۆخێکی ئابووری خراپدایە و لە رووی سیاسییەوەو سەرکوتکارەوە**

**لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە هەندێ شوێن ناسیۆنالیزم لە هەڵکشاندایە، بەڵام لە هەندێ شوێنی دیکە ناسیۆنالیزم لە داکشان و پاشەکشەدایە**

بۆ ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژ ببات و لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بدات، ئیدی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان لە ڕێی گرووپە وەکیلەکانییەوە، کە ئەگەر ئەمەش ڕوو‌بدات ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە سەربکێشێت بۆ پێکدادان لە نێوانیاندا. ئەگەر ئەمەش ڕووبدات ئەوا ئەمە مایەی کارەسات و تراژیدیا دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە من ئومێدەوارم هیچ شەڕێك ڕوونەدات لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی ئێراندا.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوەکرد کە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ تەواو جیاوازە لە سیاسەتەکانی ئیدارەی ئۆباما لە ئاست ئەم ناوچەیە، بە تایبەتی لە ئاست ئێراندا، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا پێت وایە پاڵنەری سیاسەتەکانی ترەمپ بریتییە لە سڕینەوە و هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتەکانی ئۆباما لەم ناوچەیەدا؟**

- ئەمە لە بەشێکیدا ڕاستە، واتە لە بەشێکیدا بریتییە لە پێچەوانەکردنەوەی تەواو کار و سیاسەتەکانی ئیدارەی ئۆباما، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بڵێین کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ فەلسەفە و ئەولەویەتی تایبەت بە خۆی هەیە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئۆباماوە نییە. واتە گومانی تێدانییە کە سەرۆك ترەمپ دژی هەموو ئەو کار و سیاسەتانەیە کە ئۆبامای ئەنجامیدان، بەڵام ئەو هەڵگری هەندێ بۆچوون و تێڕوانینە کە دەگەڕێنەوە بۆ پێش سەروەختی ئیدارەی ئۆباما، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە بوونی کەسێکی وەك جۆن بۆڵتۆن بکەین لە نێو ئیدارەی ترەمپدا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە پشتیوانی لە گۆڕینی دەسەڵات لە ئێراندا دەکات، واتە تەنانەت پێش ئەوەی کە بەڕێز باراك ئۆباما خۆی کاندید بکات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا. لەم ڕوانگەیەوە ئەوە ئاشکرایە کە بەڕێز ترەمپ ئەولەویەتی تایبەت بە خۆی هەیە و مەسەلەکە ئەوە نییە سیاسەتەکانی تەنیا پەیوەستن بە پێچەوانەکردنەوەی بڕیارەکانی ئۆباما، واتە ڕاستە بەشێکی پەیوەستە بە ئۆباماوە، بەڵام هەندێکی دیکەش پەیوەستن بە خودی ئەولەوییەتەکانی خۆیەوە، وەك بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و پەرەپێدانی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ڕووخاندنی حکومەتی ئێران و ئەگەر بکرێت لە ڕووی سەربازییەوە بە تەواوەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە. بۆ نموونە: ئێمە بینیمان ترامپ خوازیاری ئەوە بوو کە بە تەواوەتی لە سووریا بکشێتەوە. بەڵام ئەوەبوو دواتر پێی ووترا نەخێر تۆ ناتوانیت ئەم کارە بکەیت.

*** ئەگەر ئێمە دووبارە بگەڕێینەوە بۆ باسی عەرەبستانی سعودیە، ئایا پێت وایە ئەم وڵاتە سیاسەتێکی دەرەکیی توندتر و سەرکێشانەتر پیادە دەکات، بە تایبەتی ئێستا تێوەگلاوە لە شەڕی یەمەن، هەروەها موقاتەعەی وڵاتی قەتەری کرد، ئەم گۆڕانکارییانە لە سیاسەتی دەرەوەی سعودیەدا چۆن دەخوێنێتەوە؟**

- بەڵێ، من پێم وایە نەك لە ئێستادا بەڵکو لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، واتە لە دوای داگیرکرکردنی عێراقەوە بەرپرسانی عەرەبستانی سعودیە بڕیاریانداوە، یان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە چیتر ناتوانن لە بواری ئەمنیدا متمانە بە ئەمریکا بکەن، لەبەر ئەوە باوەڕیان وابووە کە پێویستە پەرە بە توانا سەربازیی و سیاسییەکانی تایبەت بە خۆیان بدەن، لەم ڕوانگەیەوە ئەوان دژی داگیرکردنی عێراق بوون لە ساڵی ٢٠٠٣دا، لە هەمان کاتدا دژی بڕیارەکەی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما بوون کاتێك ویستی ئەمریکا تەرکیز و بایەخی زیاتر بە ئاسیا بدات و دەستبەرداری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت. هەروەها دواتر دژی بڕیاری ئەمریکا بوون بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە وڵاتی عێراق، بە هەمان شێوە ئەوان دژی سیاسەتەکانی ئیدارەی باراك ئۆباما بوون لە بەرامبەر حوسنی موبارەکدا، مەبەستم لە دەستبەرداربوونی ئەمریکا بوو لە سەرۆك موبارەك، لە هەمان کاتدا دژی سیاسەتەکانی سەرۆك ئۆباما بوون لە ئاست ئیخوان موسلمیندا، لەلایەکی دیکەوە سعودیە دژی ئەنجامدانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بوو کە لەگەڵ ئێراندا واژۆکرا. کەواتە لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین خۆدوورخستنەوەی سعودیە لە ئەمریکا پرۆسەیەکە کە دەیەیەك، یان دەتوانین

**ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ ئەجێندایەکی تەواو جیاوازی هەیە، ئەجێندای ترەمپ ئەوەیە کە حکومەتی ئێران بڕووخێت، خوازیاری بەرپابوونی شۆڕشە لە ئێران، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمە ڕێچکەیەکی تەواو جیاوازە**

**گومانی تێدا نییە کە سەرۆک ترەمپ دژی هەموو ئەو کار و سیاسەتانەیە کە ئۆباما ئەنجامیدان، بەڵام ئەو هەڵگری هەندێ بۆچوون و تێڕوانینە کە بۆ پێش سەروەختی ئیدارەی ئۆباما دەگەڕێنەوە**

بڵێین دیە و نیوێکە دەستی پێکردووە.

*** ئێمە باسی پرۆژەکەی شازادەی جێنشین محەمەد بن سەلمانمان کرد، ئایا ئامانجەکانی لە چیدا چڕ دەبنەوە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو دوو ئامانجی هەیە کە خوازیاری بەدیهێنانیانە، یەکەمیان بریتییە لە جۆراوجۆرکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی وڵاتەکەی بەدەر لە سەرچاوەی نەوت، دووەمیان بریتییە لە بنیاتنانی توانایەکی ئابووری کە پشت بە نەوت نەبەستێت، کە پێم وایە ئەمەش کارێکی زۆر قورس و دژوارە. ئامانجی دووەمیان ئەوەیە سعودیە لە ناوچەکەدا بکاتە هێزێکی سەربازی و سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە هەم توانای بەرگری لە خۆکردنی هەبێت و هەم بتوانێت دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا درێژ بکاتەوە، کەواتە من پێم وایە ئەو ئەم دوو ئامانجەی هەیە. ئەوەی لێرەدا شایەنی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە ئەم دوو ئامانجە، ئامانجی باوکی بوون.

*** پێت وانییە لە دەرئەنجامی ئەم بنیاتنانی هێزە سەربازییەوە لەلایەن سعودیە دۆخەکە بە ئاقاری پێکدادانی سەربازی لەگەڵ وڵاتی ئێراندا بڕوات، ئایا ئەگەرێك لەم چەشنە لە ئارادایە؟**

- نەخێر، من پێشبینی ئەگەری ڕوودانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەنێوان هەردوو وڵاتی ئێران و عەرەبستانی سعودیەدا ناکەم، لەبەر ئەوەی هەردوو وڵاتەکەوە بە وریاییەوە هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوەی پەیوەندی سعودیەشەوە هەبێت ئەوا ئەم وڵاتە خوازیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بچێتە شەڕەوە لەگەڵ ئێراندا. بەڵام من پێم وانییە خودی عەرەبستانی سعودیە خوازیاری ئەوە بێت کە لەگەڵ ئێراندا بچێتە شەڕەوە.

*** ئێوە شارەزای کاروباری وڵاتانی کەنداون، ئایا پێتان وایە لە ئێستادا ئەوەی پێی دەوترێت ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە ڕووی ئەمری واقیعەوە دووچاری ئیفلیج بوون هاتووە، بە تایبەتی دوای ئەو سیاسەتەی کە سعودیە لەبەرامبەر قەتەردا گرتیەبەر؟**

- من باوەڕم وایە لە ئێستادا ئەو ئەنجومەنە لاواز بووە، ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا لە سەرەتاوە ئەنجومەنێکی بەهێز نەبوو. چونکە هیچ کاتێك ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو خاوەنی هێزێکی سەربازی یەکگرتوو یان خاوەن ستراتیژیەتێکی سەربازی یەکگرتوو نەبووە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەم ئەنجومەنە تەنیا لە چەند پرس و بابەتێکی دیاریکراودا هەڵوێستی یەکگرتووی هەبوو، بەڵام هەندێ مەسەلەی دیکە هەبوو کە ئەندامەکانی لە ئاستیدا هاوهەڵوێست نەبوون. بەڵام بەدڵنیاییەوە بەهۆی موقاتەعەکردنی قەتەرەوە لاوازترە و لە ئێستادا ڕێزێکی کەمتری لێدەگیرێت لە ئاستی جیهاندا بەهۆی ئەم کێشانەوە. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەم ئەنجومەنە خۆی لە خۆیدا گرووپێکی بەهێز نەبووە.

*** ئایا سعودیە توانیویەتی ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێت کە خوازیاری بوو بەهۆی موقاتەعەکردن و فشارخستنەسەر قەتەرەوە بەدەستی بهێنێت؟**

- ئێمە دەزانین ئامانجی عەرەبستانی سعودیە ئەوەبوو کارێك بکات قەتەر ناچار بکات چیتر دارایی دەستەبەر نەکات بۆ ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین، هەروەها ویستیان سیاسەت و هەڵوێستەکانی قەتەر تەبابێت لەگەڵ سیاسەتەکانی سعودیەدا، بە تایبەتی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، وەك بڕینی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران و ...هتد. بەڵام ئاشکرایە کە وڵاتی قەتەر هیچ یەکێك لەم کارانەی نەکردووە. کەواتە نەخێر عەرەبستانی سعودیە ئامانجەکانی بەدی نەهێنا لە پەیوەندیدا بە قەتەرەوە.

*** کەواتە ئەوەی دووچاری عەربەستانی سعودیە بوو بریتییە لە بەهەڵەداچوونی حیساباتەکانی؟**

- من نازانم بە هەڵەداچوونی حسابات بوو، یان نا، بەڵام بە دڵنیاییەوە بووەهۆی لاوازکردنی قەتەر، چونکە قەتەر ناچار بوو پارەیەکی زۆر خەرج بکات بۆ کەمکردنەوە کاریگەرییەکانی موقاتەعەکە. هەرچۆنێك بێت سعودیە پێی وابوو ئەو بارودۆخەی پێشتر هەبوو لە پەیوەندی بە وڵاتی قەتەرەوە قابیلی ئەوە نەبوو بەردەوام بێت و درێژە بکێشێت. لەسەر ئەم بنەمایە ڕەنگە پێی وابوبێت کە موقاتەعەکردن ڕێگاچارەیەکی

**لە دوای داگیرکرکردنی عێراقەوە بەرپرسانی عەرەبستانی سعودیە بڕیاریان داوە، یان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە چیتر ناتوانن لە بواری ئەمنیدا متمانە بە ئەمریکا بکەن**

**پێشبینی ئەگەری ڕوودانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان هەردو وڵاتی ئێران و عەرەبستانی سعودیەدا ناکەم، لەبەر ئەوەی هەردوو وڵاتەکەوە بە وریاییەوە هەڵسوکەوت دەکەن**

باشـتره لـه درێژەکێشـانی ئـەو بارودۆخـەی کـه پێشـتر لـه ئارادا بـوو. لـه ئێسـتادا سـعودیه پێـی وایـه راسـته بارودۆخەکـه میسـالی نییـه، یـان بـێ کـەم و کـوڕی نییـه، بـەڵام پێـی وایـه لـەو هەلومەرجـه باشـتره کـه پێشـتر لـه ئارادا بـوو.

*** ئەگـەر بگەڕێینـەوه بـۆ پرسـی ئێـران، ئایـا پێـت وایـه سـزا و فشـارەکانی ئەمریـکا دەبنەهـۆی ئـەوەی حکومەتـی ئێرانـی ناچـار بێـت سازشـی قـورس بـکات، یـان ئـەم سـزا و فشـارانه کاریگەرییـان نابێـت و دەرئەنجامـی پێچەوانەیـان لـێ دەکەوێتـەوه؟**

- مـن بـاوەڕم بـەوه نییـه کـه حکومەتـی ئێرانـی لـه ئەنجامـی ئـەم فشـار و سزایانەوه کـه ئیـدارەی سـەرۆك دۆناڵـد ترەمـپ سـەپاندوویەتی بەسـەر ئـەو وڵاتـەدا دووچـاری داڕووخـان بێـت. بـەڵام ئـەوەی ئەگـەری روودانـی هەیـه لـه ئێـران بریتییـه لـەوەی سـوپای پاسـداران دەسـت بەسـەر دەسـەڵاتدا بگرێـت، واتـه شـێوەیەك لـه کودەتـای سـەربازی روودەدات لـه نـاو دەسـەڵاتی ئـەو وڵاتـەدا. کـه رەنگـه ئیـدارەی ترەمـپ پێشـوازی لـه پەرەسـەندنێکی لـەم چەشـنه بـکات، چونکـه ئەمـه بـه مانـای ئـەوه دێـت کـه ئێـران دەبێتـه وڵاتێکـی سـەختگیرتر و دوژمنێکـی سـەختگیرتر. بـەڵام دووپاتـی دەکەمـەوه کـه رووخانـی دەسـەڵاتی ئێران ئەگەرێك نییـه کـه زۆر رێـی تێبچێـت. واتـه پێشـبینی رووخانـی دەسـەڵات لـه ئێـران ناکـەم، بـەڵام پێـم وایـه گۆڕانـکاری لـه نـاو دەسـەڵاتی ئـەو وڵاتـەدا دروسـت دەبێـت، کـه لـه دەرئەنجامـدا هەڵوێسـت و سیاسـەتێکی سـەختگیرتر دەگرێتەبـەر کـه رەنگـه ئەمـه پەرەسـەندنێکی پێشـوازیلێکراو بێـت بـۆ ئیـدارەی ترەمـپ.

باوەڕم بەوە نییە حکومەتی ئێرانی لە ئەنجامی ئەم فشار و سزایانەوە کە ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ سەپاندبووی بەسەر ئەو وڵاتەدا دوچاری داڕووخان بێت

*** بـەڵام ئاشـکرایه کـه ئێـران سـتراتیژیەتێکی کارای گرتۆتەبـەر بـۆ پەرەپێـدان و درێژکردنـەوەی دەسترۆیشـتوویی خـۆی لـه چەندیـن وڵاتـی ناوچەکەدا، له رێی پشتبەستن به وەکیلەکانی و بـه کاراکتـەره غەیـره دەوڵەتییـەکان بـۆ بەهێزکردنـی پێگـەی خـۆی لـەم ناوچەیـەدا، ئایـا پێـت وایـه ئێـران دوای ئـەم سـزا و فشـارانه زیاتـر پـەره بـەم سـتراتیژیەته دەدات؟**

- بەڵـێ، پێـم وایـه ئەمـه سـتراتیژیەتێکه کـه زۆر سـەرکەوتوو بـووه بـۆ ئێـران، چونکـه ئـەم سـتراتیژیەته بارگرانییەکـی زۆر لەسـەر شـانی ئێـران دروسـت ناکات، هەروەهـا ئێـران دەتوانێـت خـۆی لـه بەرپرسـیارێتی بشـارێتەوه، چونکـه ئێـران دەتوانێـت بانگەشـەی ئـەوه بـکات کـه ئـەو بەرپـرس نییـه لـەو کارانـەی ئەنجـام دراون، دەتوانێـت بیخاتەئەسـتۆی حزبـوڵای لوبنانـی و حەشـدی شـەعبی لـه عێـراق. کەواتـه ئەمـه سـتراتیژیەتێکی زۆر سـەرکەوتوو بـووه.

*** ئایـا لـه ئێسـتادا بەرژەوەنـدی و تێڕوانینـی ئیسـرائیل و سـعودیه لـه ئاسـت ئێرانـدا یەکیگرتۆتـەوه؟، بـه تایبەتـی کـه هـەردوو ئـەم وڵاتـه ئێـران بـه هەڕەشـەیەکی وجـودی بـۆ سـەر خۆیـان دەزانـن رای ئێـوه لـەم بارەیـەوه چییـه؟**

- بەڵـێ ئەمـه راسـته، بـەڵام پرسـیارەکه ئەوەیـه، ئایـا چییـان پێدەکرێـت لـەم بارەیـەوه. واتـه ئەگەرچـی تێڕوانینەکانیشـیان لێکنزیـك بێـت، چـۆن ئـەم لێکنزیکییـه دەکەنـه کارێکـی بەرجەستەکراو. مـن نازانـم چـۆن دەتوانـن ئـەم کاره بکـەن. واتـه پێـم وانییـه عەرەبسـتانی سـعودیه و ئیسـرائیل هێزێکـی هاوبـەش پێکبهێنـن و هێـرش بکەنەسـەر ئێـران.

*** ئێـوه وەڵامـی ئـەو پرسـیارەتان دایـنـەوه کـه پەیوەسـت بـوو بـه ئەگـەری هەڵگیرسـانی شـەڕ لـه نێـوان سـعودیه و ئێـران، بـەڵام ئایـا هیـچ ئەگەرێکی ئاشتەوایی له نێوان ئەم دوو وڵاتـەدا نییـه بـه چەشـنێك کـه بتوانـن هـاوکاری یەکتـر بکـەن لەبـری ئـەوەی دژایەتـی یەکتـر بکـەن؟**

- ئەگـەر ئەمـه روودەدات ئـەوا کارێکـی بـاش دەبێـت. بـەڵام پێـم وانییـه ئەگـەری روودانـی ئەمـه لـه ئـارادا بێـت. هەرچۆنێـك بێـت کارێکـی باشـه ئەگـەر سـعودیه و ئێـران بتوانـن گفتوگـۆ لەگـەڵ یەکتـر بکـەن لـه بـارەی یەمەنـەوه لـه پێنـاو وەسـتاندنی شـەڕ لـەو وڵاتـەدا. بـەڵام بـه داخـەوه نابینـم ئەمـه روودەدات.

کارێکی باشە ئەگەر سعودیە و ئێران بتوانن گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن لە بارەی یەمەنەوە لە پێناو وەستاندنی شەڕ لەو وڵاتەدا. بەڵام بەداخەوە نابینم ئەمە روودەدات

*** بـەڵام سـەرۆکی پێشـووی ئەمریـکا پێـی وابـوو دەبێـت ئێـران و سـعودیه بـه هاوبەشـی ئیـدارەی ئـەم ناوچەیـه بکـەن؟**

- ئـەم بۆچوونـه جێـی داخ بـوو، لەبـەر ئـەوەی سـعودیه پێـی وابـوو ئەمـه بـه جۆرێـك لـه جۆرەکان ئیعتیرافکردنـه بـەوەی ئێـران لەنێـو جیهانـی عەرەبیـدا هەنـدێ مافـی رەوای هەیـه، هەرچۆنێـك بێـت سـەرۆك ئۆبامـا هەنـدێ هەڵـەی کـرد، کـه پێـم وایـه یەکێـك لـه هەڵەکانـی ئەوەبـوو



که ئەو ئەم بۆچوونەی خستەڕوو، کە بووەهۆی ئەوەی لە نێو سعودیەدا هیچ دۆستێکی بۆ نەمێنێتەوە.

*** بەڵام لە ئێستادا سعودیە و ئێران تەواو دژ و پێچەوانەی یەکترن بە چەشنێك دەستکەوت و سەرکەوتنی هەر لایەکیان لەسەر حسابی ئەوی دی هەژمار دەکرێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بەڵێ ئەمە جێی داخە و ئەمە دەرئەنجامی خراپی لێکەوتۆتەوە لەسەر هەردولایان. کەواتە من هاوڕام لەم رووەوە، و بە داخەوە من رێگایەکی دەربازبوون و رێگاچارەیەك بەدی ناکەم لە هیچ لایەکیانەوە، چونکە هەردوولا (ئێران و سعودیە) لە هەوڵی شکستهێێنانی ئەوی دیکەدان.

*** کەواتە ئەمە قەدەری پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە؟**

- بەڵێ پێم وایە، من ئومێدم دەخواست پتر گەشبین بوومایە.

*** ئەی چۆن لە ئاییندەی ناوچەکە دەڕوانیت بە شێوەیەکی گشتی، ئایا هیچ ئومێدێك هەیە کە هەنگاوی بەرچاو و بەرجەستە بنرێت بۆ دووبارە بوژاندنەوەی ئابووری و بنیاتنانی دۆخێکی سیاسی سەقامگیر لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا؟**

- ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، من ئەمە بەدی ناکەم. من خۆزگەم دەخواست بمتوانیایە ئەم ئومێدە بەدی بکەم، بەڵام بەدی ناکەم. بۆ نموونە: نابینم ئاوێتەبوونێك لە سەر ئاستی ناوچەکە بەدی بێت و رووبدات.

*** ئایا پێت وایە دەبێت ئەمریکا رۆڵێکی کەمتر، یان زیاتری هەبێت لەم ناوچەیەدا بۆ ئەوەی بتوانێت لە باشترکردنی دۆخەکە هاوکار بێت؟**

- ئەم بەندە بە سروشتی ئەو رۆڵەی ئەمریکا دەیبینێت، ئەگەر رۆڵێکی ئیجابی بێت، ئەوا دەرئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، بەڵام پێم وایە هەموو رۆڵ و دەستێوەردانە سەربازییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا دەرئەنجامی سلبیان هەبووە، ئەوەی بەدیمان کردووە لە ئەمریکا ئەوەیە کە ئەو وڵاتە توانای تێکشکاندنی هەیە، بەڵام نازانێت چۆن بارودۆخەکان چاك بکاتەوە.

**هەموو رۆڵ و دەستێوەردانە سەربازییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا دەرئەنجامی سلبییان هەبووە**

**ئەوەی بەدیمان کردووە لە ئەمریکا ئەوەیە کە ئەو وڵاتە توانای تێکشکاندنی هەیە، بەڵام نازانێت چۆن بارودۆخەکان چاك بکاتەوە**

# ئاستەنگە هەنووکەییەکانی بەردەم حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان

لێرەدا ناتوانرێ باس لە زۆربەی ئەو ئاستەنگانە بکرێت کە لەبەردەم حکومەتی نوێدا دروست دەبن، مەبەستیش تەنیا خستنەڕووی بەشێك لەو ئاستەنگانەیە کە هەست دەکرێت بە درێژایی کاری کابینەکانی پێشووتر نەتوانراوە کاری پێویستیان لەسەر بکرێت.

یەکێك لە ئامانجەکانی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی چەسپاندنی سەقامگیرییە، تا لە سایەیدا بتوانێت بەردەوام بێت و حوکمڕانی بکات. بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بتوانێت بەردەوام بێت و چارەسەری قەیرانەکان بکات، پێویستە فاکتەرە دیارەکان و پۆتانسێلە نادیارەکانی سەقامگیری و ناسەقامگیری بناسێت. کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی وەکو ناسەقامگیریی ناوچەکە بەگشتی، نەبوونی دەوڵەت و لەژێر هەڕەشەدابوونی بەردەوام، وایکردووە هەرێمی کوردستان لە ژێر مەترسیی ناسەقامگیریدا بێت. لە هەمان کاتدا هەندێ هۆکاری ناوخۆییش وەکو ململانێی نادروستی سیاسیی نێوخۆیی، لاوازی و تەقلیدیبوونی ستراکچەری ئابووری و سیاسی لەم رووەوە کاریگەری زۆریان هەبووە. زۆریی ئەم کێشە و قەیرانە بەردەوامانە هۆکار بووە بۆ ئەوەی هەندێ فاکتەریتر کە کاریگەرییان کەمتر نەبووە لەو فاکتەرانەی باسکران و لەیەك کاتدا دەرئەنجام و کارتێکەری ئەو فاکتەرانەش بوون، کە بە روونی و وەکو پێویست کاریان لەسەر نەکرێت و فەرامۆش بکرێن.

راستە رێککەوتنی سیاسی، پێکهێنانی حکومەت، کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ سەقامگیری هەرێمی کوردستان گرنگن و دەکرێ بڵێین هەنگاوی یەکەمن، بەڵام هەندێ لایەنیتر هەن کە لە درێژخایەن و کورتخایەندا فاکتەری سەرەکیی ناسەقامگیری دەبن و راستەوخۆش لە ماوەی رابردوودا کاریگەرییان لەسەر ململانێ سیاسییەکانی نێوان حزبەکان، ئەدای کاری حکومەت و شەرعییەتی دامودەزگا رەسمییەکان و تەدەخولاتی دەرەکی هەبووە.


**بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بتوانێت بەردەوام بێت و چارەسەری قەیرانەکان بکات، پێویستە فاکتەرە دیارەکان و پۆتانسێلە نادیارەکانی سەقامگیری و ناسەقامگیری بناسێت**

گۆڕانکارییەکانی ئەنجامی دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و، ئەو ئومێدەی کە بە گۆڕانکاریی زیاتر هەیە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاوەڕوانی و زەروورەتی گۆڕینی ئاراستە و بەرنامەی کاری حکومەتی داهاتوو دێنێتەئاراوە. بۆیە پێویستە حکومەتی داهاتوو لە ئەولەوییاتی کارەکانیدا، یان لە داڕشتنی سیاسەتی گشتیی کارکردنیدا گرنگیی پێویست بەو بابەتانە بدات کە کابینەکانی پێشوو وەکو پێویست نەپرژاونەتە سەریان.

بەشێك لەو لایەنانەی کە هەست دەکرێت لە بەردەم حکومەتی نوێدا و لە ماوەی درێژخایەندا دەبنە فاکتەر و پۆتانسیلی ناسەقامگیری، خۆیان لەم لایەنانە دەبیننەوە.

**● لاوازبوونی متمانەی هاووڵاتیان بە دەسەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

لە هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای پێشینەی مێژوویی بە دوژمن بینینی دەسەڵات کە بە یەکێك لە ئاسەوارەکانی حوکمداری دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەعس هەژمار دەکرێت و تا ئێستاش کاریگەری لە سەر مێنتالیەتی کورددا ماوەتەوە، نەبوونی متمانەی پێویست لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی کەمترین کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت. ئەو بێمتمانەییە ئەنجامی هۆکارگەلێکی نێگەتیڤی وەکو، پەرەسەندنی دیاردەی گەندەڵی، قەیرانی ئابووری و بڕینی مووچە و قووتی خەڵك (بەهەر هۆکارێ بوویێت)، ململانێی توند و بەردەوامی



د. لەیلا ئەمیر
پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

نێوان حزبەکان، خۆ بە خاوەن نەبینینی نیشتمانەکە هەم لای هاووڵاتی و هەندێکجار لای دەسەڵات و حزبە کوردییەکانیش، نەبوونی رۆئیایەکی هاوبەش و موکۆم بۆ پێشخستن و پاراستنی هەرێم بووە.

لاوازیی متمانە و هەستنەکردن بە بەرپرسیارەتی، هۆکاری ئەوە بووە کە هەم دەسەڵات (لەسەر ئاستی نوخبەی سیاسی و دامەزراوەکانیش) و هەمیش هاووڵاتیان لە هەوڵی بچڕانەوەی زۆرترین دەستکەوتی ماددی و نامادی بن و وەکو رکابەر مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن. نەبوونی متمانە و بە رکابەر سەیرکردنی یەکتر لەم چەند ساڵەی دواییدا بە ململانێ و شکاندنی هەیبەتی یەکتر لە سەنگەرگرتنی خەڵك لە پەرلەمان، پەرلەمان لە حکومەت، حکومەت بەرامبەر پەرلەمان، خەڵك بەرامبەر دەسەڵات و دەسەڵات بەرامبەر هاووڵاتیان، زۆر دیار و بەرچاو بووە.

بۆیە گرنگە حکومەتی داهاتوو بە پلانێکی دیراسەکراو و موکوم لە هەوڵی دروستکردنەوە و بەهێزکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە دەسەڵات و حکومەت بێت. نەهێشتنی ئەم کەلێنە فاکتەرێکی سەرەکیی سەقامگیریی زیاتر و باشتر بەرێکردنی کارەکان دەبێت.

## ● کەمکردنەوە، یان نەهێشتنی ئاسەوارەکانی قەیرانی ئابووری

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، جگە لە هەڕەشەی داعش و حکومەتی بەغدا، قەیرانی ئابووری گەورەترین کاریگەری لەسەر تێکچوونی بارودۆخی هەرێم هەبووە. ئەم قەیرانە خەڵکی هەژارکرد، خزمەتگوزاری لاوازکردو ئاوەدانکردنەوەی کەم کردەوە و سەرمایەگوزاری نەهێشتووە.

لە دەرهاویشتەکانی ئەم قەیرانە پووکانەوەی چینی ناوەڕاست بووە لە هەرێمدا. بوونی ئەم چینە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر پیشەسازیش نەبێت، دەبێتە هۆکارێك بۆ جووڵەی بەردەوامی کۆمەڵگە و گەشەسەندنی. ئەوەی ئێستا تێبینی دەکرێت پووکانەوەی ئەم چینە، فراوانبوونی چینی هەژارە. ئەمەش مانای دابەشبوونی کۆمەڵگەیە بەسەر کەمینەیەکی زۆر دەوڵەمەند و زۆرینەیەکی هەژار و گەورەبوونی کەلێنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زۆر خێرا و نەخوازراو. هەژاری یەکێك لە سیماتەکانی کۆمەڵگە ناسەقامگیرەکانە، کە دەرهاوێشتەکانی لە رووی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیشەوە زۆر ئاڵۆز و پڕگرفت دەبن. بۆیە بۆ چاککردنەوەی ئەو هاوسەنگییە پێویستە حکومەت پلانی درێژخایەنی گونجاوی هەبێت و ئەم بابەتە لە ئەولەوییاتی کاری کابینەی نوێدا بێت.

## ● ئاراستەکردن و خاوەنداریکردنی گەنج:

زۆریی ژمارەی گەنج لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ئاماژەی دڵخۆشکەری پێشکەوتنی زیاترن. بەڵام لە کۆمەڵگە گەشەسەندووەکاندا دەشێ زۆریی ژمارەی گەنج لە کاتی بێ پلانی فاکتەری ناسەقامگیری بێت. زۆریی ژمارەی گەنج و لە هەمانکات چاوکراوەییان بە رووی پێشکەوتنی دنیادا، بەرزیی ئاستی چاوەڕوانییەکانیان لە ژیان و لە دەسەڵات، نەبوونی دەرفەتی کار و کەمدەرامەتییان، دەشێ ئێستا و لە داهاتوودا بە فاکتەرێکی کارای ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەژمار بکرێت. بەتایبەتی کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆری گەنج (ئەوانەی خاوەن بڕوانامەن) دەخزێنە نێو بازاڕی کار و زۆربەیان بێکار و بێ هیوا دەمێننەوە.

**زۆریی ژمارەی گەنج لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ئاماژەی دڵخۆشکەری پێشکەوتنی زیاترن. بەڵام لە کۆمەڵگە گەشەسەندووەکاندا دەشێ زۆریی ژمارەی گەنج لە کاتی بێ پلانی فاکتەری ناسەقامگیری بێت**

## ● شکستی دەسەڵات و حکومەتی هەرێم لە پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆیی:

کابینەکانی پێشووی حکومەت سەرەڕای زۆریی

خزمەتگوزاری و دابینکردنی ئاسایش و ئارامی، بەڵام بەپێی پێوەرەکانی گەشەسەندنی مرۆیی، نەیانتوانیوە سوود بە تاکەکان و هاووڵاتیان بگەیێنن. بابەتی گەشەپێدانی مرۆیی و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە، تا ئێستاش لە سیاسەت و بەرنامەی کاری حکومەت و دەسەڵاتدا زۆر لاواز و ناکارا بووە.

نامۆبوونی دەسەڵات و خەڵك بەیەکتر، درێژخایەن نەبوونی بەشێکی زۆری بەرنامەکان، پرۆژەکان و بڕیارەکانی حکومەت کە زۆربەی جار تەنیا تا گۆڕینی کابینەکان بڕیان کردووە، خۆنەدۆزینەوە لەناو بەرنامە و پرۆژەکانی حکومەتدا، زاڵبوونی مێنیالییەتی یەکترنەخوێندەوە بەوەی کە دەسەڵات و هاووڵاتیان لە پێشخستنی کۆمەڵگە و لەکاتی چارسەرکردنی قەیرانەکان تەواوکەری یەکترن، نەك مونافس و دژیەك، نیشانەی شکستی پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆیی بووە لە هەرێمدا. درێژەکێشانی بارودۆخی ناسەقامگیریی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان و قەیرانەکانی چەندساڵی رابردوو، گۆڕانکارییە خێراکان تاکی ماندوو، ناجێگیر لە رووی دەروونی و زەینییەوە بەرهەم هێناوە. ئەم ناجێگیربوونە، لەهەموو ئاستەکان بە کار و بەرهەمی ها،وڵاتیان و دامودەزگاکانەوە دیارە. لە هەمانکاتدا نەبوونی سیاسەتێکی تۆکمە و دیاریکراو لە لایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ ئەوەی بزانێت هاووڵاتیان و کۆمەڵگە بە چ ئاراستەیەکدا دەبات، کۆمەڵگەیەکی شێواو و ئاڵۆزی بەرهەم هێناوە. سیفەتی کاربەڕێکردنی دەسەڵاتی کوردی و نەبوونی پلان و چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی ئامانج و ئەو ئاراستەیە دیاری بکات کە دەسەڵاتی کوردی، کورد وەکو نەتەوەیەك و کۆمەڵگەی کوردستان دەیەوێت پێی بگات، هۆکاری قەیرانە یەك لە دوای یەکەکان بووە.

نەبوونی سیاسەتێکی دیاریکراو بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و نەوەکانی داهاتوو، لایەنی نەبینراوی ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی- سیاسین لەهەرێمی کوردستاندا. بێکاری و بەرهەمدارنەبوون، زیادبوونی تاوان و تاوانی رێکخراو و هەموو ئەو دیاردانەی هاوشانیان دەبن، تەحەددای گەورەی داهاتوویی هەرێمی کوردستان دەبن. پێویستە حکومەتی داهاتوو بەرچاوڕوونییەکی تەواوی لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و رۆڵی لە دروستکردن و پێگەیاندنی نەوەکانی داهاتوودا بە ئاراستەی پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەبێت.

**گەشەپێدانی مرۆیی و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە، تا ئێستاش لە سیاسەت و بەرنامەی کاری حکومەت و دەسەڵاتدا زۆر لاواز و ناکارا بووە**


**زاڵبوونی مێنیالییەتی یەکترنەخوێندەوە بەوەی کە دەسەڵات و هاووڵاتیان لە پێشخستنی کۆمەڵگە و لەکاتی چارسەرکردنی قەیرانەکان تەواوکەری یەکترن، نەک مونافس و دژیەک، نیشانەی شکستی پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆیی بووە لە هەرێمدا**

**بێکاری و بەرهەمدارنەبوون، زیادبوونی تاوان و تاوانی رێکخراو و هەموو ئەو دیاردانەی هاوشانیان دەبن، تەحەددای گەورەی داهاتوویی هەرێمی کوردستان دەبن**

# سۆشیاڵ میدیا و دروستکردنی هەستی نابەرپرسیارێتی

ئاشکرایە بەرپرسکردنی تاك بەرامبەر مافەکانی تاك و هەروەها بەرامبەر و نیشتمان و نەتەوە و...هتد، لە منداڵییەوە سیستمی پەروەردە کە خێزان و قوتابخانە و مزگەوت و کەنیسە و ئایینە ئاسمانییەکان و کۆمەڵگە رۆڵی تێدا دەبینێت، بەهاتنی میدیاش پسپۆڕان رایان وایە کە لە پەروەردەدا میدیا پشکی زۆری بەردەکەوێت، بۆیە میدیای بەرپرس دەتوانێت تاك فێری بەرپرسیارێتی بکات، بەتایبەتی میدیایەك کە بەرامبەر پەروەردە و هاووڵاتی و خاك و نیشتمان بەرپرسیار بێت. ئیمە وەك وڵاتانی تازەگەشەکردوو کە سیستمکی حزبی لە دامودەزگاکانماندا تا رادەیەك زاڵترە لە سیستمی نیشتمانی، بۆ میدیاش بەهەمان شێوە، گرفتگەلێکی زۆرمان هەبوو لەوەی کە میدیاکانمان ناتوانن بەرپرسیارێتی بۆ تاك دروست بکەن. بەهاتنی سۆشیال میدیاش گرفتەکە زیاتر بوو، چونکە خودی ئەم ئامرازە نوێیەی راگەیاندن نەك تەنیا ناخی تاك فێری بەرپرسیارێتی ناکات، بەڵکو هۆکاری زۆر هەن کە وادەکات خۆیشی بەرپرس نەبێت، لەوانە:

١-سۆشیال میدیا خۆی بەرهەمی هیچ دەزگایەکی دیاریکراو نییە، تاکو لە سەرچاوەکەوە بەرپرس کرابێت، بەڵکو بەرهەمی دەستی بەکار هێنەرەکانیەتی، کەواتە بەکارهێنەرەکانی چەندە خۆیان بە هەست و پەروردەیەکی بەرپرسانەوە مامەڵە بکەن و ناوەرۆکی بۆ دابەزێنن و پۆست و کۆمینت و لایکەکانیان بەرپرسیارانە بن، ئەوەندەش



## پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاریگەریی بەرپرسیارێتی دەبێت. کەواتە ئەم هەستی بەرپرسیارێتییە لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و لە تاکێکیك بۆ تاکێکی دیکە دەگۆڕێت، لە کۆمەڵگەیەکدا کە بە سیستم و یاسا ڕێکخراوە و تاك بەرپرسە بەرامبەر خەڵك و خاك و نیشتماندا جیاوازە لەم کۆمەڵگەیەی ئێمە کە خۆی لە خۆیدا تاکی بەرپرسیار دروست ناکات.

٢-سۆشیال میدیا تاوەکو ئێستا نە بە یاسا، نە بە ئیتیك بە باشی ڕێکنەخراوە، کە لە بنەڕەتدا ئەم دوو بابەتە میدیا بەرپرس دەکەن.

٣-سۆشیال میدیا فەزایەکی یەکجار ئازادی ڕەهای بۆ تاك فەراهەم کردووە، بۆیە کە تاکیش ڕەها و ئازاد بوو، ئیتر چۆن مامەڵەی بەرپرسیارێتییانە دەکات ئەوە لە ئەستۆی خۆیەتی.

٤-سۆشیال میدیا شوێنێکە تاك دەتوانێت بە شاراوەیی و بە دەمامکەوە مامەڵەی تێدا بکات، تاوانیش بە شاراوەیی و دەمامکەوە ئاسانترە، لەبەر ئەوە ئاسانە بۆ ئەوەی هەرکەسێك دەوێت چۆن ڕەفتار بکات، بێ ئەوەی بناسرێتەوە.

٥-سۆشیال میدیا سزای تیدا نییە بۆ بەکارهێنەرەکانی، تەنیا هەندێك کۆدی جیهانی نەبێت کە پەیوەستە بە تیرۆر و تاوانەکانی دیکە کە لە جیهاندا ڕێگە پێ نەدراون، ئەویش تەنیا ئاگادارت دەکاتەوە، یان ئەگەر پۆستێکت،یان وێنەیەکت دابەزاند کە نزیك بوو لەو شتانە، ئەوا بۆ ماوەیەك ئەکاونتەکەت ڕادەگرێت.

٦-سۆشیال میدیا مەودای بەکارهێنانی فراوانترە، وەك: دانانی بابەتی نووسراو، ڤیدیۆ، وێنە، کۆمێنت و لایك، کردنەوەی پەیج، گرووپ و چاتی ناو گرووپەکان، کەواتە ئاسانە بۆ تاك ئەگەر بە تەنیا لە کۆمێنتیك، یان چاتێکی ناو گرووپەکان شتانێك بڵێت کە بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ نەگرێت.

دەرەنجامی ئەمانە:

١-تاکێك دروست دەبێت کە چۆن لە جیهانە گریمانییەکەی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نابەرپرسانە مامەڵە دەکات، ئاواش لە جیهانی واقیعی و ناو خێزان و شوێنی کار و کۆمەڵگەکەی خۆیدا نابەرپرسانە بجووڵێتەوە.

٢-ژیانی تایبەتیی هەموومان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەئاسانی دەتواندرێت لەسەر شتە تایبەتەکانی ژیانمان قسە بکرێت، بشێویندرێت، چەواشەکاری بکرێت، درۆ بکرێت، لە کاتێکدا لە یاسای جیهانیدا لەگەڵ باسی ئازادی ڕادەربڕیندا هاوکات باسی مافی تایبەتیش کراوە، کە دەبێت پارێزراو بێت.

٣-کۆمەڵگەیەکی نائارام، تا دەگاتە ئەوەی ئاسایشی نەتەوەیی، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی و کەسیمان لەبەردەم هەڕەشەدا بێت.

٤-ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵسوکەوت و فەزایەی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێتە هۆی دروستکردنی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگە و واقیعەکەدا، لە دەرهاویشتەی ئەو بابەتە نابەرپرسانەی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە یەکتر و حزب و ئایین و ژیانی یەکتری دەڵێن.

چارەسەر:

١-بیرکردنەوە لە ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ سۆشیال میدیا و بەرپرسکردنی بەکارهێنەرەکانی.

٢-پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی تاك بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەم جیهانە نوێیەی ڕاگەیاندندا.